گـەڕانەوە بۆ قـورئـان و سـوننەت
بـە تێگەیشتنـی پێشینـی ئـوممەت
﴿٨﴾

## چارەسەر بۆ :

# گەڕانەوەی حوکمی خـواو سەرکەوتنی مـوسڵمانـان

## لە نێوان
## سەرگەردانی ئەهلی بیـــدەع و
## کارلەجێـی ئەهلـی ســـوننەدا

﴿ وَعَدَ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مِنكُمۡ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ لَيَسۡتَخۡلِفَنَّهُمۡ فِي ﴾

نوسینی
د.کاوە ئەکرەم سەنگاوی

بسم الله الرحمن الرحيم

مافی چاپکردن و لەبەرگرتنەوەی پارێزراوە

بەرهەمەکانی
سایتی فیردەوس
www.firdews.com

چاپی یەکەم
١٤٣١ ك -٢٠١٠ ز
زنجیرەی
گەڕانەوە بۆ قورئان و سوننەت
بە تێگەیشتنی پێشینی ئوممەت
( ٨ )
ژمارەی سپاردن
( ٢٥٢٩ )

﴿ فَسَتَذۡكُرُونَ مَآ أَقُولُ لَكُمۡۚ ﴾
غافر: ٤٤

**ئــەو**
**ئامۆژگاريانەی**
**كــە چــەند ســـاڵ**
**بــەر لە ئێستا پێمان ووتــن**
**ئێستاش وە بيرتانی دێنينەوە**

﴿وَلَٰكِن لَّا تُحِبُّونَ ٱلنَّٰصِحِينَ ﴾
الأعراف: ٧٩

بەڕێز

# مامۆستا عبداللطیف

دەربارەی ئەم پەرتووکە دەفەرمووێ:

ئەم پەرتوكەی بەردەستت :

**چارەسەر بۆ گەڕانەوەی حوکمی خواو سەرکەوتنی موسوڵمانان لە نێوان سەرگەردانی ئەهلی بیدەع و کارلەجێیی ئەهلی سوننەدا.**

نوسینی برای بەڕێز دکتۆر: «کاوە ئەکرەم سەنگاوی» بە ڕاستی چارەسەری شەرعی بۆ ئەم کێشەیە باس کردووە بە گەڕانەوە بۆ دەقەکانی قورئان وسوننەت، وە دەری خستووەوە کە ڕێبازی ئەهلی سوننە تاکە چارەسەرە بۆ گەڕانەوەی حاکمیەتی خوا، بەڵام ڕێچکەکانی ئەهلی بیدەع زیاتر هۆکارن بۆ لاوازبونی حاکمیەتی خوا لە وڵاتدا، وە بەهیچ شێوەیەك ناتوانن حاکمیەتی خوا بگەڕێننەوە چونکە خۆشیان لە خۆیاندا حاکمیەتی خوایان بە تەواوی جێبەجێ نەکردووە.

خوا پاداشتی نوسەر بداتەوە و بەرەکەت بخاتە پەرتوکەکەیەوەو خوێنەران سودمەند بن لێی.

# خوێنەری بەڕێز...
# موسڵمانی حەق ویست

**بە ئینصاف ویژدانەوە ئەم كتێبە بخوێنەوە...**

**بە دڵێكی حەق ویستانەوە گوێ بۆ بەڵگەكانی بگرە...**

**پاشان تەقلیدی كوێرانەو دەمارگیری حزبی وەلانێ و بیر لە ئیمان و قیامەتی خۆت بكەرەوە...**

**ئینجا بەراوردێكی ئەم كتێبە بكەو سەیرێكی واقعیش بكە...**

**پاشان بزانە حەق بە كێ یەو چارەسەری شەرعی لەلای كێ یە . . .**

وتەی بە ڕێز
م.عبداللطيف أحمد مصطفى
هەلگری بڕوانامەی دکتورا
پێش نوێژ و وتار خوێنی مزگەوتی گەورەی چوارقوڕنە

## حاكمیەتی خوا
## واتای چی وچی دەگرێتەوە؟
## وە کێ ڕێگرە لە جێ بەجێ کردنی و بەرپاکردنی ؟
## وە کێ جێ بەجێی نەکردووە ؟

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ

✍ئەهلی سوننەت وجەماعەت ئەوانەی شوێن سەلەفی صالح کەوتوون و پێغەمبەر ﷺ، و هاوەڵان خوایان لێ ڕازی بێ، پێشەوایان بیروباوەڕیان وایە کە: حوکمی ڕەواو تەواو تەنها حوکمی خوایە وە هەر حوکمێکی تری مرۆڤ کەپێچەوانەی حوکمی خوا بێت ئەوە بێ باوەڕن پێی، وە بەرین لێی و بە حوکمی جاهیلیەتی دادەنێن.

✍بەڵگەش لەسەر ئەمە چەندان ئایەتی قورئانی پیرۆزە وەکو:

﴿إِنِ ٱلْحُكْمُ إِلَّا لِلَّهِ ۚ أَمَرَ أَلَّا تَعْبُدُوٓا۟ إِلَّآ إِيَّاهُ ۚ ذَٰلِكَ ٱلدِّينُ ٱلْقَيِّمُ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٤٠﴾﴾(يوسف: ٣٧-٤٠).

واتە: « حوکمی حەق و دادپەروەری تەنها حوکمی خوایە و هەر ئەو شیاوی ئەو کارەی هەیەو مافی ئەوەی هەیە، بۆیە فەرمانی کردووە کە جگە لەو نەپەرستین، وەشەرع و دین و حەلاڵ و حەرام وەرنەگرین تەنها لەوەوە نەبێ .

کەوابوو پەرستنی خـودا بـە تـەنها و دوور لـە شـیرك دیـن داری و بەندایـەتی یـەکی ڕاسـتە کـە لەگـەڵ سروشـتی ئینـساندا بگـونجێ و لەگـەڵ فیترەتیـدا پێکاوپێـك و کوك وتەبابێ، بـەلاَم بەداخـەوە زۆربـەی خـەڵکی ئاوەهـا بەندایـەتی بـۆ خـوا ناکـەن کە تەنها خودا بە پەرستراو دابنێن چونکە نەزانن».

﴿ أَفَحُكْمَ ٱلْجَٰهِلِيَّةِ يَبْغُونَ ۚ وَمَنْ أَحْسَنُ مِنَ ٱللَّهِ حُكْمًا لِّقَوْمٍ يُوقِنُونَ ﴿٥٠﴾ ﴾ (المائـــــــــــــــدة: ٥٠).

واتـــە: « ئایـــا حـــوکمی جاهیلیـــەتیان دەوێ؟! بـــۆ کـــێ هەیـــە حـــوکمی لـــە حوکمی خوا باشتر بێ؟! کێ فەرمانی لە فەرمانی خوا حەق ترە ؟!».

✍ وە باوەڕمـــان وایـــە کـــە خـــوای گـــەورە هـــەروەکو چـــۆن ئێمـــە و هـــەموو بونەوەریـــشی دروســـت کـــردووە، زۆر بـــەجوانی و تـــەواوی بـــە هـــەمان شـــێوەش بەرنامەو شەریعەت وحوکمی بۆ داناوین زۆر بەجوانی و تەواوی:

﴿أَلَا لَهُ ٱلْخَلْقُ وَٱلْأَمْرُ ﴾ (الأعراف: ٥٤).

واتـــە: « ئاگـــاداربن دروســـت بـــونی مـــەخلوقات و بـــەدیهاتنیان تـــەنها لەلایـــەن خـــوداوە ڕێـــك خـــراوە و بـــەدیهێنراوە ، بەهـــەمان شـــێواز بەرنامـــەی ژیـــان و حـــەلاَڵ و حەرامیشیان هەر لە لایەن خوداوە بۆ دیاری دەکرێ و بۆیان دەنێررێ ».

✍وە هـــەروەکو چـــۆن دروســـت کردنـــی خـــوا تـــەواوترین و باشـــترین دروســـت کردنە، بە هەمان شێوەش شەریعەت و حوکمەکەشی باشترین حوکمە.

✍وە هـــەروەکو کـــەس ناتوانێـــت زەویـــەکی باشـــتر یـــان وەکـــو زەوی خـــوا یـــان ئاسمان و ئاو و هەواو مـــرۆڤ و گیـــان لەبـــەرانی وەکـــو دروســـت کراوانـــی خـــوا دروســـت بکـــات و دابهێنێـــت بـــە هـــەمان شـــێوەش نـــاتوانن حـــوکم و شـــەریعەت و بەرنامەیەکی تری وەکو بەرنامەی خوا دابهێنن.

✍ وە هەروەها ئەگەر بێت و ئەندامێکی لاشەی مرۆڤ نەخۆش بکەوێت، ئەوە هەولّی پزیشکەکان تەنها ئەوەیە چاکی بکەنەوە و بیگەڕێننەوە سەر ئەو دۆخەی جارانی کە خوا بۆی دانابوو، نەك خۆیان بتوانن ئەندامەکە بگۆڕن و دانەیەکی دەست کردی بۆ دابنێن، کەوەکو ئەوەی خۆی وابێت کە خوا بۆی دانابوو" بە هەمان شێوەش کە موسلّمان لە هەر بڕگەیەکی ئەم شەریعەت و حوکمەی خوا لا بدات ئەوە ژیانی ناخۆش دەبێت، و چارەسەریەکەشی بەوە دەبێت کە بگەڕێتەوە سەر شەریعەتەکەی خوا.

بۆ نمونە: ئەگەر کەسێك گورچیلەی پەکی کەوتبێت ئەوە پزیشکەکان هەولّی ئەوە دەدەن گورچیلەیەکی تری بۆ بهێنن کە خوا دروستی کردووە، نەك خۆیان بتوانن گورچیلەیەکی بۆ دروست بکەن. بە هەمان شێوەش گەر موسلّمان لەهەر بەشێکی حوکم و شەریعەتی خوا لا بدات ئەوە ژیانی تالّ دەبێت و ژیانی تەنگ دەبێت و ناخۆش دەبێت:

﴿ فَإِمَّا يَأْتِيَنَّكُم مِّنِّي هُدًى فَمَنِ اتَّبَعَ هُدَايَ فَلَا يَضِلُّ وَلَا يَشْقَىٰ ﴿١٢٣﴾ وَمَنْ أَعْرَضَ عَن ذِكْرِي فَإِنَّ لَهُ مَعِيشَةً ضَنكًا وَنَحْشُرُهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ أَعْمَىٰ ﴿١٢٤﴾ ﴾.(طه: ١٢٣- ١٢٤) .

واتە: « ئەوەی پەیڕەوی لەڕێنمای من بکات و ئەو عیبادەتەی کەبۆی دروست بووە جێ بەجێ کات ئەوا نە لەدونیا گومڕا ئەبێ و سەرگەردان ئەبێ، وە نەلە قیامەتش دوچاری بەدبەختی و سزا ئەبێ.

وەهەرکەسیش لەو ڕێنمایی و بەرنامەی من ڕوو وەرگێرێ وئەو عیبادەتەی کە بۆی دروست بووە وازی لێ بهێنێ ، ئەوە لە دونیادا بەچارەڕەشی و تالّ ژینی ژیان بەسەر دەبات ، وەلە قیامەتیش سزاو ئازاری بەئێش چاوەڕێ ی دەکات و بە کوێری خودا حەشری دەکات ».

گەر مەشروب خـوّر بێـت، یـان دز بێـت، یـان بـەد ڕەوشـت بێـت یـان درۆزن و دوو زمان بێـت ئـەوە خۆشـی لـە خـۆی ناکـات تـاوەکو تۆبـە نـەکات و نەگەڕێتـەوە سەر شەریعەتەکەی خوا.

وە بە حوکمی دانـراوی مـرۆڤ ئیـسراحەت ناکـات، کـە بۆنمونـە بگیرێـت و بەنـد بکرێت" بەڵکو بەمە زیاتر لە تاوانەکەی ڕۆ دەچێت و خەراپتر دەبێت.

کەواتـە هـەروەکو چـۆن دروسـتکردنی خـوا بـە چـاکترین دروسـکراو دادەنـێین، بـە هـەمان شـێوە حـوکم و شەریعەتەکەشـی بـە باشـترین و تاکـە شـەریعەتی ڕەوا دابنێین.

بەڵام ئایا حوکم و شەرعی خـوا تـەنها ئـەو بڕیارانـە دەگرێتـەوە کـە لـە بـەڕێوە بردنـی وڵاتـدا پێویـستە پیـادە بکـرێن؟ یـان حـوکمی خـوا گـشتی تـرە و هـەموو بوارەکانی ژیانی تاك و کۆمەڵی مرۆڤ دەگرێتەوە؟ بێگومان دووەمیانە.

بەو مانایە کەپێویـستە مـرۆڤ بـە حـوکمی خـوا ڕازی بێـت و بـە گـوێرەی توانـا جێ بەجێی بکات، وە سەرەتا لە خۆیەوە دەست پێ بکات ئەوجا دەوروبەری.

پێویـستە هـەر یـەکێك لـە ئێمـە حاکمیـەتی خـوای قـەبووڵ بێـت لەنەفـسی خۆیـدا، بـەو مانایـە کـە ژیـانی بـە گـوێرەی قورئـان و سـوننەت بێـت، و هـەواو ئارەزوو ڕاو بۆچونی خۆی نەخاتە پێش قورئان و سوننەت لە هیچ بوارێکدا.

نە لە بـواری عەقیـدە و بیروبـاوەڕ وە نـە لـە بـواری عیبـادەت وخواپەرسـتی، وە نە لە بواری مامەڵەو موعامەلات وە نە لە بواری بانگەوازی و .....هتد.

بـەڵام دەبیـنین و دەبیـستین لـەم لاو لـەولا کەسـانێك بـەناو ئیـسلامیەوە داوادەکـەن حاکمیـەتی خـوا بگەڕێتـەوە لـە فـەرمانڕەوای و دەسـەڵات و پەرلەمانـدا، لـە بڕینـی دەسـتی دزو ڕەجـم کردنـی زیناکـارو هاوشـێوەی ئـەم

حوكمانه، بـەڵام داوا ناكـەن حاكمیـەتی خـوا بگەڕێتـەوە لـە گـرنگترین بـواردا كـە بـواری بیروبـاوەڕە، بـۆ نمونـە داوا ناكـەن و هـەوڵ نـادەن خـەڵكی حاكمیـەتی خـوا قەبووڵ بكات لە تەوحیـددا، بانگـەوازی و هـەوڵیان ناخەنـە گـەڕ بـۆ ئـەوە خـەڵكی تەنها هاوار بكەنـە (ﷲ) و تـەنها پـەنا بـەو بگـرن و حـەیوان هـەر بـۆ ئـەو سـەر بــبڕن و ئیعتیقادیــان تــەنها بــەو بێــت و پێغەمبــەران و پیــاو چــاكان نەكەنــە شەریكی خوا لەهیچ پەرستنێكدا.

به خەڵكی نـاڵێن كـە شـەخس پەرسـتی پێـشێل كردنـی حاكمیـەتی خوایـە لـە گـرنگترین بـواردا، وە پێیـان نـاڵێن بیدعـە پێـشێل كردنـی حاكمیـەتی خوایـە لـە شـوێن كـەوتنی پێغەمبــەردا (ﷺ)، بــە خــەڵكی نــاڵێن حاكمیــەتی خــوا وا دەخـوازێ بـەس ئیعتیقادتـان بـە خـوا بێـت و هیـچی تـر، ئیعتیقادتـان بـە دارو بەردو گڵ و خۆڵ و پەڕۆوپاڵی سەرگۆڕی پیاوچاكان نەبێت.

وە پـێ یـان نـاڵێن تـەنها شـوێن سـوننەتی پێغەمبـەر ﷺ بكـەون ئەوەیـە حاكمیــەتی خــوا وە واز بهێــنن لــەو هــەموو بیدعەیــەی لــە ناویانــدا هەیــە وەك ئاهــەنگ گێڕانــی مــەولود و ســەری ســاڵ و تــەلقین و (إســقاط الــصلاة) و مــارە بەجاش و حیزبایەتی و تەفرەقەو شمشێر لەخۆدان و .......

وا دەزانــن حاكمیــەتی خــوا تــەنها ئەوەیــە ئــەوان ســەرۆكایەتی دەوڵــەت بگرنــە دەست و ململانێ لەسەر ئەوە بكەن!!!!

بۆیــە لەبــەر ئــەم بۆچــونە كورتــە تەســكەیانە بــۆ حاكمیــەت ئاگایــان لــە حاكمیەتی خوا نەماوە لە خۆیانـداو لـە نـاو كۆمـەڵگاش. تێیاندایـە هـاوار دەكاتـە غـەیری خـوا وە بەسـەدان بیدعـە دەكـات و دژایـەتی ئـەهلی تەوحیـدو سـوننەت دەكات، وە هیچ لەمەش بەپێشێل كردنی حاكمیەتی خوا نازانن.

هەروەكو لە شەوی (پێنج شەممە، ٢٨/شەووالی/١٤٣١هـ، تەلەفزیۆنی پەیام)ی کۆمەڵی ئیسلامی، مەلایەکی شەخس پەرستی بیدعەچی هێنا بۆ سەرشاشەکەی بۆ قسەوتن بە ئێمەی بانگەواز خوازانی تەوحید و سوننەت، وە هەروەها بۆ دژایەتی کردنی بانگەوازی تەوحیدو سوننەت و بەرگری کردن لە شەخس پەرستی و بیدعە. کەواتە نایانەوێت حاکمیەتی خوا لە تەوحیدو شوێن کەوتنی سوننەت دا بگەڕێتەوە بەڵکو دژایەتیشی دەکەن بەراگەیاندن، وەکو ئەم مەلایە نمونەیەکی دیارو ئاشکرابوو لەسەر ئەو پێشێل کردنە بۆ حاکمیەتی خوا، زۆر لە ئیسلامیەکان لێمان ناگەڕێن حاکمیەتی خوا لە مزگەوتەکان و ماڵەکاندا بگەڕێنینەوە، ئێمە لە لایەك بانگەوازی تەوحید و ئیتتباع دەکەین ئەوانیش بیدعە زیندو دەکەنەوە و کەسانی شەخس پەرست و بیدعەچی دەخەنە سەر شاشەکانیان بۆ هەڵوەشاندنەوەی بانگەوازیەکەی ئێمە!!

دە لێمان گەڕێن با ئێمە مزگەوتەکان پاك کەینەوە، لە بیدعە و دیاردەکانی هاوبەش بۆ خوا دانان، ئەگەر ڕاست دەکەن ئێوەش پەرلەمان پاك بکەنەوە لە یاساکانی پێچەوانەی شەرعی خوا .

ئێمە لامان وایە تاوەکو مزگەوتەکان وماڵەکان وخۆمان حاکمیەتی خوای تێدا جێ بەجێ نەکرێت ئەوە حوکمی خواش لەپەرلەمان و حوکمڕانیدا جێبەجێ ناکرێت، بەڵام ئێوە حاکمیەتی خواتان لە بیر نیە، یان بەلاوە گرنگ لە نەفسی خۆتان و ماڵەکان و مزگەوتەکان، تەنها وا دەزانن حاکمیەت واتە: دەسەڵات !!

کـوا حاکمیــەتی خــوا لــەجل و بــەرگ و ئاکارتــان، کــوا ڕیــشتان، کــوا بۆچــی شەڕواڵەکانتان لە زەوی دەخشێت ؟؟!!

بۆچی ئافرەتانتــان وا ڕاهێنــاوە کــە جلــی تەسـك و بــێ عــەبا لــە بــەر بکــەن و بۆچـــی ژن و پیاوتـــان تێکـــەڵ دەکـــەن، ئـــافرەتی جـــوان و ڕازاوە دەخەنـــە ســـەر شاشەکانتان بگرە هەندێ جار بە سەر و سنگی ڕوتیش !!

ئایــا ئەمەیــە حاکمیــەتی خــوا، یــان گــۆرانی و مۆســیقایەکەتان حاکمیــەتی خوایــە؟؟ ئێــوە بەلاتانــەوە ئاســاییە کــە مزگەوتــەکان پڕیــەتی لــە بیدعــە، مــەلای واتـــان لەگەڵـــە کـــە لـــە مینبـــەری پێغەمبـــەردا (ﷺ)، دژایـــەتی تەوحیـــدو ســـوننەت دەکـــات، گـــرنگ لای ئێـــوە ئەوەیـــە ئـــەو مەلایـــە دژی دەســـەڵات بێـــت وقـــسەیان پـــێ بڵێـــت هـــەر چـــەندە هـــاواریش بکاتـــە غـــەیری خـــواو بانگەشـــەی بیدعـــەش بکـــات!! ئێمـــە گوناهبـــار نـــابین کـــە دەســـەڵاتی گـــۆڕینی یاســـای بـــێ شەرعی مـــان نـــەبێت، چـــونکە ئێمـــە لـــە پەرلەمانـــدا نـــین و بەشـــداری حـــوکمڕانیش نـــین، بـــەڵام ئێـــوە تاوانبـــارن چـــونکە ئێـــوە لەگـــەڵ یـــان بەشـــدارن لـــە بڕیارەکـــانی پەرلەمان و سەروەختێکیش لە حوکمڕانیشدا.

پێغەمبەری خوا (ﷺ)، کــە لــە مەککــە بــوو حــوکمڕانی بــە گــوێرەی حــوکمی خـــوا نـــەبوو، وە بەمـــەش ئـــەو تاوانبـــار نـــە دەبـــوو بـــەڵام لـــە بانگـــەوازی تەوحیـــد نەدەوەســـتا و لـــە خـــۆیی و موســـڵماناندا حـــوکمی خـوا پـــەیڕەو دەکـــراو خوایـــان بـــە تـــەنها دەپەرســـت، وە نەدەچـــون لەگـــەڵ فـــەرمانڕەوایانی قـــوڕەیش یاســـا دابنـــێن بـــۆ بەڕێوەبردنی شاری مەککـەو دەوروبـەری !! بـە هـەمان شـێوەش ئێمـە کـەم تەرخـەم و تاوانبــار نــین (إن شــاء الله) بــەهۆی هــەر بڕیــارو یاســایەکی بــێ شــەرعی کــە لەپەرلەمان بـدرێت، بـەڵام ئێـوە بەشـدارن! ئێمـەی سـەلەفی لـە هـەر مزگـەوتێك

بین ئەوە بەرهەممان بووە و بە فەزڵی خوا توانیومانە حاکمیەتی خوا لەم شوێنەدا بەرپا بکەین و دیاردەکانی شیرك و بیدعەمان تێدا نەهێشتووە یان کەممان کردۆتەوە، هەروەکو چۆن پێغەمبەری خوا (ﷺ)، کە چوو بۆ مەدینە یەکەم کاری دروست کردنی مزگەوت بوو وە لەوێدا حاکمیەتی خوای بلاوکردەوە" بەلام ئێوە و مەلاکانیشتان هیچ گرنگی بە حاکمیەتی خوا نادەن لەمزگەوتەکانتاندا، بەڵکو خۆیان بیدعە دەکەن و ڕیش دەتاشن و ئینکاری لە شیرك و هاواری غەیری خوا ناکەن بەڵکو هەوڵی سەرەکی بۆ ئەوەیە کە خەڵکی دەنگ بە یەکێتی وپارتی نەدەن بەڵکو بۆ حیزبەکەی ئێوەی بدەن !!. ئێمە وەکو پێغەمبەری خوا ﷺ، دەمانەوێت حاکمیەتی خوا بەرپا بکەین لە هەردو حاڵەت دا:

**حاڵەتی مەککە**: گرنگی بە حاکمیەتی خوا دەدا، لە تەنها خوا پەرستی و دەیوت: «قولوا لا إله إلا الله، تفلحوا» هەر چەندە کە حوکمڕانیش بە دەست ئەو نەبوو، ئەو هەر بانگەوازی تەوحیدی دەکردو ململانێی لەگەڵ سەرانی قوڕەیش لەسەر فەرمانڕەوای و سەرکردەیەتی نەبوو بەڵکو لەسەر« لا إله إلا الله » بوو دەیفەرموو:

﴿يَٰقَوۡمِ ٱعۡبُدُواْ ٱللَّهَ مَا لَكُم مِّنۡ إِلَٰهٍ غَيۡرُهُۥٓ﴾.

وە ئەوانیش دەیان گوت: ﴿أَجَعَلَ ٱلۡأٓلِهَةَ إِلَٰهٗا وَٰحِدًاۖ إِنَّ هَٰذَا لَشَيۡءٌ عُجَابٞ ۝٥﴾ (ص: ٥)

وە کاتێکیش کە حوکمڕانی دەسکەوت لەشاری مەدینە ڕاستەوخۆ مزگەوتی دروست کردو تیایدا حاکمیەتی خوای بلاوکردەوە و وردە وردە

حوكمەكانی تریش دابەزین سەبارەت بە بڕینی دەستی دزو و ڕەجم كردنی پیاو و ژنی زیناكار ......هتد.

بەلاّم زۆر لە ئیسلامیەكان دەعوەی پێغەمبەرانیان بەلاوە زۆر گرنگ نییە و دەڵێن با بەس بێت خۆ خەریك كردن بە (شركی قبور)، چونكە شیركی ئەمڕۆ (شركی قصورە). نەك: (شیركی قبور). وە لە ڕاستیشدا نە شیركی قبور یان لادا وە نە شیركی قصور.

ئێمەی سەلەفی بەلامان وایە گەورەترین حاكمیەتی خوا بریتی یە لە تەوحیدو تەنها خوا پەرستی.

﴿إِنِ ٱلۡحُكۡمُ إِلَّا لِلَّهِۚ أَمَرَ أَلَّا تَعۡبُدُوٓاْ إِلَّآ إِيَّاهُۚ ذَٰلِكَ ٱلدِّينُ ٱلۡقَيِّمُ وَلَٰكِنَّ أَكۡثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعۡلَمُونَ ٤٠﴾(یوسف: ٣٧-٤٠).

بەلاّم ئێوە وا دەزانن حاكمیەتی خوا تەنها دەسەلاّت وەرگرتنە، ئێمە پێمان وایە تاوەكو لە خۆماندا ڕازی نەبین بە حاكمیەتی خواو گەڕانەوە بۆ قورئان و سوننەت لەهەموو كێشەكاندا، وە تاوەكو لە مزگەوتەكانەوە حاكمیەتی خوا جێ بەجێ نەكرێت ئەوە حاكمیەتی خواش لە پەرلەماندا جێ بەجێ ناكرێت!! وە تاوەكو خەڵكی تەنها خوا نەپەرستن و تەنها شوێن پێغەمبەری خوا (ﷺ)، نەكەون ئەوا ناشتوانن دەستی دز ببڕن و حوكمڕانی بە قورئان و سوننەت بكەن.

وە سوێند بە خوا گەر بێت و ئیسلامیەكان بە حیزب و مەلاكانەوە ڕێگری بانگەوازی سەلەفیەكان نەبن ئەوا حاكمیەتی خوا لە ناو كۆمەڵگا بەرپا دەبێت (إن شاءالله)، وە ولاّت ئاسودەو خۆشحاڵ دەبێت، بەلاّم بە داخەوە ڕێگرانی حاكمیەتی خوا زۆرن، زۆریشیان بە ناوی دینەوە دژایەتیمان دەكەن و ڕێگر

دەبن لە گەڕانـەوەی حاکمیـەتی خـوا لـە گـرنگترین بـواردا کـە تەوحیـدو سـوننەتە. وە لـە هـەمان کاتیـشدا قـسەی گـەورە و شـیعاری زەق بـەرز دەکەنـەوە کـە گوایـە هەوڵی بەرپاکردنی حاکمیەتی خوا دەدەن!!..

بەڕاستی سـەیرە زۆر لـە ئیـسلامیەکان خۆیـان حـوکمی خـوا لـە خۆیانـدا جـێ بـەجێ ناکـەن" کەچـی داوا لەعەلمانیـەکان دەکـەن بەتـەواوی حاکمیـەتی خـوا جـێ بەجێ بکەن !! خۆتـان لـە چـەندەها ناکۆکیـدا ڕازی نـابن بگەڕێنـەوە لای قورئـان و سـوننەت، کەچـی داوا لـە کەسـانێکی نـا ئیـسلامی دەکـەن بگەڕێنـەوە بـۆ حاکمیەتی خوا!!

و ﷲ تـاوەکو ماڵـەکانمان و مزگەوتـەکانمان وکۆمەڵگاکـەمان حاکمیـەتی خـوا قـەبووڵ نەکـەن، ئـەوە کاربەدەسـتانیش بـە تـەواوی قـەبووڵی ناکـەن، چـونکە خـەڵکی چۆن بن کاربەدەستانیشیان ئاوا دەبن .

«کیفما تکونوا یولي علیکم أو یؤمر علیکم».

واتـە: «خۆتـان چـۆن بـن، کەسـانی هاوشـێوەی کـردارو ڕەفتـاری خۆتـان دەبـن بـە حاکمو فەرمان ڕەواتان».

وە خوای پەروەردگار فەرمویەتی:

﴿وَكَذَلِكَ نُوَلِّي بَعْضَ الظَّالِمِينَ بَعْضًا بِمَا كَانُوا يَكْسِبُونَ﴾الأنعام : ١٢٩

وە خـراپ بـونی خـەڵکی بـە گـشتی و پێـشەوایانی ئـایینی و نەگەڕانـەوەیان بـۆ لای حـوکمی قورئـان وسـوننەت گـەورەترین هۆکـاری خـراپ بـونی کاربەدەسـتان ونەگەڕانەوەیانـە بـۆ حاکمیـەتی خـوا، وە دەگێڕنـەوە کـە یـەکێك لـە خولـەفای بـەنی ئومەییـە خـەلکی گلـەییان لێـی هـەبوو وە پێـی ڕازی نـەبوون ئـەویش خـەڵکی کـۆکردەوەو پێـی وتـن ئێـوە دەتانـەوێت مـن وەك ئەبوبـەکرو عومـەر وابم وتیـان

بـەڵێ، وتـی کـەی ئێـوە وەکـو خـەڵکانی سـەردەمی ئـەو دوو پیـاوە وابـون ئـەوە منـیش وەکو ئەوان دەبم!.

وە حەسـەنی بەصـری گـوێی لـە پیاوێـك بـوو دوعـای لـە حـەجاجی زاڵـم دەکـرد، ئەویش وتی:

«لا تفعل إنكم من أنفسكم أتيتم، إنا نخاف إن عزل الحجـاج أو مـات أن يـستولي عليكم القردة والخنـازير، فقـد روي أن أعمـالكم عمـالكم، وكمـا تكونـون يـولى عليكم، وأنشد بعضهم:

بذنوبنا دامت بليتنا          واللَّه يكشفها إذا تبنا

وفي المأثور من الدعوات: اللَّهم لا تسلط علينا بذنوبنا من لا يرحمنا»

وە لە کۆتاییدا ئەم پەرتوکەی بەردەستت :

## چارەسەر بۆ
## گەڕانـەوی حـوکمی خـواو
## سـەرکەوتنـی موسوڵمانان
## لە نێوان
## سـەرگەردانی ئەهلـی بیدەع و
## کارلەجێیی ئەهلـی سوننەدا

نوسـینی بـرای بـەڕێز دکتـۆر: «**کـاوە ئـەکرەم سـەنگاوی**» بـە ڕاسـتی چارەسـەری شـەرعی بـۆ ئـەم کێـشەیە بـاس کـردووە بـە گەڕانـەوە بـۆ دەقـەکانی قورئـان وسـوننەت وە دەری خـستووە کـە ڕێبـازی ئـەهلی سـوننە تاکـە چارەسـەرە بـۆ گەڕانـەوەی حاکمیـەتی خـوا بـەڵام ڕێـچکەکانی ئـەهلی بیـدەع زیـاتر هۆکـارن بـۆ

لاوازبـونی حاکمیـەتی خـوا لـە ولآتـدا وە بـەهیچ شـێوەیەك نـاتوانن حاکمیـەتی خـوا بگەڕێننـەوە چـونکە خۆشـیان لـە خۆیانـدا حاکمیـەتی خوایـان بـە تـەواوی جێبـەجێ نەکردووە.

خــوا پاداشــتی نوســەر بداتــەوە و بەکــەت بخاتــە پەرتوکەکەیــەوەو خوێنــەران سودمەند بن لێی.

وآخر دعوانا أن الحمد لله رب العالمين وصلى الله وسلم على محمد وآله أجمعين

**نوسینی**

## د.عبداللطیف أحمد مصطفی

**پێش نوێژ و وتـار خوێنی مزگەوتی گەورەی چوارقوڕنە**
**وە خاوەنی ئیمتیازو سەرنوسەری گۆڤاری «ڕێگای ڕاست»**

## وتەی سایتی فیردەوس
www.firdews.com

خوێنـەری بـەڕێزی ئـەم کتێبـەی بەردەسـتت یەکێکـە لـە بەرهەمـەکانی سـایتی فـیردەوس، کـە بـاس لـە یـەکێك لـە کێـشەکانی ئـەم سـەردەمە ئـەکاتو کـە بۆتـە خـاڵی جیاکـاریو نیـشانەو دروشمـی یەکلاکـەرەوە لـە نێـوان **هـەڵگرانی بـانگـەوازی ئـەهلی سـوننە و، شـوێنکەوتوانی ڕێگـاو ڕێـچەکەی ئـەهلی بیـدەعو حزبیـەکان** ، کـە ئـەویش بریتیـە لـە چـۆنیەتی گەڕانـەوەی حـوکمی خـوداو سـەرکەوتنی موسـڵمانانو نەهێـشتنی زەلیلـی لەسـەر موسـڵمانانو لابردنـی دەسـەڵاتو حـوکمی جاهیلیەتو تاغوتگەرایی.

پوختەی کتێبەکەش لەم چەند خاڵەدا کۆدەبێتەوە:

**یەکـەم:** ئـەهلی سـوننە باوەڕیـان وایـە کـە «**گـەورەترین حـوکمی خـودا**» کـە پێویـستە تـاك تـاکی موسـڵمانان خۆیـان لـە نـاو خۆیانـدا پێـوەی پابەنـدبن بریتیەلـە: تاکردنـەوەی خـودا لـە پەرسـتنداو تاکردنـەوەی پێغەمبـەرﷺ لـە شـوێنکەوتندا «**تەوحیـدو ئیتبـاع**». بۆیـە دەعـوەو بانگەوازیـشیان بـە جۆرێـك لـەو دوو خاڵـە دا کۆبۆتـەوە کـە تەوحیـدو ئیتیبـاع بۆتـە چـەقو مەرکـەزێك کـە هـەموو بانگەوازەکـەیان بە دەوریدا دەسوڕێتەوە ...

بـەڵام ئـەهلی بیـدەعو حزبیـەکان گـەورەترین هـەدەفو ئامانجیـان کـە حـوکمی خودایـان تێـدا قەتیـسکردووە بریتیـە لـە کێشمەکێـشمو زۆرانبـازیو شـەڕەپەڕۆ لەسـەر چـەند کورسـیەکی نـاو پەرلـەمان، بۆیـە دەعـوەو بانگەوازیـشیان تـەنها بـۆ

ئەوەیە کە زۆرترین خەڵك لە دەوری خۆیان گردەوە بکەن، بۆ ئەوەی بە زۆرینەی دەنگی خەڵکی زۆرترین کورسی دەستەکەوێو لە زۆرانبازیەکەدا پشکی زۆرتری بەرکەوێ !! ئیتر ئەو خەڵکەی دەوروبەریان عەقیدەی چی یەو دینداری چۆنە لەلای ئەوان گرنگ نی یە !! گرنگ ئەوەیە زۆرینەی لە دەوربێ !! بۆیە لە خەمی ئەوەدانین کە لەسەر «**تەوحید**»و «**ئیتیباع**» خەڵکی پەروەردە بکەن !! تەنانەت زۆرێك لە حەرامەکانیان حەڵاڵ کردووە بۆ مەصڵەحەتی حزبیو ڕازی کردنی دڵی خەڵکی !! دین بەو شێوەیەوە لێکدەدەنەوە کە مەصڵەحەتی خویانی تێدا بێو دڵی خەڵکی ڕازی بکات !! نەك هەوڵبدەن بۆ ئەوەی کە دین وەکو خۆی بە خەڵکی بگەیەنن!! واتە دین دەبەنە ئاستی مەصڵەحەتی خۆیانو حەزی خەڵکی، نەك هەوڵبدەن خۆیانو خەڵکی ببەنە ئاستی دین..

**خاڵی دووەم:** ئەهلی سوننە باوەڕیان وایە کە سەرەکیترین هۆکار بۆ سەرکەوتنی موسڵمانان بەسەر بێ باوەڕاندا بریتیە لە: تاکردنەوەی خودا لە پەرستنداو تاکردنەوەی پێغەمبەرﷺ لە شوێنکەوتندا «**تەوحیدو ئیتباع**».

بەڵام ئەهلی بیدعەو حزبیەکان باوەڕیان وایە کە سەرەکیترین هۆکار بۆ سەرکەوتن بریتیە لە بوونی زۆرترین خەڵك لە دەوروبەری، ئیتر ئەو زۆرینەی دەوروبەری عەقیدەی چییەو دینداری چۆنە گرنگ نییە، چونکە مادام لەگەڵ حزب بێ بە هەر شێوەیەك دینداری بکەن کێشە نی یە، چونکە ئازادی خۆیان پیادە دەکات...

**سێیەم:** ئەهلی سوننە باوەڕیان وایە کە «**شیرکو بیدعە**» گەورەترین هۆکارە کە موسڵمانانی توشی زەلیلی کردووەو لە دەسەڵاتو حوکمڕانی بێ بەشی کردوون، بۆیە «**شیرکو بیدعە**» بە دەردو نەخۆشی دەزانن لە ناو

موسـڵمانانـدا، هــەر بۆیــە هەوڵــدەدەن‌و بانگــەواز دەکــەن بــۆ بنــەبڕکردنی‌و لــە ڕیشەدەرهێنانی «**شیرک‌و بیدعە**».

بـەلاّم ئـەهلی بیـدەع‌و حزبیـەکان بنـەبڕکردنی«**شـیرک**» بـە کێـشەی سـەرەکی نـازانن، بۆیـە نـەك هـەر «**شـیرک**» لـە نـاو ئەنـدام‌و لایەنگرەکانیانـدا هەیـە، بـەڵکو پێشەواکانیـشیان هـاوارکردن بـە شـێخ‌و مەشـایەخ بـە دیـن دەزانـن، هـەروەها«**بیدعـە**»ش لـە بیروبـاوەڕی ئـەهلی بیـدەع‌و حزبیەکانـدا یەکێکـە لـە چارەسـەرەکان بـۆ گەڕانـەوەی حـوکمی خـوا، بـۆ نمونـە دەیانـەوێ بـە بیدعـەی مـەولود تیماری جەستەی برینداری ئەو ئوممەتە بکەن..

**چـوارەم:** ئـەهلی سـوننە باوەڕیـان وایـە کـە «**شـێوازی دینـداری‌و پـەیڕەوکردنی**» دەبـێ کتومـەت وەکـو دینـداری پێغەمبـەرﷺ‌و صـەحابەبێ، کـە سەرچـاوەی وەرگـرتنی«قورئان‌وسـوننەت»ەو، مەرجـەعی لێکدانەوەیـشی تەفـسیری صـەحابەیە، کـە ئەمـەش هۆکـارێکی ڕەسـەن‌و پتـەوە بـۆ ئـەوەی خـودا سەرکەوتن بکات بە خەلاّت بۆ موسڵمانان..

بـەلاّم ئـەهلی بیـدەع‌و حزبیـەکان«**شـێوازی دینـداری‌و پـەیڕەوکردنیان بـۆ دیـن**» ئەوەیـە کـە لـە تەلەفزیۆنـەکان‌و ڕاگەیاندنەکانیانـدا دەبینـرێ‌و دەبیـسترێ، ئیتر بزانە کتومەت وەکو دینداری پێغەمبەرﷺ‌و صەحابەیە !!!

**چـوارەم:** ئـەهلی سـوننە باوەڕیـان وایـە کـە «**تەفرەقـەو فرەحزبـی‌و پارچـە پارچـەیەتی لـە نـاو موسـڵمانان**»دا دەردو نەخۆشـییەو بـەلاّو نەگبەتییـە کەوتۆتـە نـاو جەسـتەی موسـڵمانان، ئەوەشـە بوّتـە هۆکـاری زەلیلـی‌و نـەمانی سـەرکەوتن، بۆیـە هـەوڵ‌و بانگـەوازیان بـۆ نەهێـشتنی ئـەو فرەحزبیەیـە کـە بـەناوی ئیـسلامەوەو لە ناو موسڵماناندا بلاّو بوّتەوە..

بەلاّم ئەهلی بیدەع‌و حزبیەکان باوەڕیان وایە کە «**تەفرەقەو فرەحزبی‌و پارچە پارچەیەتی لە ناو موسڵمانان**»دا چارەسەرو عیلاجە بۆ تیماری دەرد و نەخۆشی ئەو ئومەتە، **بۆیە موسڵمانیان کردووە بە چەندین حزب‌و لایەنی جیاواز، کە هەر یەکەیان ئەمیرو پێشەواو ئالاّو مەنهەج‌و پرۆگرام‌و پێناس‌و سەرەتای دروستبوون‌و دامەزرێنەری خۆی هەیە** ...

بۆیە کتێبەکەمان ناونا: **چارەسەر بۆ گەڕانەوەی حوکمی خوداو سەرکەوتنی موسڵمانان لە نێوان سەرگەردانی ئەهلی بیدەع‌و کارلەجێی ئەهلی سوننە.**

**خوێنەری بەڕێز:** تۆش بە ئینصاف ویژدانەوە ئەم کتێبە بخوێنەوەو بە دڵێکی حەق ویستانەوە گوێ بۆ بەڵگەکانی بگرە، پاشان تەقلیدی کوێرانەو دەمارگیری حزبی وەلانێ‌و بیر لە ئیمان‌و قیامەتی خۆت بکەرەوەو بەراوردێکی ئەم کتێبە بکەو سەیرێکی واقع بکە، ئینجا بزانە حەق بە کێ یە .

**سایتی فیردەوس**

**بەڕێوەبەری گشتی سایت**

**د. کاوە ئەکرەم سەنگاوی**

**کەلار/ ناحیەی پێباز/ نەخۆشخانەی گشتی/ خانەی پزیشکان «دار الأطباء»/ شوقەی ١٢**

شەوی دووشەممە

٢٠١٠/١١/١

www.firdews.com

# پێشەکی

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

إنَّ الحَمْدَ للهِ نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِيْنُهُ وَنَسْتَغْفِرُهُ وَنَعُوْذُ بِـالله مِـن شُـرُوْرِ أَنْفُـسِنَا وَمِـنْ سَيِّئَاتِ أَعْمَالِنَا مَنْ يَهْدِه اللهُ فَلا مُضِلَّ لَهُ وَمَنْ يُضْلِلْ فَلا هَادِيَ لَهُ .

وَأَشْهَدُ أَنْ لا إِلَـهَ إِلاّ اللهُ وَحْـدَهُ لا شَـرِيْكَ لَـهُ ، وَأَشْـهَدُ أَنَّ مُحَمَّـداً عَبْـدُهُ وَرَسُوْلُهُ.

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِۦ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسْلِمُونَ ﴿١٠٢﴾ ﴾ آل عمران: ١٠٢.

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفْسٍ وَٰحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالًا كَثِيرًا وَنِسَآءً ۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِي تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلْأَرْحَامَ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيبًا ﴿١﴾ ﴾ النساء: ١.

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَقُولُواْ قَوْلًا سَدِيدًا ﴿٧٠﴾ يُصْلِحْ لَكُمْ أَعْمَٰلَكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ ۗ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدْ فَازَ فَوْزًا عَظِيمًا ﴿٧١﴾ ﴾ الأحزاب: ٧٠ - ٧١

أَمَّا بَعْدُ ...فَإِنَّ أَصْدَقَ الحَدِيْثِ كِتَابُ اللهِ وَخَيْرَ الهَـدْيِ هَـدْيُ مُحَمَّـد (صَـلَّى اللهُ عَلَيْه وَعَلَى آله وَسَلَّم) وَشَرَّ الأُمُوْرِ مُحْدَثَاتُهَا وَكُـلَّ مُحْدَثَـةٍ بِدْعَـةٌ وَكُـلَّ بِدْعَـةٍ ضَلالَةٌ وَكُلَّ ضَلالَةٍ فِي النَّارِ .

**خوێنەری بەڕێز:**

**گومـان لـەوەدا نییـە کـە هـەر موسـڵمانێك دڵـسۆزو بـە پـەرۆش بـێ بـۆ ئیـسلامو موسـڵمانانو خـۆی بـە پـەرپرس بزانـێ لـە بەرامبـەر ئەمانـەتی دیـنی خـودا، ئـەوا کاتێـك کـە تەماشـای پـێشو پـاشو ڕاسـتو چـەپی خـۆی بکـات دەبـینێ کـە حـوکمی خودا لە ناو زۆربەی موسڵمانانو ولاّتی موسڵمانان دا پشتگوێ خراوە !!**

وە شـوێنەواری ڕەش‌و تـاریکی حـوكمی جاهلیـەت دەبـینیٚ‌و هەسـتی پێـدەكات كــە زۆر كــون‌و كەلەبــەری شــارو دەشــت‌و دەری گرتۆتــەوەو لــە تــاریكی دا گــەوزانوێتی، وە دەبــینیٚ كــە موســڵمانان ڕوو بــە ڕووی چــەندەها دەردەســەری‌و نەهامــەتی دیــن‌و ژیــن بوونەتــەوە، كــە چــەندین ســاڵە لــە نــاو دەردەســەری‌و نەهامــەتی‌و كوســپ‌و مەینــەتی غیــابی حــوكمی خــودا دەژیــن، وە چــەندین ســاڵە بەدەســت بــەلاَو كارەســاتی زەلیلــی‌و ئــازارو ئەشــكەنجەی زوڵــم‌و بالاَدەســتی حــوكمی جاهیلیێتەوە دەناڵێنن...

دەبینــریٚ كــە حــوكمی خــودا پــشت گــویٚ خــراوە، نــەك هــەر لــە لوتكــەی دەســەلاَت‌و حــوكمڕانی ولاَتــدا، بــەڵكو موســڵمانان خۆیــان بــۆ خۆیــشیان حــوكمی خودایــان پــشتگویٚ خستوە لــە زۆربــەی بەشــەكانی ژیــانی خۆیــان دا ، لــە عەقیــدەو بیروباوەڕیــان دا، لــە چــۆنیەتی عیبــادەت‌و بەندایەتیانــدا، لــە پــەیڕەوكردنی دیــن‌و ژینیــان دا، لــە ژیــانی خێزانیــان دا،لــە مامەڵــەو كــڕین و فرۆشــتنیان دا، لــە قــسەكردن‌و تــەعامول و هــەڵس وكــەوتیان دا ، لــە جــل و بــەرگ و پۆشــاكیان دا، لەڕۆیــشتن و ڕێكردنیــان دا !! تەنانــەت مزگەوتــەكان كــە پیرۆزتــرین شــوێنی ســەر زەویــن غیــابی حــوكمی خــودا لــە زۆربــەیان دا دەبینــریٚ، بــە جۆرێــك كــە جۆرەهــا بیدعـــەو شـــتی زیادەیـــان هێناوەتـــە نێـــو مزگەوتەكانـــەوە!!! وە لـــە زۆربـــەی مزگەوتەكان خەڵكی هاندەدرێن لەسەر بردەودان بە شیرك‌و بیدعە..

بۆیــە ئــەو دەردەســەری‌و بــەلاَو نەهامەتییــەی كــە بوتــە تــەوقی غــەزەب‌و چــۆتە گــەردنی موســڵمانان بەرهــەمی كردارەكــانی خۆیانــە، هەربۆیــە خــوداش لەگــەڵ كردارەكــانی خویــان دا دەســتەویەخەی كردوونەتــەوەو چــەندەها كەســی زاڵــم‌و

سیفەت شەیتانی كردووە بە حاكم بەسەریانەوە، تاوەكو موسڵمانانیش بەرهەمی كردارە خراپەكانیان هەر لە دونیادا بە چاوی خۆیان ببین پێش قیامەت.

وەكو پێغەمبەر ﷺ دەفەرمووێ:

«وَلَمْ يَنْقُضُوا عَهْدَ اللَّهِ وَعَهْدَ رَسُولِهِ إِلَّا سَلَّطَ اللَّهُ عَلَيْهِمْ عَدُوًّا مِنْ غَيْرِهِمْ فَأَخَذُوا بَعْضَ مَا فِي أَيْدِيهِمْ».

واتە: «هەر میللەتێك پەیمانی خوداو پێغەمبەرەكەی ﷺ بشكێننو سەرپێچی لە فەرمانەكانیان بكەن، ئەوا خودا لە غەیری خویان كەسانێك دەكات بە حاكمو دەسەڵاتدار بەسەریانەوە كە ماڵو سەروەتو سامانیان دەبەنو دەیخۆن»[(١)].

كەوابوو ئەگەر خەڵكی خۆیان بۆ خۆیان حوكمی خودایان پشتگوێ خست، لە نەتیجەی ئەو تاوانە خوداش حاكمی زاڵمو خوێن ڕێژو ماڵخۆر دەكات بە دەسەڵاتدار بەسەریانەوە.

«كما تكونوا يولى عليكم» . كردارو ڕەفتاری خۆتان چۆن بێ، سەركردەكانیشتان وەها دەبن.

ئەمە لەلایەك لەلایەكی ترەوە بەلاو ناخۆشیش كە ڕوو لە موسڵمانانی دیندار دەكات ئەوە تاقی كردنەوەی خودایە بۆیان، بۆیە هەركات موسڵمانان تووشی بەلاو دەردەسەریو ناخۆشی بن، ئەوە تاقی كردنەوەی خودایە بۆیان تاوەكو موسڵمانی ڕاستگۆ دەركەوێو پاكو پیس لێك جیاببێتەوە:

---

(١)سنن ابن ماجه – كِتَاب الْفِتَنِ– بَاب الْعُقُوبَاتِ– حديث: ٤٠٠٩. قال الشيخ الألباني:حديث حسن، أنظر صحيح سنن ابن ماجة–(٢/٣٧٠/٣٢٤٦).

وەكو خودا خۆی دەفەرمووێ:

﴿ أَحَسِبَ ٱلنَّاسُ أَن يُتۡرَكُوٓاْ أَن يَقُولُوٓاْ ءَامَنَّا وَهُمۡ لَا يُفۡتَنُونَ ﴿٢﴾ وَلَقَدۡ فَتَنَّا ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِهِمۡۖ فَلَيَعۡلَمَنَّ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ صَدَقُواْ وَلَيَعۡلَمَنَّ ٱلۡكَٰذِبِينَ ﴿٣﴾ ﴾ العنكبوت: ٢ - ٣

واتە: «ئایا خەڵكی وا گومان دەبەن هەر ئەوەندە كە ووتیان ئیمانمان هیناوە ئیتر خودا لەسەر ئەو ئیمانە تاقیان نەكاتەوە، بەڕاستی كەسانی پێش ئەمان بە تاقیكردنەوەدا بران، تاقیكردنەوەی خوداش بۆ ئیمانداران بۆ ئەوەیە كە ئیمانداری ڕاستگۆ جیاببێتەوە لەو كەسانەی كە بە درۆ ئیمانیان هێناوە».

وە كاتێك كە موسڵمان لە بەلاو تاقیكردنەوە دەربازبوونو بە پاكیو بێ خەوشو خاڵ دەرچوونو كۆڵیان نەدا، ئەو كاتە خوداش ئەو هەموو دەردەسەریو نەهامەتیو كۆسپو مەینەتیان بۆ دەگۆڕێ بە خۆشژینیو ئۆخژینی، وە لە زەلیلیو ئازارو ئەشكەنجەی زوڵم ڕزگاریان دەكات بۆ سەركەوتنو عزەتمەندی، وە دینی خۆی دەكات بە حاكم بۆیانو دەیانكات بە میراتگری سەر زەوی:

وەكو دەفەرمووێ:

﴿ وَكَانَ حَقًّا عَلَيۡنَا نَصۡرُ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ ﴿٤٧﴾ ﴾ الروم: ٤٧.

واتە: «خودا بەڵێنێكەو داوێتی كە پێویستی كردووە لەسەر خۆی ئیمانداران سەربخات بەسەر بێ باوەڕان دا».

وە خودا كە دەفەرمووێ بەڵێنم داوە كە ئیمانداران سەربخەم، ئەو ئیماندارانەیە كە لە تاقیكردنەوەی ڕۆژگار بە پاكی دەرباز دەبنو لەسەر دینداری خۆیان دەمێننەوە ...

جا ئەو تاقی كردنەوەی كە خودا بەسەر موسڵمانانی ئەم سەردەمەی دا هێناوە زۆر دەمێكە پێوەی دەتلێنەوەو لە مێژەوە درێژەی كێشاوەو پێوەی

گیرۆدەن... هەر لە سەرەتاشەوە بەردەوام کەسانێکی دڵسۆزو بە پەرۆش‌و خەمخۆر بۆ ئیسلام‌و موسڵمانان هەبوون کە هەوڵی ئەوەیان داوە کە دووبارە سەرکەوتن بۆ موسڵمانان بگێڕنەوەو لە دەست زوڵم‌و ستەم ڕزگاریان بکەن‌و حوکمی خودا ببێتەوە بە حاکم بۆ موسڵمانان...

بەڵام موسڵمانان هەتابێ زیاتر توشی دەردەسەری‌و نەهامەتی‌و کۆسپ‌و بەڵا دەبن، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ موسڵمانان زیاتر لەسەرکەوتن‌و عیزەتمەندی دوور دەکەونەوە...

وە گومانمان لەوەش نییە کە خودا هەر بەڵێنێکی دابێ لەکات‌و شوێنی خۆی دا دەیباتە سەرو دوای ناخات‌و لە بەڵێنی خۆی پەشیمان نابێتەوە:

﴿ وَمَنۡ أَوۡفَىٰ بِعَهۡدِهِۦ مِنَ ٱللَّهِۚ ﴾ التوبة: ١١١ .

واتە: «بۆ کێ هەیە ئەوەندەی خودا پابەندبێ بە بەڵێن‌و پەیمانی خۆیەوە».

باشە خۆ دەمێکە موسڵمانان بە دەم تاقی کردنەوەو دەردەسەری‌و زوڵم‌و ستەمەوە دەناڵێنن‌و هاواردەکەن !! وە بەردەوامیش موسڵمانان هەوڵ‌و تەقەلای خویان کردووە بۆ نەهێشتنی ئەو زوڵم‌و ستەمەو گێڕانەوەی سەرکەوتن، ئەی بۆ سەرکەوتنی خودایی نابینین بۆ موسڵمانان بەسەر دوژمنانی دینی خوا دا؟؟

وەڵام ئەوەیە کە خوای گەورە بەرنامەی بەڕێوەچوونی بوونەوەرو هەڵسوڕاندنی ژیان‌و گوزەرانی دین و ژینی وا داناوە، بۆ گەیشتن بە هەر مەبەست‌و ئامانجێك‌و نەهێشتنی هەر دەردەسەری‌و ناخۆشی‌و بەڵایەك دوو شتی داناوە:

**یەکەم:** چەند شتێکی کردووە بە هۆکارو مەرج کە پێویستە بێنە دی‌و پەیڕەوبکرێن تاوەکو موسڵمانان لەوێوە بگەن بە ئامانجەکەیان..

**دووەم:** چەند شتێکیش هەن کە مانعو ڕێگرنو بونیان بەربەستن لەگەیشتن بە ئامانجو مەبەستەکان، بۆیە پێویستە وەلابنرێنو نەهێلرێن..

خالّی یەکەم پێی دەوترێ عیلاجو چارەسەر، دووەمیان پێی دەورترێ خۆپارێزیو ویقایە..

گومانی تێدانییە ئەو زەلیلیەی کە ڕووی لە موسلّمانان کردووەو بوّتە نەخۆشیەكو هەموو لایەکی گرتوّتەوە، عیلاجو چارەسەی خۆی هەیە بۆ ئەوەی موسلّمانان لێی دەربازبنو سەرکەوتنو عزەتمەندیان بۆ بگەڕێتەوە..

بۆنمونە کەسێك کە دووچاری نەخۆشییەك هاتبێو بیەوێ بگات بە لەش ساغی، ئەوا بۆ نەمانی نەخۆشیەکەو گەیشتن بە لەش ساغیەکە پێویستە: عیلاجو چارەسەری گونجاو بەکاربهێنێ، وە خۆی بپارێزێ لەو شتانەی کە نەخۆشیەکەی دروستکردوون یان زیادی دەکەن...

**جاگەیشتن بە ئامانجی سەرکەوتنو نەمانی زەلیلیش :**

**یەکەم:** خوای پەروەردگار: کۆمەڵە شتێکی کردووە بە مەرجو هۆکار بۆ ئەوەی موسلّمانان لەو ڕێگەیەوە بگەنە لوتکەی سەرکەوتنو عزەتمەندی، هەر بۆیە پێویستە لەسەر هەموو موسلّمانێکیش ئەو مەرجو هۆکارانە بگرنە بەرو پیادەی بکەن کە خوای پەروەردگار سەرکەوتنو عزەتمەندی موسلّمانانی پێوەگرێ داوە، بە جۆرێکی وەها پێکەوەی بەستونەتەوە کە هەرکات موسلّمانان بیانەوێ سەرکەوتنو عزەتمەندی بۆ موسلّمانان بگێڕنەوە، بەو ئاواتو مەبەستەی خۆیان ناگەن هەتاوەکو ئەو مەرجو هۆکارنە نەگرنە بەرو پیادەی نەکەن.

**دووەم:** کۆمەڵـە شـتێکیش هـەن کـە خـوای پـەروەردگار کردوونـی بـە هۆکـاری زەلیلـی کـە مـانعو ڕێگـرن لـە ڕێگـەی سـەرکەوتن دا، کـە دەردو نەخۆشـین، بۆیـە پێویـستە لەسـەر موسـڵمانان لەگـەڵ ئـەوەی خـاڵی یەکـەمیان وەکـو عـیلاجو چارەسـەر بـەکارهێنا، خـاڵی دووەمـیش وەکـو خۆپـارێزیو ویقایـە بـەکاربهێنن، بـۆ ئەوەی لە زەلیلیو شکستهێنان دەربازیان ببێ...

کـەوابوو: موسـڵمانانیش کاتێـك دەتـوانن بگـەن بـە ئامـانجی خۆیـان و خـودا سـەرکەوتنیان پـێ ببەخـشێو لـە زەلیلـی ڕزگاریـان بکـات، کـە چارەسـەرو عیلاجـی دەردی خۆیـان بکـەنو ئـەو ڕێگەیـە بگرنـە بـەرو پیـادەی بکـەن کـە سـەرکەوتنی پێـوە گـرێ دراوە، وە خۆیـان بـە دوور بگـرن لـە هـەموو ئـەو دەردانـەی کـە نەخۆشـی زەلیلیو شکست هێنانی توشی موسڵمانان کردووە !!

لێکدانەوەو قـسەو باسـی زۆر کـراوە بـۆ دۆزینـەوەی **چارەسـەرو عـیلاج** !! زۆر کەس نـوکی پێنوسـی کـول بـووەو ئەوەنـدەی نوسـیەوە لەسـەر باسـکردنی عیلاجـی ئـەو دەردە !! زۆر کەسـیش ئەوەنـدەی ووتـوە زمـانی وشـك بـووەو قـوڕگی لەیـەك هاتووە !!

بـەلاّم لـەو زۆر ووتـنو زۆر نوسـینە دەبـێ چـەندێکی حـەقی پێکابێـتو کتومەت عیلاجەکەی وەکو خۆی دیاری کردبێ !!

**خوێنەری بەڕێز:**

زۆر کـەس لـە جێگـای عـیلاجو چارەسـەر دەردیـان بـەکارهێناوە و !! کوێرانـەو شـەلم کـوێرم ناپـارێزم دەسـتیان کـردووە بـە تیمـاری دەردی ئـەو ئوممەتـەو سـەرەنجام ئەوەنـدەی تـر ئوممـەتیان بـەرەو زەلیلـیو نەهامـەتیو دەردەسـەریو سـەرگەردانی

بــردووە، بــە جــۆرێکی وەهــا کــە بــەردێك نــەزانێ لــە گــۆمی هەڵــدا بەســەد زانــا دەرناچێ !!

بۆیــە بــە پێویــستم زانــی ئــەم کورتــە باســە بنوســم بــە پێــی بەڵگــەکانی « قورئــانو ســوننەت بــە تێگەیــشتنو لێکدانــەوەی پێــشینی ئوممــەت».. جــا بــا پێکــەوە گــوێ بگــرین بــۆ خــواو پێغەمبەرەکــەی ﷺ بــزانین عــیلاجو چارەســەر کامەیــە کــە ڕێگــان بــۆ گەیــشت بــە ســەرکەوتن... وە دەردوو نەخۆشــیش کامــەن کــە سەرچــاوەی زەلیلــیو شکــستهێنان... تــاوەکو لــە جێگــای عــیلاجو چارەســەر تیمــاری بیریــنی خۆمــان بــە دەردو نەخۆشی نەکەین !! وا بزانن کە تیمارکارو چارەسەرکارین.....

داواکارم لە خوای بەبەزەیی و بە ڕەحم کە لەم کارەمدا بە ئیخلاص و ئــەو مەبەســت بــوون بەهرەمەندمی کردبێ.... بە ئیتباع و شوێنکەوتنی پێغەمبەرەکەی ﷺ ڕێزدارمی کردبێ ..... وە لە پیسایی ڕیاو غەیری ئەو مەبەست بوون خاوێنمی کردبێ..... لە کوێرە ڕێچکەی بیدعــەو شوێنکەوتنی غەیری پێغەمبەرەکەی ﷺ ڕزگارمی کردبێ ...

نوسینی

دکتۆر

## کاوە ئەکرەم سەنگاوی

سلێمانی/ نەخۆشخانەی گشتی سلێمانی/ خانەی پزیشکان «دار الأطباء»

شەوی شەممە

٢٠١٠/٣/٢٧

# مەرجی سەرکەوتنو ڕێگای گەیشتن پێی بریتیە لە بەندایەتی کردن بۆ خودا لەسەر بنەمای تەوحیدو ئیتیباع

خـوای پـەروەردگار بـەڵێنی داوە کـە سـەرەنجامو سـەرکەوتنو عزەتمەنـدی ببەخـشێ بـەو کەسـانەی کـە خـاوەنی ئیمـانو کـردەوەی چـاکن، بۆیـە بـوونی ئـەو ئیمـانو کـردەوە چـاکەیە مـەرجێکی سـەرەکییە بـۆ ئـەوەی کـە خـوای گـەورەو میهرەبـان لـە دونیـادا موسـڵمانان سـەرکەوتوو بکـات بەسـەر بـێ بـاوەڕان داو بیانکـات بـە دەسەڵاتدارو خاوەنی کیانی خۆیان .

وەکو خوای زاناو کارلەجێ خۆی دەفەرموێ:

﴿ وَعَدَ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مِنكُمۡ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ لَيَسۡتَخۡلِفَنَّهُمۡ فِي ٱلۡأَرۡضِ كَمَا ٱسۡتَخۡلَفَ ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِهِمۡ وَلَيُمَكِّنَنَّ لَهُمۡ دِينَهُمُ ٱلَّذِي ٱرۡتَضَىٰ لَهُمۡ وَلَيُبَدِّلَنَّهُم مِّنۢ بَعۡدِ خَوۡفِهِمۡ أَمۡنٗاۚ يَعۡبُدُونَنِي لَا يُشۡرِكُونَ بِي شَيۡـٔٗاۚ وَمَن كَفَرَ بَعۡدَ ذَٰلِكَ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡفَٰسِقُونَ ﴿٥٥﴾ ﴾ النور: ٥٥.

واتـە: «خـوای گـەورە بـەڵێنی داوە بـەو کەسـانەی کـە باوەڕیـان هێنـاوە لـە ئێـوەو کـردەوەی چـاکەیان ئـەنجام داوە کـە لـە ئایندەیـەکی نزیکـدا خـوای گـەورە جێنیـشینو پایـەداریان دەکـات لـە وڵاتـداو دەیاناکـات بـە دەسـەڵاتدار لـە زەوی دا، هـەروەك چـۆن ئیمانـدارانی پـێش ئـەمانی جێنیـشین کـردو سـەری خستن بەسـەر بـێ باوەڕانـدا، وە ئـەو دینـەی کـە خـوا پێـی ڕازییـە بۆیـان دەچەسـپێنێو دەیکـات بـە حـاکم لـە وڵاتـدا، وە تـرسو بیمیـان بـۆ دەگـۆڕێ بـە ئـارامیو هـێنی، بەمـەرجێك کـە بـە تـەنها

مــن بپەرســتن‌و هــیچ شــتێکی تــر نەکــەن بەشــەریك‌و هاوبەشــم، بــەڵام هەرکــەس شــەریك‌و بــێ بــاوەڕی بنــوێنێ لــە دوای ئــەوەی کــە خــودا ســەرکەوتووی کــردو دەسەڵاتی پێبەخشی، ئەوا بە کەسانێکی فاسق دەژمێرێن».

**ئەوەی لەم ئایەتەوە وەردەگیرێ ئەوەیە:**

**خاڵی یەکەم: ئەو سەرکەوتن‌و عزەتمەندیە بەڵێنی خودا خۆیەتی:**

وە گومانمــان لــەوەش نییــە کــە خــودا هــەر بــەڵێنێکی دابــێ لــەکات‌و شــوێنی خۆی دا دەیباتە سەرو دوای ناخات‌و لە بەڵێنی خۆی پەشیمان نابێتەوە:

﴿ وَمَنۡ أَوۡفَىٰ بِعَهۡدِهِۦ مِنَ ٱللَّهِۚ ﴾ التوبة: ١١١ .

واتە: «بۆ کێ هەیە ئەوەندەی خودا پابەندبێ بە بەڵێن‌و پەیمانی خۆیەوە».

**خــاڵی دووەم: ئــەو پــشتیوانی کردنــەی خــوداش هــەروا شــتێکی هەونتەکاری‌و بێ قەیدو مەرج نییەو شمولی هەموو کەسێك ناکات**

بــە پێــی خــاڵی یەکــەم ڕوونبوویــەوە کــە خــوای پــەروەردگار وەعــدو بــەڵێنی داوە کــە پــشتیوان‌و ســەرخەری ئــەم ئوممەتــە بــێ، بــەڵام ئــەو پــشتیوانی کردنــەی خــوداش هــەروا شــتێکی هەونتــەکاری‌و بــێ قەیــدو مــەرج نییــەو شمــولی هــەموو کەســێك ناکــات، بــەڵکو پــشتیوانی کردنــی خــودا بــۆ کەســانێکە کــە شــیاوی ئــەوەبن خــودا پشتیوانیان لێ بکات‌و سەریان بخات.

ئــەو کەســانەش کــە وەعــدی خــودا شمولیــان دەکــات‌و بەڵێنــە خــودا ســەریان بخــات بەسەر بێ باوەڕان دا ئەو کەسانەن کە خاوەنی ئیمان‌و کردەوەی چاك بن:

﴿ وَعَدَ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مِنكُمۡ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ ﴾ النور: ٥٥.

واتــە: «خــوای گــەورە بــەڵێنی داوە بــەو کەســانەی کــە باوەڕیــان هێنــاوە لــە ئێــوەو کردەوەی چاکەیان ئەنجام داوە ...».

**لە زۆر شوێنی تردا خوای پەروەردگار ئاماژەی بۆ ئەوە كردووە كە دواڕۆژوو سەركەوتن تەنها بۆ كەسانێكە كە خاوەنی تەقوان بە هۆی ئیمانو كردەوەی چاكەوە..وەكو دەفەرمویَ:**

﴿ وَٱلۡعَٰقِبَةُ لِلتَّقۡوَىٰ ١٣٢ ﴾ طـه: ١٣٢. **واتە: «سەرەنجام هەر بۆ ئەو كەسانەیە كە تەقوادارن».**

**وە هەروەها دەفەرمووێ:**

﴿ قَالَ مُوسَىٰ لِقَوۡمِهِ ٱسۡتَعِينُواْ بِٱللَّهِ وَٱصۡبِرُوٓاْۖ إِنَّ ٱلۡأَرۡضَ لِلَّهِ يُورِثُهَا مَن يَشَآءُ مِنۡ عِبَادِهِۦۖ وَٱلۡعَٰقِبَةُ لِلۡمُتَّقِينَ ١٢٨ ﴾ الأعراف: ١٢٨

**واتە: «موسى عليه السلام بە قەومەكەی خۆی فەرموو: بە تەنها داوای یارمەتی لە خودا بكەن بۆ ئەوەی لە دەست ستەمو زوڵمی فیرعەون دەربازتان بكاتو ئارامبگرنو لەسەر دینداریو دانبە خۆتان دا بگرن، ئەم زەویە خودا دەیكاتە میرات بۆ ئەو بەندانەی كە خۆی دەیەوێ، ئەوانەش ئەو كەسانەن كە تەقوادارن، چونكە سەرەنجام تەنها بۆ ئەو كەسانەیە كە تەقوادارن».**

**وە دەفەرمووێ:**

﴿ إِنَّ ٱللَّهَ مَعَ ٱلَّذِينَ ٱتَّقَواْ وَّٱلَّذِينَ هُم مُّحۡسِنُونَ ١٢٨ ﴾ النحل: ١٢٨.

**واتە: «بە ڕاستی یارمەتیو سەركەوتنی خوای گەورە بۆ ئەو كەسانەیە كە تەقوادارنو چاكەكارن ».**

**ئیمامی«ابن كثير» لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا دەفەمووێ:**

**«فهؤلاء الله يحفظهم ويكلؤهم، وينصرهم ويؤيدهم، ويظفرهم على أعدائهم ومخالفيهم».**

**واتــە: «ئــەو کەســانەی کــە تــەقوادارن خــوای گــەورە پارێزگاریــان لێــدەکاتو پــــشتیوانیان لێــــدەکات، وە ســــەریان دەخــــاتو پــــشتگیریان دەکــــات، وە ســـەرکەوتوویان دەکـــات بەســـەر ئـــەو کەســـانەی کـــە دوژمنایـــەتیو دژایـــەتیان دەکەن»[٢]**

**وەهەروەها خودا دەفەرمووێ:**

﴿ وَإِن تَصۡبِرُواْ وَتَتَّقُواْ لَا يَضُرُّكُمۡ كَيۡدُهُمۡ شَيۡـًٔاۗ ﴾ آل عمران: ١٢٠

**واتــە: «ئەگــەر ئــارامبگرن لەســەر دینــداریو ئــەوەی کــە خــودا فــەرمانی پێکــردوون جــێ بــە جێــی بکــەنو خۆتــان لەحــەرامکراوەکان بپــارێزن، ئــەوا خــودا پشتگیریتان دەکاتو فێڵو تەڵەکەی بێ باوەڕان هیچ زیانێکی بۆتان نابێ».**

**ئیمامی«ناصر السعدي» لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا دەفەمووێ:**

**«فإذا أتيتم بالأسباب التي وعد الله عليهـا النـصر - وهــي الــصبر والتقــوى- لم يضركم مكرهم...».**

**واتــە: «ئــەو هۆکارانــەی کــە خــودا بــەڵێنی ســەرکەوتنی پــێ داون کــە ئــارامگریو تەقوایــە، ئەگــەر دەســتی پێــوەبگرنو جــێ بــەجێی بکــەن، ئــەوا فێــڵو تەڵەکەی بێ باوەڕان زەرەتان پێ ناگەیەنێ...»[٣]**

**وە لــە هەنــدێ ئایــەتی تــردا خــودا ڕوونکردنــەوەی داوە ســەبارەت بــەم باســەو دەفەرمووێ:**

---

(٢) تفسير ابن كثير - (٤ / ٦١٥).

(٣) تفسير السعدي - (١ / ١٤٤).

﴿ وَقَالَ ٱللَّهُ إِنِّي مَعَكُمۡۖ لَئِنۡ أَقَمۡتُمُ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتَيۡتُمُ ٱلزَّكَوٰةَ وَءَامَنتُم بِرُسُلِي وَعَزَّرۡتُمُوهُمۡ وَأَقۡرَضۡتُمُ ٱللَّهَ قَرۡضًا حَسَنٗا ﴾ المائدة: ١٢.

واتە: «خودا فەرموویەتی من لەگەڵتاندام بە جۆرێك چاودێریتان دەكەمو پارێزگاریتان دەكەمو سەرتاندەخەم، ئەگەر نوێژەكان جێ بەجێ بكەنو زەكات بدەنو باوەڕ بە پێغەمبەرەكەم ﷺ بهێننو سەریبخەنو خێروچاكە بكەن لە پێناوی خودادا».

بۆیە سەركەوتنی خوایی بەو خۆزگە خواستنو خەوو خەیاڵو هاژووژە بەتاڵە نابێ كە ئەمڕۆ زۆرێك لە موسڵمانان گیرۆدەی بوونو، وا دەزانن هەركە ناوی خۆیان نا بە ئیسلامی ئیتر سەركەوتنی خوایی بۆ ئەوان مسۆگەرەو ژێركەوتنو ڕوخانی نەیارانیان دەستەبەرە، چونكە ئەوەی كە ئەمڕۆ موسڵمانان گیرۆدەی بوونەو وادەزانن ئیسلامی پێ سەردەخرێ تەنها بریتییە لە حەماسەتی بەتاڵو فوتێكردنی خەڵكیو هاندانیان لەسەر دەمارگیری حزبی، نەك تەقواو لە خواترسانو كردەوەی چاك...

بۆیە هەركات موسڵمانان مەرجی سەركەوتنیان تێدانەبوو كە ئیمانو كردەوەی چاكەیە، ئەوا جگە لە دۆڕانو ژێركەوتن هیچیان بۆ دەستەبەرنابێ.

وەكو خودا دەفەرمووێ:

﴿ لَّيۡسَ بِأَمَانِيِّكُمۡ وَلَآ أَمَانِيِّ أَهۡلِ ٱلۡكِتَٰبِۗ مَن يَعۡمَلۡ سُوٓءٗا يُجۡزَ بِهِۦ وَلَا يَجِدۡ لَهُۥ مِن دُونِ ٱللَّهِ وَلِيّٗا وَلَا نَصِيرٗا ﴿١٢٣﴾ ﴾ النساء: ١٢٣.

واتە: «نیشانەی چاكیو خراپیو لە خوا نزیكی نەبە قسەو ئاوات خواستنی ئێوەیە، وە نە بە قسەو ئاوات خواستنی گاورو جولەكەیە، بەڵكو بە ئیمانو كرداری چاكەیە، بۆیە هەركەس كردەوەی خراپە ئەنجام بدات، ئەوا بە سزای

خراپەی خۆی دەگات، وە لەلای خوداش بە هیچ شێوەیەك پشتیوانی لێ ناکرێو سەرناخرێ »).

لەوەوە دەتوانین بڵێین:

پشتیوانی کردنی خوداو سەرخستنی خودایی لەگەڵ کەسانی تاوانبارو خراپەکاردا یەکناگرێتەوەو دوورە لەیەکەوە، هەربۆیە دوژمنانی ئیسلام کاتێك بەسەر موسڵمانان دا سەردەکەون بەهۆی ئەوەوە نییە کە خاوەنی هێزو قووەتن، بەڵکو هۆکاری سەرکەوتنی بێ باوەڕان بەسەر موسڵمانان دا لەوەوە سەرچاوە دەگرێ کە خودا وازی لە موسڵمانان هێناوەو دەستبەرداریان بووەو پشتیوانیان لێناکات، چونکە موسڵمانانیش پشتیان کردووە لەو هۆکارە ئیمانییەی کە پشتیوانی کردنی خوای پێوە بەستراوەتەوە کە ئیمانو کردەوەی چاك و تەقوایە.

**خاڵی سێیەم: ئیمانو کردەوەی چاك ، کاتێك لەلای خودا پەسەندوو وەرگیراوە کە لەسەر بنەمای «تەوحید ئیتباع» بێ:**

وەکو لە خاڵ دووەمەوە دەرکەوت هۆکاری سەرەکیو بنەمای ئەساسی بۆ ئەوەی موسڵمانان خۆیانی پێ پڕچەك بکەن تاوەکو خودا سەرکەوتنیان پێ خەلاّت بکات بریتیە لە ئیمانو کردەوەی چاك کە تەقوایە.

بەلاّم دیاری کردنی ئیمانو کردەوەی چاكو کردەوەی خراپ، بەپێی ئەوەیە کە لەلای خودا پەسەندو وەرگیراو بێ، ئەگەر نا خەڵکی هەرچەندە خۆیان ماندوو بکەنو کردەوە بکەنو خۆیان بە باشی بزانن، بەلاّم لەلای خودا پەسەندو وەرگیراو نەبێ، ئەوا جێی هیچ ناگرێو وەکو تەپو تۆزی بابردووی لێ دێت.

﴿ قُلْ هَلْ نُنَبِّئُكُم بِٱلْأَخْسَرِينَ أَعْمَٰلًا ﴿١٠٣﴾ ٱلَّذِينَ ضَلَّ سَعْيُهُمْ فِى ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا وَهُمْ يَحْسَبُونَ أَنَّهُمْ يُحْسِنُونَ صُنْعًا ﴿١٠٤﴾ ﴾ الكهف: ١٠٣ – ١٠٤.

واتــە: «ئــەی پێغەمبــەری خــواﷺ بــە ئومەتەکـەت بڵــێ: ئایـا پێتـا ڕابگەیـەنم دەربــارەی ئــەو کەســانەی کــە کردەوەکانیــان مایــە پــوچ دەردەچــێتو هــیچ کردەوەیـەکیان لێوەرناگرێت، ئـەو کەسـانەی کـە لـە ژیـانی دونیـادا هـەوڵو کۆشـشی زۆر دەکـەنو بـە هـۆی کردەوەکـانی خۆیانـەوە چـاوکوێر بـوونو وا دەزانـن کـردەوەی چاکیش دەکەن، بەڵام خودا هیچیان لێوەر ناگرێ ».

کـەوابوو مـژدەی سـەرکەوتنەکە تـەنها شمـولی کەسـانێك دەکـات کـە خـاوەنی ئـەو دینداریـە بـن کـە لـەلای خـودا چـاكو پەسـەندو وەرگـیراوە، بـە پێـچەوانەشەوە ئـەو کەسـانەی کـە خـاوەنی ئـەو دینداریـە نـین کـە لـەلای خـودا پەسـەندو وەرگـیراوە، ئـەوا بە هیچ شێوەیەك سەرکەتن شمولیان ناکات.

ئیمـانو کـردەوەش کاتێـك لـەلای خـوای پـەروەردگار چـاكو پەسـەندو وەرگـیراو دەبـێ کـە دوو مــەرجی سـەرەکی تێـدا بـێ: کـە«**تەوحیـد ئیتبـاع**»ن... وە پێویسـتە دووربێ لە دوو شت کە بریتین لە «**شیرك و بیدعە**»..

**یەکەم**: **تاکردنەوەی خودا لەپەرستن دا**:

پێویسـتە لـە نـاخو دڵو دەرونـی دا مەبەسـتی لـە کـردنو نەکردنەکـەدا، تـەنها خـودا بـێو بـە پـاکیو بـە پـوختی تـەنها خـودای مەبەسـت بـێو، دوور بـێ لـە هـەموو شیركو غەیری خوا مەبەست بوونێك..

واتـە دەبـێ ئـەو پەرسـتنو بەندایـەتیو دینداریـەی کـە ئـەنجامی دەدات بـە تـەنها بـۆ خـودای جـێ بـەجێ بکـاتو هـیچ جۆرێـك لـە جۆرەکـانی پەرسـتنو عیبـادەت بـۆ کەسـی تـر ئـەنجام نـەدات، بۆیـە دەبـێ بـە جـۆرێکی وا خـۆی پـاك بکاتـەوە بـۆ خـودا تەنانـەت لـە نیـەتو مەبەسـتیـشی دا کەسـی تـر بەشـدار نـەکات لـەو بەندایەتیـەی کـە بۆ خودای ئەنجام دەداتو بەشی کەسی تری پێوە نەهێڵێت .

**هەروەکو پێغەمبەرﷺ دەفەرموێ:**

**« قَالَ اللَّهُ تَبَارَكَ وَتَعَالَى أَنَا أَغْنَى الشُّرَكَاءِ عَنْ الشِّرْكِ مَنْ عَمِلَ عَمَلًا أَشْرَكَ فِيهِ مَعِي غَيْرِي تَرَكْتُهُ وَشِرْكَهُ».**

**واتە: « خوای گەورە دەفەرمووێ مـن پێویستم بەوە نی یە کەس بکرێتە شەریك‌و هاوبەشم لە عیبادەت‌و بەندایەتی دا، بۆیە هەرکەسێك عیبادەتێکی کردو لە نیەت‌و مەبەستی دا کەسێکی تری کردە شەریکم، ئەوا ئەو بەشەش کە بۆمنی کردووە وازی لێ دێنم بۆ ئەو کەسەی کە کردویەتی شەریکی من‌و لێ وەرناگرم »[٤]**

**وە هەروەها پێغەمبەرﷺ دەفەرموێ:**

**« أَلَا أُخْبِرُكُمْ بِمَا هُوَ أَخْوَفُ عَلَيْكُمْ عِنْدِي مِنْ الْمَسِيحِ الدَّجَّالِ».**

**واتە «: ئایا خەبەرتان پێ بدەم دەربارەی شتێك کە لە دەجال ترسناکترە لەلام کە توشتان ببێ؟».**

**وتیان بەڵێ:**

**پێغەمبەریشﷺ فەرمووی:**

**« الشِّرْكُ الْخَفِيُّ أَنْ يَقُومَ الرَّجُلُ يُصَلِّي فَيُزَيِّنُ صَلَاتَهُ لِمَا يَرَى مِنْ نَظَرِ رَجُلٍ».**

**واتە: « شیرکی نادیارە، ئەویش ئەوەیە کە پیاوێك هەڵسێ نوێژ بکات، بەڵام کە دەبینێ کەسێکی تر تەماشای دەکات نوێژەکەی جوان بکات لە پێناو ئەوەی کە خەڵکی تەماشای دەکەن »[٥].**

---

(٤)صحيح مسلم - كتاب الزهد والرقائق باب من أشرك في عمله غير الله - حديث : ٥٤١٠.

(٥)سنن ابن ماجه - كتاب الزهد باب الرياء والسمعة - حديث : ٤٢٠١. قال الشيخ الألباني:حديث حسن، أنظر صحيح سنن ابن ماجة(٢ / ٣٣٨٩/٤١٠).

«إِنَّ أَخْوَفَ مَا أَخَافُ عَلَيْكُمُ الشِّرْكَ الأَصْغَرَ ».

واته: « ترسناکترین شت که بترسم توشتان ببێ شیرکی بچوکه».

وتیان : شیرکی بچوك چی یه ئەی پێغەمبەری خواﷺ؟

پێغەمبەریشﷺ فەرمووی:

«الرِّيَاءُ ، يَقُولُ اللَّهُ لَهُمْ يَوْمَ يُجَازِي الْعِبَادَ بِأَعْمَالِهِمْ : اذْهَبُوا عَلَى الَّذِينَ كُنْتُم تُرَاءُونَ فِي الدُّنْيَا ، فَانْظُرُوا هَلْ تَجِدُونَ عِنْدَهُمْ جَزَاءً».

واته: «شیرکی بچوك بریتییه له ڕیاوو ڕووپامایی کردن، خوای گەورە له ڕۆژی قیامەت دا کاتێك پاداشتی کردەوەی بەندەکان دەداتەوە بەرامبەر ڕیا بازەکان دەفەرمووێ: بڕۆن پاداشتی خۆتان لەلای ئەو کەسانە وەرگرن له دونیادا له پێناو ئەوان دا کردەوەتان کردووە، بڕۆن بزانن لەلای ئەوان هیچ پاداشتێك دەبینن»[٦].

**دووەم: تاککردنەوەی پێغەمبەرﷺ له شوێنکەوتن دا:**

واته ئەو بەندایەتیو عیبادەتو دینداری کردنەی که بۆ خودا دەکرێ، دەبێ چۆنیەتیو شێوازی کردنەکەیشی کتومەت بەوجۆرەبێ که پێغەمبەرﷺ کردوویەتی یان فەرموویەتی.

واته: هەروەکو چۆن نیازو مەبەست له کردنی عیبادەتو بەندایەتیو دینداری دەبێ تەنها خودا بێ، بە هەمان شێواز دەبێ چۆنیەتیو شێوازی کردنی ئەو عیبادەتو بەندایەتیو دینداریە بە کتومەت وەکو ئەوەی پێغەمبەرﷺ..

پێغەمبەریشﷺ دەفەرمووێ:

---

(٦)مسند أحمد بن حنبل - مسند الأنصار حديث محمود بن لبيد - حديث : ٢٣٠٠٦. قال الشيخ الألباني:حديث صحيح, أنظر السلسلة الصحيحة - (٢ / ٦٣٤/٩٥١).

« مَنْ أَحْدَثَ فِي أَمْرِنَا هَذَا مَا لَيْسَ فِيهِ فَهُوَ رَدٌّ ».

واته:« هەركەسێك شتێك لە دین دا دابهێنێ‌و بیكات بە دین لە خەڵك‌و ئەو شتەش لە دین دا نەبێ، ئەوا وەرناگیرێ»(٧).

« مَنْ عَمِلَ عَمَلًا لَيْسَ عَلَيْهِ أَمْرُنَا فَهُوَ رَدٌّ ».

واتە:« هەركەسێك عیبادەت‌و بەندایەتیەك بكات‌و فەرمانی ئێمەی لەسەر نەبێ، ئەوا خودا وەریناگرێ»(٨).

**موسڵمانی بەڕێز:**

خاڵی یەكەم تاككردنەوەی خودا لە دینداری‌و بەندایەتی دا پێی دەوترێ «**تەوحید**» ، وە خاڵی دووەمیش شوێنكەوتنی پێغەمبەرﷺ پێی دەوترێ «**ئیتیباع**»..

**جا هەر بەندایەتی‌و دینداریەك ئەگەر مەرجی یەكەمی تێدا نەمێنێ، ئەوا سەری لەشیرك‌و بێ باوەڕیەوە دەردەچێ، خۆ ئەگەر مەرجی دووەمی تێدا وون بێ، ئەوا پێی لەناو بیدعەو خورافیاتدا دەچەقێ..** هەر بۆیە نەك هەر عەزیەت‌و ماندوو بوونەكەی پێدەبڕێ‌و دینداری‌و بەندایەتیەكەی لێوەرناگیرێ، بەڵكو لەسەریش قەرزار باردەبێ‌و سزای قیامەتیش لەو لاوە بوەستێ !!!

وەكو خودا دەفەرمووێ:

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ وَلَا تُبۡطِلُوٓاْ أَعۡمَٰلَكُمۡ ﴿٣٣﴾ ﴾ محمد: ٣٣.

(٧)صحيح البخاري - كتاب الصلح باب إذا اصطلحوا على صلح جور فالصلح مردود - حديث : ٢٥٧١.

(٨)صحيح مسلم - كتاب الأقضية باب نقض الأحكام الباطلة - حديث : ٣٣٢٩.

واتــە: « ئــەی ئــەو کەســانەی وا باوەڕتــان هێنــاوە گوێڕایــەڵی خــودا بکــەنو بــە تــەنها بیپەرســتن، وە گوێڕایــەڵی پێغەمبــەرﷺ بکــەنو شــوێنی بکــەون، وە وریــابن عیبادەتو دینداریتان پوچەڵ مەکەنەوە».

گوێڕایــەڵی کردنــی خــودا بریتییــە لــەوەی بەتــەنها عیبــادەتو بەندایــەتیو دینــداری بــۆ خــودا ئــەنجام بــدرێو کــەس نەکرێتــە شــەریكو هاوبەشــی، وە گوێڕایــەڵی پێغەمبــەریش ﷺ بریتییــە لــەوەی لــەو عیبــادەتو بەندایــەتیو دینداریــەدا کــە بــۆ خودا دەکرێ شوێنکەوتەی پێغەمبەر بێﷺ.

کەوابوو:

خــودا فــەرمانی کــردووە بــەم دوو شــتە: کــە بەندایــەتی کــردن بــۆ خــودا بــە تــەنها «**تەوحیــد**»، شــوێن کــەوتن بــۆ پێغەمبــەری خــودا ﷺ«**ئیتیبــاع**»... جــا هــەر کاتێـك کەمتەرخـەمی کەوتـە یـەکێك لـەو دوو خاڵـە، ئـەوا کـردەوەی ئینـسان بـە تـاڵ دەبێتەوە ، بۆیە دوا بە دوای ئەوە فەرمووی:

﴿وَلَا تُبۡطِلُوٓاْ أَعۡمَٰلَكُمۡ﴾ وە وریــابن عیبــادەتو کردەوەکانتــان پوچــەڵ مەکەنــەوە، بە شیركو بیدعە.

وە هەروەها دەفەرمووێ:

﴿وَقَدِمۡنَآ إِلَىٰ مَا عَمِلُواْ مِنۡ عَمَلٖ فَجَعَلۡنَٰهُ هَبَآءٗ مَّنثُورًا ٢٣﴾ الفرقان: ٢٣.

واتــە: « خــودا باســی دۆزەخیــەکان دەکــات وە فــەرمووێ: هەرکردەوەیــەکی چــاکەیان کــرد، هــەموویمان کــرد بــە تــۆزی بــا بــردوو، هیــچیان لــێ وەر نــەگیراو سودی نەبوو بۆیان».

هۆکـاری وەرنـەگیرانی کردەوەکانیـان ئەوەیـە کـە ئیمـامی«إبـن قـیم» دەفەرمووێ:

«وقدمنا إلى ما عملوا من عمل فجعلناه هباء منثورا : وهي الأعمال التي كانت على غير السنة أو أريد بها غير وجه الله ».

**واتە:« ئەو كردەوانەی كە بوونە تۆزی بابردوو خودا وەری نەگرتن: بریتین لەو كردەوانەی كە بە پێی سوننەت نەكراون، یان مەبەست لە كردنیان غەیری خودا بووە»**[٩]

**هەوەكو** « الْفُضَيْلُ»**ی كوری**« عِيَاضٍ » **لە تەفسیری** ﴿أَحْسَنُ عَمَلًاۚ﴾ **دا دەفەرمووێ:**

« أَخلَصُهُ وَأَصْوَبُهُ، إنَّ الْعَمَلَ إذَا كَانَ خَالِصًا وَلَمْ يَكُنْ صَوَابًا لَمْ يُقْبَلْ ، وَإذَا كَانَ صَوَابًا وَلَمْ يَكُنْ خَالِصًا لَمْ يُقْبَلْ ؛ حَتَّى يَكُونَ خَالِصًا صَوَابًا، وَالْخَالِصُ أَنْ يَكُونَ لِلَّهِ ، وَالصَّوَابُ أَنْ يَكُونَ عَلَى السُّنَّةِ».

**واتە: « باشترین كردەوە كە خودا داوای لێ كردووین ئەنجامی بدەین، ئەوەیە: كە پاك بێو گونجاوبێ، هەركردەوەیەك ئەگەر بەپاكی بكرێ، بەلاّم گونجاو نەبێ، ئەوا خودا وەری ناگرێ، وە هەركردەوەیەكیش ئەگەر گونجاو بێ بەلاّم پاك نەبێ ئەوا خودا وەرناگرێ، كردەوەی پاك ئەوەیە لەكردنی دا تەنها خودای مەبەست بێ، وە گونجاویش ئەوەیە كە لەسەر سوننەتی پێغەمبەرﷺ بێ، بۆیە هیچ كردەوەیەك وەرگیراو نابێ هەتاوەكو بۆ خودا نەكرێو لەسەر سوننەتی پێغەمبەرﷺ نەبێ»**[١٠]

**وە ئیمامی«إبن قیم» لە تەفسیری:**

﴿ ۞ وَمَن يُسْلِمْ وَجْهَهُۥٓ إِلَى ٱللَّهِ وَهُوَ مُحْسِنٌ فَقَدِ ٱسْتَمْسَكَ بِٱلْعُرْوَةِ ٱلْوُثْقَىٰۗ ﴾ لقمان: ٢٢.

---

(٩) مدارج السالكين – (٢ / ٩٠).

(١٠) الفرقان بين أولياء الرحمن وأولياء الشيطان – (١ / ١٨١).

**واتــە: « هەرکەسـێك بـە دڵێکـی پاکـەوە ڕوو بکاتـە خـوداو چـاکەکاریش بـێ، ئــەوا بـــە دڵنیاییـــەوە دەســـتی گرتـــووە بـــە دینـــەوەو بەندایـــەتیو دینـــداری لێوەردەگیرێ».**

**دەفەرمووێ:**

«فإسلام الوجه إخلاص القــصد والعمــل لله والإحــسان فيــه : متابعــة رســوله وسنته».

**واتـە: «**«فإسلام الوجــه»**: مەبەسـت پێـی ئەوەیـە لـە نیـەتو مەبەسـتی دا تـەنها خـودای مەبەسـت بـێو بـە تـەنهاش بـۆ ئـەوی جـێ بـە جـێ بکـات لەسـەر ئەساسـی تەوحیـد بـێ، وە** «والإحــسان فيــه» **مەبەسـت پێـی شـوێن کـەوتنی پێغەمبـەرە ﷺو کردەوەکانی بە پێی سوننەت بێ »**[11]**.**

**موسڵمانی هۆشمەند:**

**وەکـــو وتمـــان خـــوای پـــەروەردگار بـــەڵێنی داوە کـــە ســـەرەنجامو ســـەرکەوتنو عزەتمەندی ببەخشێ بەو کەسانەی کە تەقوادارنو خاوەنی کردەوەی چاکن..**

**کـەوابوو هەرکـەس ئـەهلی ئیمـانو تـەقوا کـردەوەی چـاك نـەبێ شایـستەو شـیاوی ئەوە نییە کەخودا سەرکەوتنو عزەتمەندی پێ ببەخشێ.**

**وە مــەرجی ســەرەکیو کۆڵەکــەی ئەساســی کــە ئیمــانو تــەقوا کــردەوەی چــاکی لەسـەر ڕاوەسـتاوەو بـەبێ ئـەوە نـە ئیمـانو نـە تـەقوا هـیچ مانـاو نـاوەڕۆکی نـامێنێ دوو خاڵــە: کــە«تەوحیــد و ئیتیبــاع»ن... وە هەڵوەشــێنەرەوەی ئیمــانو تــەقوا و لەکارخستنی بریتیە لە دووخاڵ«شیرک و بیدعە»..**

---

(١١) مدارج السالكين – (٢ / ٩٠).

کەواتــە: هەرکــەس کــاروکردارو عیبــادەتو دینــداری لەســەر«**تەوحیــدو ئیتیبــاع**» نـەبیٚو دەعـوەو بانگـەوازو کاوچـالاکی بـۆ«**تەوحیـدو ئیتیبـاع**» نـەبیٚ، ئـەوا ئـەهلی تـەقوا نییـە، کـە ئـەهلی تـەقواش نـەبیٚ سـەرکەوتنو عیزەتمەنـدی پـیٚ ناگەڕێتەوە ...

جا لەوەوە تێگەیشین:

کــە مــەرجی ئەساســیو بنــەمای ســەرەکی بــۆ گێڕانــەوەی حــوکمی خــوداو ســەرکەوتنی موســڵمانان بریتیــە لــە«**تەوحیــدو ئیتیبــاع**»، وەعــیلاجو چارەســەری زەلیلــیو شکــستهێنانی موســڵمانان بریتیــە لــە«**تەوحیــدوئیتیبــاع**»، وە دەردو نەخۆشیەکەش بریتیە لە «**شیرکو بیدعە**».

**خاڵی چــوارەم: ســەرکەوتنو گەڕانــەوەی حــوکمی بەرهــەمو نەتیجــەی ئیمانو کردەوەی چاکەیە**:

واتــە هــەدەفو ئامانجێــك کــە موســڵمان لێــی بەرپرســنو دەبــیٚ هــەوڵو کۆشــشی بـۆ بکـەن بریتییـە لـە بەندایـەتی کـردن بـۆ خـودا بـە تـاكو تـەنهاو لەسـەر سـوننەتی پێغەمبەرﷺ.

وە بەندایـەتی کـردن بـەو جـۆرە بـۆ خـودا کـە بریتییـە لـە ئیمـانو کـردەوەی چـاکە، هۆکـارە بـۆ ئـەوەی خـودا بـە هۆیـەوە سـەرکەوتن بـە موسـڵمانان ببەخـشیٚو دیـنی خـۆی بکـات بـە حـاکم بۆیـان لـە ولاٌتـدا، هـەروەکو لـە ئایەتەکـەوە دەردەکـەویٚ کـە خــودا ئیمــانو کــردەوەی چــاکی پــێش خــستووەو لــە پێــشەوە باســی کــردووەو کردوویــەتی بــە نەتیجــەو بەرهــەمی دونیــایی ئــەو ئیمــانو کــردەوە چــاکانەی کــە بەندەکانی ئەنجامی دەدەن.

﴿ وَعَدَ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مِنكُمْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ لَيَسْتَخْلِفَنَّهُمْ فِي ٱلْأَرْضِ كَمَا ٱسْتَخْلَفَ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ وَلَيُمَكِّنَنَّ لَهُمْ دِينَهُمُ ٱلَّذِي ٱرْتَضَىٰ لَهُمْ وَلَيُبَدِّلَنَّهُم مِّنۢ بَعْدِ خَوْفِهِمْ أَمْنًا يَعْبُدُونَنِي لَا يُشْرِكُونَ بِي شَيْـًٔا وَمَن كَفَرَ بَعْدَ ذَٰلِكَ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْفَٰسِقُونَ ﴿٥٥﴾ ﴾ النور: ٥٥.

بۆیە پێویستە لەسەر موسڵمانان ئەو دینداریەی کە خودا پێی ڕازییە لە خۆیان دا بەرجەستەی بکەن، وە هەوڵدان بۆ زیندووکردنەوەی دینداری وەکو خۆی ببێت بە ئامانجو هەدەفو خولیای مێشکیان، تاوەکو بەو بەرهەمی سەرکەوتنە بەهرەمەندبن کە خودا وەعدەی پێ داون ..

هەربۆیە بە درێژی مێژوو ئومەتی ئیسلامی هەرکات موسڵمانان هەموویان پابەندی دینی خودا بوبێتن وەکو خۆیو لەسەر بنەمای «**تەوحید ئیتباع**» دینداریان کردبێ، ئەوا خودا گەیاندوونی بە بەرهەمەکەی لە دونیادا پێش قیامەت کە دینی خۆی کردووە بە حاکم بۆیان..

ئەو صەحابانەی پێغەمبەرﷺ بە بەردەوام پابەندی دینی خودا بوونو خودا چۆنی دەویست بەوجۆرە دینداریان دەکرد، خوداش بەڵێنی خۆی بۆهێنانەدیو هەر لە دونیادا زۆرێك لەو صەحابانە بەرهەمی دینداری خۆیان بینی کە خودا لە دەست ئازارو ئەشکەنجەی بێ باوەڕانی مەککە ڕزگاری کردنو کردنی بە خاوەنی دەسەڵاتو وڵاتی خۆیان، بۆیە هەرکەسیش بیەوێ بەو جۆرە خودا سەرکەوتووی بکات، دەبێ بە شوێن صەحابەدا هەنگاو هەڵگرێو دینداری وەکو ئەوان بێ..

وەکو وتمان بەندایەتیو عیبادەت کردن لەسەر بنەمای «**تەوحید ئیتباع**» تاکە ئامنجێکە کە خودا لیمانی داواکردبێ، بەڵام سەرکەوتنو گەڕانەوەی

حوكمی خودا بەرهەمو نەتیجەی ئەو عیبادەت بەندایەتییە كە خودا ئەگەر ببەوێ دەیبەخشێ...

بۆیە پێوستە ئێمە هەموو شتێكی دونیایی بكەن بە قوربانی لە پێناو ئامانجەكەمان كە بەندایەتی كردنە، بە ئەندازەی نوكی دەرزیەك ئامادەنەبین تەنازول لە «**تەوحید ئیتباع**» بكەین لە پێناو بەرژەوەندی دونیایی، ئەگەر نا ئەو كاتە رەنج بە خەسار دەبین‌و مالوێرانی دونیاو قیامەت دەبین..

بەلاّم بەداخەوە كە زۆرێك لە موسلمانانی ئەمرۆ هەدەف‌و ئامانجی دینیان بە گۆشەی سەدو هەشتا سەروخوار بوّتەوە، ئەو سەركەوتنەی كە بەرهەمی «**تەوحید ئیتباع**»ە لێیان بووە بە ئامانج‌و «**تەوحید ئیتباع**»یان لێ بووە بە بەرهەمی سەركەوتن.. بۆیە لە پێناو گەیشتن بە كورسی دەسەلاّت‌و حوكم ئەوەی گوێی پێ نەدەن «**تەوحید ئیتباع**»ە.

ئەو كۆمەڵ‌و حزبە ئیسلامیانەی كە ئەمرۆ لاف‌و گەزافی ئەوە لێدەدەن كە دەیانەوێ حوكمی ئیسلام بگێڕنەوە، كورسی دەسەلاّت‌و پڕكردنی گیرفانیان لێبووە بە هەدەف‌و ئامانج بۆیە گوێ بەوە نادەن كە بەپێی پێویست باسی«**تەوحید ئیتباع**» بكەن‌و خەڵكی لە «**شیرك‌و بیدع**»ە وریابكەنەوە..

كاتێك كە پێیان دەوترێ ئەو هەموو «**شیرك‌و بیدع**»ەیە بۆ بنەبڕناكەن لە ناو خۆتاندا وەلاّمیان ئەوەیە دەڵێن جارێك با كورسی دەسەلاّت بگەیەتە دەستمان‌و ببین بە حاكم ئەوجا باسی ئەوانەش دەكەین، ئەمە خۆی بۆ خۆی كەڕوو كاس بوون‌و ئیلغاكردنەوە عەقڵ‌و بیروهۆشیانە بەرامبەر بە دین كە بەو جۆرە هەدەف‌و ئامانجیان لێگۆڕاوە.

چــونکه هــەدەفو ئامانجيــان دەســەڵاتە نــەك دينــداری، بۆيــە ئامــادەن هــەموو ڕێگەيـەكی ناشـەرعی بگرنەبـەر تـەنها لـە پێنـاو گەيـشتن بـە ئامانجەكـەيان ، خـەڵكی ديـنی چـۆن پـێ خـۆش بـێ بـەوجۆرە بـۆی دەگـونجێنن، چيان پـێ خـۆش بـێ حـەڵاڵی دەكـەن و چيان لـە بەرژەوەنـدی نـەبێ حـەرامی دەكـەن، تـەنها لـەپێناو گەيـشتن بـە كورسی دەسەڵات...

**موسڵمانانی هۆشمەن:**

ئـەو «**تەوحيـد ئيتبـاع**»ەی كـە بنـەمای سـەرەكیو كۆڵەكـەی ئەساسـيين بـۆ سـەركەوتنو گێڕانـەوەی حـوكمی خـودا، تـەواوی حـزبو لايەنـە ئيـسلاميەكانی كوردسـتان فەرامۆشـيان كـردووەو ئەوەنـدەی قاچەكورسـيەكی پەرلـەمان بەلايانـەوە گرنگو بايەخدار نييە..

لەبـەر ئـەوە فـەرموو باپێكـەوە لەسـەر ئـەو دوو خاڵـە ڕوونكردنـەوەی زيـاتر بـاس بكـەين تـاوەكو بۆمـان دەركـەوێ كـە «**تەوحيـد ئيتبـاع**» چـەند گـرنگن ڕپبايـەخنو حـزبو لايەنـە ئيـسلاميەكانی كوردسـتانيش بـە ئەنـدازەی سـەنگو قورسـاييان لـە دينداری دا، بێ دينیو دووری لە دينيش لوشی داون.

# یەكەم
# تاككردنەوەی خودا لەپەرستن دا
# «التوحيد»

تاككردنـەوەی خـودا لـە پەرسـتن دا كـە پێـی دەوتـرێ «**تەوحیـد** » گـەورەترین شـتێكە كـە موسـڵمانان خۆیـانی پـێ پڕچـەك بكـەن بـۆ ئـەوەی بەسـەر بـێ بـاوەڕان دا سەربكەون.

وەكو پێشتر وتمان مەبەست بە «**تەوحید** » ئەوەیە:

دەبـێ پەرسـتن‌و بەندایـەتی بـە تـەنها بـۆ خـودای ئـەنجام بـدرێ‌و هـیچ جۆرێـك لـە جۆرەكـانی پەرسـتن‌و عیبـادەت بـۆ كەسـی تـر ئـەنجام نـەدرێ‌و دەبـێ بـە جـۆرێكی وا خـۆی پـاك بكاتـەوە بـۆ خـودا كەسـی تـر بەشـدار نـەكات لـەو بەندایەتیـەی كـە بـۆ خـودای ئـەنجام دەدات‌و بەشـی كەسـی تـری پێـوە نـەهێڵێت‌و، بـە تـەواوی ڕووی لـە خـوای پـەروەردگار بـێ، بـە تـەنها لـە خـوا بپاڕێتـەوەو داوای كۆمـەكی تـەنها لـە ئـەو بكـات بـۆ دەسـتكەوتنی خێـرو خۆشـی‌و لادانـی زیـان‌و ناخۆشـی، پـەناگرتن‌و تـرس‌و ئومێـدو قوربـانی كـردن‌و نـەزركردنی تـەنها بـۆ خـوا بێـت‌و... بـەلاّم هـەركاتێك جۆرێـك لـە جۆرەكـانی عیبـادەت‌و پەرسـتنی بـۆ غـەیری خـودا كـرد ئـەوا شـەریك‌و هاوبەشی بۆ خوا داناوە..

جـا تـەنها كەسـانێكیش كـە خـوای پـەروەردگار بـەڵێنی پێـدابن كـە سـەریان بخـات‌و عزەتمەنـدیان بـۆ بگێڕێتـەوە تـەنها ئـەو كەسـانەن كـە «**تەوحیـد** » یـان بـە تـەواوی بەرجەسـتە كـردووەو هـەوڵی چەسـپاندن‌و گەیانـدی «**تەوحیـد** » دەدەن‌و بانگەواز دەكەن بۆ دووركەوتنەوە لە شیرك‌و هاوبەش بۆ خوا دانان..

وەكو خوای پەروەردگار دەفەرمووێ:

﴿ وَعَدَ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مِنكُمۡ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ لَيَسۡتَخۡلِفَنَّهُمۡ فِي ٱلۡأَرۡضِ كَمَا ٱسۡتَخۡلَفَ ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِهِمۡ وَلَيُمَكِّنَنَّ لَهُمۡ دِينَهُمُ ٱلَّذِي ٱرۡتَضَىٰ لَهُمۡ وَلَيُبَدِّلَنَّهُم مِّنۢ بَعۡدِ خَوۡفِهِمۡ أَمۡنٗاۚ يَعۡبُدُونَنِي لَا يُشۡرِكُونَ بِي شَيۡـٔٗاۚ وَمَن كَفَرَ بَعۡدَ ذَٰلِكَ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡفَٰسِقُونَ ﴿٥٥﴾ ﴾ النور: ٥٥.

واتە: «خوای گەورە بەڵێنی داوە بەو کەسانەی کە باوەڕیان هێناوە لە ئێوەو کردەوەی چاکەیان ئەنجام داوە کە لە ئایندەیەکی نزیکدا خوای گەورە جێنیشینو پایەداریان دەکات لە وڵاتداو دەیانکات بە دەسەڵاتدار لە زەوی دا، هەروەك چۆن ئیماندارانی پێش ئەمانی جێنیشین کردو سەری خستن بەسەر بێ باوەڕاندا، وە ئەو دینەی کە خوا پێی ڕازییە بۆیان دەچەسپێنێو دەیکات بە حاکم لە وڵاتدا، وە ترسو بیمیان بۆ دەگۆڕێ بە ئارامیو هێمنی، بەمەرجێك کە بە تەنها من بپەرستنو هیچ شتێکی تر نەکەن بەشەریكو هاوبەشم، بەڵام هەرکەس شەریكو بێ باوەڕی بنوێنێ لە دوای ئەوەی کە خودا سەرکەوتووی کردو دەسەڵاتی پێبەخشی، ئەوا بە کەسانێکی فاسق دەژمێرێن».

ئەم ئایەتە پیرۆزە ئاماژە بەو مەرجە دەکات کە موسڵمانان بە هۆیەوە سەرکەوتوو دەبنو خودا دەسەڵاتو پایەدارییان بۆ دەستەبەر دەکات کە ئەویش بریتییە لە ئیمانو کردەوەی چاك﴿ وَعَدَ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مِنكُمۡ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ ﴾ النور: ٥٥. پاشان خوای گەورە خۆی تەفسیری ئەو ئیمانو کردەوە چاکە دەکات کە بنەماو بنچینەکەی بریتییە لە پەرستنی خودا بە تەنهاو دوورکەوتنەوە لە هەموو جۆرەکانی شیركو هاوبەش بۆ خوا دانان﴿ يَعۡبُدُونَنِي لَا يُشۡرِكُونَ بِي شَيۡـٔٗاۚ ﴾ النور: ٥٥.

كەوابوو هەر كردەوەیەك لەسەر بنەمای «**تەوحید** » نەبێ، ئەوا لەلای خوا كردەوەی چاكە نییەو هەرچەندە لە كێشانەو پێوانەی خەڵكی دا بە چاك دابنرێ..

كەوابوو یەكەم مەرجێك بۆ ئەوەی خودا سەركەوتن بە موسڵمانان ببەخشێ ئەوەیە كە تەواوی كردەوەكانیان لەسەر بنەمای «**تەوحید** » بێ‌و بانگەوازو دەعوەشیان هەر بۆ «**تەوحید** »و دووركەوتنەوە لە شیرك بێ.. هەر بۆیە ئەگەر كردەوەو دەعوەی موسڵمانان لەسەر ئەو بنەمایە نەبێ، ئەوا جگە لە دۆڕان‌و شكست خواردن هیچیان بە قسمەت نابێ..

وە پێغەمبەرﷺ دەفەرمووێ:

«بَشِّرْ هَذِهِ الْأُمَّةَ بِالسَّنَاءِ وَالرِّفْعَةِ وَالنَّصْرِ وَالتَّمْكِينِ فِي الْأَرْضِ فَمَنْ عَمِلَ عَمَلَ الْآخِرَةِ لِلدُّنْيَا لَمْ يَكُنْ لَهُ فِي الْآخِرَةِ نَصِيبٌ ».

واتە: «مژدەی سەربەزی قیامەت‌و سەركەوتنی دونیاو دەسەلاَت‌و جێنیشینی لە زەوی دا بدە بە ئوممەتەكەم، بەلاَم هەركەس بەناوی دین‌و قیامەتەوە بۆ دونیا بژی، ئەوا لە قیامەت بەشی نییە»[١٢]

ئەم فەرموودە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی كە ئەو سەركەوتن‌و عزەتمەنی‌و خەلافەتەی كە دەستی موسڵمانان دەكەوێ بەستراوەتەوە بە مەرجێكی زۆر

(١٢) صحيح ابن حبان - كتاب البر والإحسان باب الإخلاص وأعمال السر - ذكر وصف إشراك المرء بالله جل وعلا في عمله حديث : ٤٠٦.و مسند أحمد بن حنبل - مسند الأنصارحديث أبي العالية الرياحي - حديث : ٢٠٦٨٣ وقال الشيخ الألباني حديث صحيح وانظر حديث رقم : ٢٨٢٥ في صحيح الجامع.

گرنگەوە کە «**تەوحید**»و یەکخواپەرستییە، چونکە هەرکەس نییەتو مەبەستی پاك نەکاتەوە بۆ خودا لە کردارەکانی داو، دین بەکاربهێنێ بۆ ئەوەی بگات بە مەنصەبو پلەی دونیایی ئەوا خودا سەرکەوتووی ناکاتو بێ بەشی دەکات لەسەرکەوتنو عزەتمەندی، چونکە کێشە لە «**تەوحید**»ەکەی دا هەیە کە ئیخلاصی نییە لە کردارەکانی دا، ئەمەش ئەوەیە کە پێغەمبەرﷺ ئاماژەی بۆ کرد: «فَمَنْ عَمِلَ عَمَلَ الْآخِرَةِ لِلدُّنْيَا لَمْ يَكُنْ لَهُ فِي الْآخِرَةِ نَصِيبٌ ».واتە: «هەرکەس بەناوی دینو قیامەتەوە بۆ دونیا بژی، ئەوا لە قیامەت بەشی نییە».

ئەو ئایەتەی کە پێشتر باسمانکرد لەگەڵ ئەم فەرموودەی پێغەمبەرداﷺ هەمان واتا دەگەیەنن کە ئەویش مژدەدانە بەسەرکەوتنی موسڵمانان بەسەر کوفرو بێ باوەڕان، ئایەتەکە ئیمانو کردەوەی چاکی کرد بە مەرجی دەستکەوتنی ئەو سەرکەوتنو عزتمەندیە، وە بنەماو ئەساسێکی زۆر مەحکەمی دانا بۆ ئەو ئیمانو کردەوە چاکە کە «**تەوحید**»و دوورکەوتنەوەیە لە شیرك، وە فەرموودەکەش بە هەمان شێوە دەستەکەوتنی سەرکەوتنەکەی بەستوەتەوە بە ئیلاخصو پاککردنەوەی نیەتو مەبەست لەو کردەوانەی کە دەکرێ بۆ خودا کە ئەویش هەر «**تەوحید**»و دوورکەوتنەوەیە لە شیرك لە نییەتو مەبەست دا..

جامادام جێ بەجێ کردنی «**تەوحید**»و دوورکەوتنەوە لە شیرك مەرجی ئەساسیو بنەمای ڕەسەنی سەرکەوتن بێ، کەوابوو گوێنەدان بە «**تەوحید**»و دوورنەکەوتنەوە لە شیرك هۆکاری سەرەکیو دەردو نەخۆشی کوشندەی فەشەلو دۆڕانی موسڵمانانە..

**کەوابوو ئەی موسڵمانی ژیر:**

بیربكـــەرەوە لـــەو مەرجـــە گـــەورەی كـــە خـــواو پێغەمبـــەرﷺ دایـــان نـــاوە بـــۆ سـەركەوتن‌و عزەتمەنـدی... وە بیـــربكەرەوە لــە حــاڵ‌و كــردارو دەعــوەو بانگــەوازی ئـەمڕۆی هــەموو ئــەو كەســانەی كــە دەیانــەوێ ســەركەوتن‌و دەســەلاَت‌و حــوكم بــۆ موسڵمانان بگێڕنەوە!!!

ئایـا خـودا لەسـەر دەسـتی كەسـانێك سـەركەوتن دەبەخـشێ كـە بـاوەڕی بـەوە هـــەبێ هانـــابردن‌و پاڕانـــەوە لـــە قـــەبری پیاوچـــاكان بەشـــێكە لـــە دیـــنی پێغەمبەرانﷺ؟؟!!!

ئایـــا خـــودا لەســـەر دەســـتی كەســـانێك ســـەركەوتن دەبەخـــشێ كـــە دڵـــی بـــە داروبەردی سەرقەبر خۆش بێ؟؟!!

ئایـــا خـــودا لەســـەر دەســـتی كەســـانێك ســـەركەوتن دەبەخـــشێ كـــە ســـوجدە بـــۆ قەبر بەرێ؟؟!!

ئایـــا خـــودا لەســـەر دەســـتی كەســـانێك ســـەركەوتن دەبەخـــشێ كـــە دینـــداری بكـــات‌و باســـی دیـــن بكـــات بـــۆ ئـــەوەی بگـــات بـــە كورســـی‌و مەنـــصەبی دونیـــایی خۆی؟؟!!

ئایـــا خـــودا لەســـەر دەســـتی كەســـانێك ســـەركەوتن دەبەخـــشێ كـــە بیانـــەوێ لـــە ڕێگـــەی حـــەلاڵ كردنـــی حەرامەكانـــەوە بگـــەن بـــە ئـــاواتی خۆیـــان؟؟!! ئایـــا...؟؟؟ ئایا...؟؟

**موسڵمانی هوشمەن:**

بـاش بزانــە كــە هەركــەس‌و دەســتەو تاقمێــك تــەنها ئــەوەی مەبەســت بــێ كــە زۆرتـــرین كـــەس‌و لایـــەنگر بـــۆ خـــۆی گـــردەوە بكـــات، ئـــەوا نـــاتوانێ «**تەوحید**»

بكاتــە بنــەمای كــارو دەعــوەو بانگــەوازی، هەربۆیــە جگــە لــە فەشــەلو دۆڕان هیچی بە قسمەت نابێ..

**موسڵمانی بەڕێز:**

پێغەمبــەرﷺ هــەرگیز بــێ دەنــگ نــەدەبوو لــە ســەر «**تەوحیــد**»و شــیرك تەنانەت لەكاتی جەنگو جیهادیش دا:

پێغەمبــەرﷺ لەگــەڵ هاوەڵــەكانی دا دەرچــوون بــۆ جــەنگی «حونــەین» وە لــەناو هاوڵــەكانی دا هەنــدێكی تێــدابوو تــازە موســڵمان بــوو بــوونو شــارەزایی تەواویان نەبوو دەربارەی وردەكاریەكانی «**تەوحید**»و شیرك...

ئـەم هاوەڵـە بەڕێزانـە بینیـان بـێ بـاوەڕان درەختێكیـان دانـاوە... كـە شمـشێرو تـیرو ڕمــەكانیان بــەو درەختــەدا هەڵدەواســن بــە نیــەتی ئــەوەی كــە چــەكەكانیان موفەڕەكـدار بـێ... چونكە ئـەو درەختـەیان بـە پـیرۆزو موفـەڕەك دەزانـی... جـا ئـەو هاوەڵـە تـازە موسـڵمان بووانـە داوایـان لـە پێغەمبـەرﷺ كـرد كـە بـا ئـەمانیش وەك موسـڵمان درەختێكیـان هـەبێ ، شمـشێرو تیرەكانیـانی پێـدا هەڵبواسـن، وەكـو چـۆن بێ باوەڕان هەیانە!!!

پێغەمبەریش ﷺ توڕەبوو فەرمووی:

« اللَّهُ أَكْبَرُ هَذَا كَمَا قَالَتْ بَنُو إِسْرَائِيلَ لِمُوسَى«اجْعَلْ لَنَا إِلَهًــا كَمَــا لَهُــمْ آلِهَــةً » إِنَّكُمْ تَرْكَبُونَ سُنَنَ الَّذِينَ مِنْ قَبْلِكُمْ».

واتە: « اللَّـــهُ أَكْبَـــرُ ئائـەو قسەی كـە ئێـوە كردتـان كتومـەت وەكـو ئـەو قسەیە وابــوو كــە بەنوئیــسرائیل بــە موســی یــان ووت: ئــەی موســی پەرســتراوێكمان بــۆ

دابنێ وەکو ئەو پەرستراوانەی کە بێ باوەڕان هەیانە، بەڕاستی ئێوەش شوێنی کارو ڕەفتاری گاورو جولەکە دەکەونو شوێن پێی ئەوان هەڵدەگرن»[١٣]

بیربکەرەوە لەم فەرموودەیە کە چەند گەورەیە، پێغەمبەرﷺ بێ دەنگ نەبوو لەسەر قسەیەك کە سەردەکێشێ بەرەو شیرك بەڵکو ڕوونی کردەوە کە ئەوە شیرکەو دەبێ وازی لێ بهێنن، وە تازە موسڵمان بوونی ئەوانیشی نەکرد بە بیانوو بۆ ئەوەی بێ دەنگ بێو هیچ نەڵێ دەربارەی ئەو هەڵە عەقیدەییە، چونکە دەیزانی هەڵەی لەو جۆرە لە ناو ڕیزی موسڵمانان دا هۆکارە بۆ شکست هێنان نەك سەرکەوتن، هەروەك چۆن لەسەرەتادا موسڵمانان لەو شەڕەدا شکستیان هێنا..

جا ئەگەر پێغەمبەرﷺ بەو جۆر تورە ببێ لە ئاستی تەنها قسەیەك کە بۆنی شیرکی لێ بکرێو لە لایەن کۆمەڵە کەسانێکەوە بکرێ کە نیەتو مەبەستشیان پاك بێ کە صەحابە بوون، ئەدی دەبێ پێغەمبەرﷺ هەڵوێستی چۆن بێ بەرامبەر ئەو هەموو شیرکەی کە ئەمڕۆ دەبینرێ لە ڕیزی موسڵمان داو دەیشیانەوێ سەرکەوتنو عزەتمەندی بۆ موسڵمانان بگێڕنەوە، چەندین کەس دەبینرێ لە ناو ڕیزی جەماعەتو تاقمە ئیسلامیەکان دا خۆی کاندید دەکات بۆ ئەوەی حوکمی ئیسلامو سەرکەوتن بگێڕێتەوە لەکاتێك دا بە دیار قەبری شێخێکەوە جۆشدادەداتو پێی وایە کە قەبری ئەو پیاو چاکە لەلای خودا شەفاعەتی بۆ دەکات!!! چەندین کەسیان تێدایە کە باسکردنی

---

(١٣) مسند أحمد بن حنبل - مسند الأنصار حديث أبي واقد الليثي - حديث : ٢١٣٢٩.وقال الشيخ الألباني حديث صحيح وانظر مشكاة المصابيح - (٣ / ١٧٤/٥٤٠٨).

«**تەوحید**»و شیرك بە گرنگ نازانیٚ‌و پیٚی وایە کە کاتی باسکردنی ئەو شتانە کاتی نییە بە بیانووی ئەوەی کە جەماوەر دەرەویٚتەوە!!!

ئایا کۆمەڵو دەستەو تاقمیٚك کە ئەم جۆرە کەسانە پیٚشەواو پیٚشەنگو ئاڵا هەڵگرو دەمڕاستو ئەمیری بیٚ دەبیٚ چاوەڕیٚی چ خیٚریٚکی لیٚ بکریٚ بۆ موسڵمانان؟؟؟ دەبیٚ چ سەرکەوتنیٚك لەمانەوە دەستەبەر بیٚ ؟؟ ئەوەی دوای کەوای شڕو کڵاوی بابردووی ئەوان بکەویٚ.. تەنها دەبیٚ لە خیٚوەتی خیانەتو پەردەی فیٚڵاوی ئەوان دا گوٚیزان بژمیٚریٚ...

موسڵمانانی ئەمڕۆ هەتا بەو جۆرە بنو «**تەوحید**» بە شتیٚکی لاوەکی بزانن‌و چەقی دەعوەو بانگەوازیان «**تەوحید**» نەبیٚ‌و، سوڕگەی کارو چالاکیان «**تەوحید**» نەبیٚ، ئەوا شتیٚکی مەحاڵو چاوەڕوان نەکراوە کە ئومیٚدی ئەوەیان لیٚ بکریٚ سەرکەوتن‌و حوکمی ئیسلام بگیٚڕنەوە...

ئیمامی «إبن تيمية» بەڕەحمەت بیٚ لە کتابی « الرد على البكري ٢ / ٧٣٣» :

ئاماژە بەوە دەکات کاتیٚك کە مەغۆلەکان هیٚرشیان هیٚنا بۆ وڵاتی شام، موسڵمانان دەرچوون بۆ بەرگری کردن دژ بە هیٚرشی داگیرکاری مەغۆل، دەفەرمویٚ لە ناو موسڵمانان دا شیرك‌و هاوبەش بۆ خوا دانان بوونی هەبوو، موسڵمانان لە قەبری پیاوچاکان دەپاڕانەوە بۆ ئەوەی خودا لەو هیٚرشە سەرکەوتویان بکاتو لە دەست مەغۆل ڕزگاریان بکات، پەنایان بە قەبری پیاوچاکان دەگرتو قوربانی‌و سەربڕینیان بۆ دەکردن...

وەکو هەندیٚ شعریان لیٚوە نەقڵ دەکات:

يا خائفين من التتر ... لوذوا بقبر أبي عمر

ئەی ئەو كەسانەی كە ترستان هەیە لە تەتەر
ڕزگار دەبن ئەگەر پەنا ببەن بۆ قەبری ئەبی عومەر
عوذوا بقبر أبي عمر ... ينجيكم من الضرر
پەنابەرن بۆ قەبری ئەبی عومەر
ڕزگار دەبن لە زەرەر

جا لەو كاتەدا ئیمامی «إبن تيمية» بەڕەحمەت بێ دەعوەو بانگەوازی بۆ ئەوە دەكرد كە موسڵمانان پێش ئەوەی جیهادی مەغۆل بكەن با عەقیدەو بیروباوەڕی خۆیان چاك بكەن، چونكە ئەگەر بەو بیروباوەڕە شیركییەوە بیانەوێ جیهاد بكەنو بەسەر مەغۆل دا سەربكەون، ئەوا خودا سەركەوتنیان پێ نابەخشێ، چونكە «تەوحید» كە بنەمای سەركەوتنە لە موسڵمانان دا كاڵ بۆتەوەو شیركیش كە هۆكاری شكستو دۆڕانە لە ناو موسڵمانان دا بڵاوبۆتەوەو بیروباوەڕی موسڵمانانی تەنیوەتەوە.

بۆیە فەمووی پیان:

«فقلت لهم هؤلاء الذين تستغيثون بهم لو كانوا معكم في القتال لانهزموا كما انهزم من انهزم من المسلمين يوم أحد فإنه كان قد قضى أن العسكر ينكسر لأسباب اقتضت ذلك ولحكمة الله عز و جل في ذلك».

واتە: «پیانم ووت: ئەو پیاو چاكانەی كە ئێوە لێیان دەپاڕێنەوەو داوای فریاكەوتنیان لێدەكەن، ئەگەر ئەوان خۆیان بۆ خۆیان ئێستا زیندوو بوونایەوەو لەگەڵ ئێوە بوونایە، ئەوا ئەوانیش وەكو ئێوە شكستیان دەهێناو سەرنەدەكەوتن وەكو چۆن موسڵمانان لە شەڕی ئوحوددا سەرنەكەوتن، چونكە خودا كۆمەڵێك شتی كردووە بە هۆكاری دۆڕانو شكست خواردن لە ناو بەرەی جەنگو شەڕدا،

ئـەوەش حیكمەتێكـە خـودا دایـنـاوە كـە هـەتا موسـڵمانان تـاوانو سەرپێـچیان تێـدا بێ سەركەوتن بە دەست ناهێنن»[١٤]

ئیمامی «إبن تیمیە» بەڕەحمەت بێ لەم قسەیەدا ئاماژە بۆ دوو خاڵ دەكات:

**یەكـەم**: ئەوكەسـانەی كـە هـەوڵ دەدەن سـەركەوتن بـۆ موسـڵمانان بگێڕنـەوەو لەگـەڵ بـێ بـاوەڕان دا ڕوو بـەڕوو دەبنـەوە، پێویـستە پـێش هـەموو شـتێك خۆیـان عەقیـدەو بیروباوەڕیـان پـاك بێـت لـە هـەموو شیركو خورافـەتێك، بـە جۆرێـك ئەگـەر لـە نـاو ڕیـزی موسـڵمانان دا كەسـانی چـاكو عەقیـدە پـاكیش هـەبێ ئـەوا سـوودی نییـە بۆیـان هـەتاوەكو هـەموویان عەقیـدەوبیروباوەڕیان پـاك نـەبێ.. ئـەوەش دەكـات بـە بەڵگـە كـە لەشـەڕی ئوحـوددا كۆمـەڵێك لـە صـەحابە فـەرمانی پێغەمبـەریانﷺ شـكاند، ئـەوەبوو موسـڵمانان شكـستیان هێنـاو سـەرنەكەوتن، لـەكاتێك دا پێغەمبەرﷺ خۆی بۆ خۆی لە ناو ڕیزی موسڵمانان دا بوو.

**دووەم**: ئیمـامی«إبـن تیمیـە» بەڕەحمـەت بـێ ئامـاژەش بـەوە دەكـات كـە موسـڵمانان لـە شـەڕی ئوحـوددا شكـستیان هێنـا بـە هـۆی تاوانێكـەوە كـە كۆمـەڵێك لـە موسـڵمانان ئـەنجامیان دا، لەگـەڵ ئـەوەش دا تاوانەكـەی ئـەوان بـە هـیچ شـێوەیەك ئەوەنـدەی شـیرك خـراپو گـەورە نـەبوو، جـا ئەگـەر صـەحابە تاوانێـك بكـەن خـودا سـەركەوتنیان پـێ نەبەخشێ، ئـیتر بـەچ عەقڵێكـەوە بیرتـان بـۆ ئـەوە دەچـێ كـە خـودا ئێوە سەربخات لەكاتێك دا شیركو بیدعەتان تێدایە !!!

پاشـان ئیمـامی «إبـن تیمیـە» بەڕەحمـەت بـێ باسـی ئـەوە دەكـات كـە زانایـانو میراتگرانـی پێغەمبـەرﷺ لـە وەهـا حاڵەتێكـدا كـە موسـڵمانان شـیركو بیدعەیان تێدا بووبێ، ڕێگـەیان بـەوە نـەداوە كـە جیهـاد بكـرێ، چـونكە زانیویانـە

(١٤) الرد على البكري – (٢ / ٧٣٣).

كـە سـەركەوتن دەسـتەبەر نـابێ بـە هـۆی كەسـانێكەوە كـە عەقيـدەوبيروباوەڕيان پاك نەبێ:

دەفەرمووێ:

«ولهذا كان أهل المعرفة بالدين والمكاشفة لم يقاتلوا في تلك المرة لعدم القتال الشرعي الذي أمر الله به ورسوله ولما يحصل في ذلك من الشر والفساد وانتفاء النصرة المطلوبة من القتال فلا يكون فيه ثواب الدنيا ولا ثواب الآخرة لمن عرف هذا وهذا..».

واتـە: «جـا لەبـەر ئـەوەی حـاڵی موسـڵمانان بـەو جـۆرە پربـوو لـە شـيرك، بۆيـە زانايـانو شـارەزايانی ديـن لـەم قۆناغـەدا جيهاديـان نـەكردووە، چـونكە ئـەو جـۆرە جيهـادە كـە هـەڵگرانی شـيركيان تێـدابێ ئـەو جيهـادە شـەرعی نييـە كـە خـواو پێغەمبـەرﷺ داوايـان كـردووە، وە جيهادێـك كـە بـەو كەسـانە بكـرێ شـەڕو خراپەی زياتری لێدەكەوێتـەوە تـا سـوودو قـازانجی، وە هـەروەها ئـەو سـەركەوتنەش كـە جيهـادی لـە پێنـاودا دەكـرێ دەسـتەبەر نـابێ، كـەوابوو ئەگـەر كەسـێك درك بـەو ڕاسـتيانە بكـات ئـەوا تێـدەگات ئـەو جيهادكردنـە نەسـوودی بـۆ قيامـەت هەيە، وە نەسوودی بۆ دونياش هەيە..»[١٥]

دوای ئەوە باسـی ئـەوە دەكـات كـە پـێش ئـەوەی دەسـتبكەن بـە جيهـاد كـردن، دەسـتيان كـرد بـە دەعـوە كـردن بـۆ «**تەوحيـد**»و ڕاسـتكرنەوەی بيروبـاوەڕی موسڵمانان:

دەفەرمووێ:

(١٥) الرد على البكري – (٢ / ٧٣٣).

«فلما كان بعد ذلك جعلنا نأمر الناس بإخلاص الـدين لله عـز و جـل والاسـتغاثة به وأنهم لا يستغيثون إلا إياه لا يـستغيثون بملـك مقـرب ولا نـبي مرسـل ... فلمـا أصلح الناس أمورهم وصدقوا في الاستغاثة بربهم نصرهم علـى عـدوهم نـصرا عزيـزا ولم تهزم التتار مثل هذه الهزيمة قبل ذلك أصلا لما صـح مـن تحقيـق توحيـد الله تعـالى وطاعة رسوله».

واتـە: «دوای ئـەوە دەسـتمان كـرد بـە دەعـوەكردنو بـانگكردنی خـەڵكی بـۆ ئـەوەی دینـداریو عیبادەتـەكانیان پـاك بكەنـەوە بـۆ خـوای پـەروەردگار، وە بـە تـەنها داوای فریاكـەوتن لـەو بكـەنو داوای فریاكـەوتن لەكەسـی تـر نەكـەن تـەنها خـودا نـەبێ، داوای فریاكـەوتن لـە مەلائكـە نەكـەن هەرچـەندە لـە خـواش نزیكـە، وە داوا لـە پێغەمبـەرێكش نەكـەن هەرچـەندە ڕەوانـەكراوی خوداشـە .. جـا كاتێـك كـە بیروبـاوەڕی خـەڵكی پـاك بوویـەوەو بەڕاسـتیو بـە پـاكی تـەنها داوای فریاكـەوتنیان لـە خـودا دەكـرد، ئـیتر خـودا بـە جـۆرێكی وەهـا بەسـەر دوژمنـان دا سەریخستن كـە پێـشتر مـەغۆل شكـستی وەهـای بـە خۆیـەوە نـەبینیبوو، ئـەوەش بەرهـەمی ئـەوە بـوو كـە بـە ڕاسـتی «**تەوحیـد**»ی خودایـان بەرجەسـتەكرد لـە خۆیـان داو بـە باشـی شوێنی پێغەمبەرﷺ كەوتن»[١٦]

كەوابوو:

موسـڵمانان بـە هـیچ شـێوەیەك نـاتوانن حـوكمی خـودا بگێڕنـەوەو لـە واقعـدا بچەسپێنن، هەتاوەكو حوكمی خوا لە خۆیان دا بەرجەستە نەكەن:

وەكو خودا دەفەرمووێ:

---

(١٦) الرد على البكري - (٢ / ٧٣٣- ٧٣٨).

﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُغَيِّرُ مَا بِقَوۡمٍ حَتَّىٰ يُغَيِّرُواْ مَا بِأَنفُسِهِمۡ﴾ الرعـــد: ١١. واتـــە: « بـە ڕاسـتی خـودا حـاڵو بـاری هـیچ كۆمەڵگایـەك نـاگۆڕێ، هـەتاوەكو خۆیـان بـۆ خۆیـان نەگۆڕێن».

**خوێنەری بەڕێز:**

بیربكەرەوە لـەو قسـەیە كـەئیمامی «إبـن تیمیـه» فـەرمووی: « تحقیـق توحیـد الله تعـالى وطاعـة رسـوله» لـەوە تێدەگـەین كـە زانایـانی ئـەهلی سـوننەو شـوێنكەوتەی سـەلەفی صـاڵح «**تەوحیـد**»و شـوێنكەوتنی پێغەمبـەرﷺ دوو مەرجی بێ چەندو چوون بووە لەلایان بۆ سەركەوتن گێڕانەوەی حوكمی خودا.

ئەوەنـدەی كـە وتـرا مـەرجی یەكـەمی سـەركەوتن بـوو كـە بـریتی بـوو لـە تاككردنەوەی خودا لە پەرستن دا واتە: «**تەوحید**».

مـەرجی دووەمـیش بـۆ سـەركەوتن بریتیـە لـە تاككردنـەوەی پێغەمبـەرﷺ لـە شوێنكەوتن دا.

# دووەم
# تاككردنەوەی پێغەمبەرﷺ لە شوێنكەوتن دا
# «ئیتیباع»

تاككردنــەوەی پێغەمبــەرﷺ لــە شــوێنكەوتندا مــەرج و بنــەمای دووەمــە بــۆ گەڕانەوەی حوكمی خواو سەركەوتنی موسڵمانان.

مەبەســتیش بــە تاككردنــەوەی پێغەمبــەرﷺ لــە شــوێنكەوتن دا: واتــە ئــەو بەندایــەتیو دینداریــەی كــە بــۆ خــودا دەكــرێ، دەبــێ چــۆنیەتی كردنــیو شــێوازی ئەنجامدانی بەو جۆرەبێ كە پێغەمبەرﷺ كردوویەتی یان فەرموویەتی.

بــە واتایــەكی تــر هــەروەكو چــۆن نیــازو مەبەســت لــە كردنــی عیبــادەتو بەندایــەتیو دینــداری دەبــێ تــەنها خــودا بــێو لەســەر ئەساسو بنــەمای «**تەوحیــد**» بــێ، بــە هــەمان شــێواز دەبــێ چــۆنیەتیو شــێوازی كردنــی ئــەو عیبــادەتو بەندایــــەتیو دینداریــــەش بــــە تــــەواوی كــــوكو تــــەبابێ لەگــــەڵ ســــوننەتی پێغەمبەرﷺو لەسەر ئەساسو بنەمای «**ئیتیباع**» بێ.

**موسڵمانی هوشمەند:**

ئــەوەی كــە باســمانكرد بــریتی بــوو لــە مانــای شــوێنكەوتن بــۆ پێغەمبــەرﷺ كــە بنــەمای دووەمــە بــۆ ئــەوەی ئینــسانی موســڵمان دینــداری كردنــی لــەلای خــودا قەبوڵو وەرگیراو بێ.

جــا تــەنها كەســانێكیش كــە خــوای پــەروەردگار بــەڵێنی پێــدابن كــە ســەریان نجــاتو عزەتمەنــدیان بــۆ بگێڕێتــەوە تــەنها ئــەو كەســانەن كــە دینــداریان لەســەر ئەساســی «**تەوحیــد**»و بنــەمای «**ئیتیبــاع**»و شــوێنكەوتنە بــۆ پێغەمبــەرﷺ،

واتــە دەعــوەو بانگــەوازیان بــۆ ئەوەیــە کــە خــەڵکی بگێڕنــەوە بــۆ ئــەوەی تــەنها دینــداری بــۆ خــودا بکــەنو بــەو شــێوازەش بیکــەن کــە پێغەمبــەرﷺ کردووەیــەتیو فەرموویەتی، وە خەڵکی دووربکەنەوە لە شیرك و بیدعە..

ئــەو ئایەتــەی کــە لــە بنــەمای یەکــەم دا باســمــان کــرد خــوای گــەورە بــەڵێنی ســەرکەوتنی داوە بەکەســانێك کــە لەگــەڵ ئیمانەکەیانــدا کــردەوەی چــاك ئــەنجام دەدەن وەکو خوای پەروەردگار دەفەرمووێ:

﴿ وَعَدَ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مِنكُمۡ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ لَيَسۡتَخۡلِفَنَّهُمۡ فِي ٱلۡأَرۡضِ كَمَا ٱسۡتَخۡلَفَ ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِهِمۡ وَلَيُمَكِّنَنَّ لَهُمۡ دِينَهُمُ ٱلَّذِي ٱرۡتَضَىٰ لَهُمۡ وَلَيُبَدِّلَنَّهُم مِّنۢ بَعۡدِ خَوۡفِهِمۡ أَمۡنٗاۚ يَعۡبُدُونَنِي لَا يُشۡرِكُونَ بِي شَيۡـٔٗاۚ وَمَن كَفَرَ بَعۡدَ ذَٰلِكَ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡفَٰسِقُونَ ٥٥ ﴾ النور: ٥٥.

کــەوابوو مــژدەی ســەرکەوتنەکە تــەنها شــولی کەســانێك دەکــات کــە خــاوەنی ئــەو دینداریــە بــن کــە لــەلای خــودا چــاكو پەســەندو وەرگــیراوە، بــە پێــچەوانەشەوە ئــەو کەســانەی کــە خــاوەنی ئــەو دینداریــە نــین کــە لــەلای خــودا پەســەندو وەرگــیراوە، ئــەوا بە هیچ شێوەیەك سەرکەتن شمولیان ناکات.

وەکــو پێــشتریش ئامــاژەمــان پێکــرد دینــداریو بەندایــەتی کاتێــك لــە لای خــودا پەســەندو وەرگــیراو دەبــێ کــە لەســەر ئــەو دوو بنەمایــە بــێ «**تەوحیــد**»و«**ئیتیبــاع**» شوێنکەوتن بۆ پێغەمبەرﷺ، وە دوور بێ لە شیركو بیدعە..

کــەوابوو هــەر کردەوەیــەك لەســەر بنــەمای «**تەوحیــد**»و «**ئیتیبــاع**» نــەبێ، ئــەوا لــەلای خــوا پەســەندو وەرگیراو نییــەو هەرچــەندە لــە کێــشانەو پێوانــەی خــەڵکی دا بــە چاك دابنرێ..

وەکو پێغەمبەریشﷺ دەفەرمووێ:

« مَنْ أَحْدَثَ فِي أَمْرِنَا هَذَا مَا لَيْسَ فِيهِ فَهُوَ رَدٌّ ».

واته:« هەرکەسێك شتێك لە دین دا دابهێنیّ‌و بیكات بە دین لە خەڵك‌و ئەو شتەش لە دین دا نەبیّ، ئەوا وەرناگیریّ»(١٧)

« مَنْ عَمِلَ عَمَلًا لَيْسَ عَلَيْهِ أَمْرُنَا فَهُوَ رَدٌّ ».

واته:« هەرکەسێك عیبادەت‌و بەندایەتیەك بكات‌و فەرمانی ئێمەی لەسەر نەبیّ، ئەوا خودا وەرینا گریّ»(١٨)

جامادام دینداری کردن کتومەت وەکو پێغەمبەرﷺ مەرجی سەرکەوتن‌و گەڕانەوەی حوکمی خوا بیّ، کەوابوو هەر دینداریەك لەگەڵ سوننەتی پێغەمبەرداﷺ یەکنەگرێتەوەو تێکەڵ‌و پێکەڵ بیّ بە بیدعەو خورافیات ئەوا هۆکاری سەرەکیە بۆ دۆڕانی موسڵمانان‌و شکستخواردنیان..

وە خوای گەورە لە سورەتی «آل عمـــران»دا سەرکەوتنی موسڵمانانی بەسەر بیّ باوەڕان دا بەستوتەوە بە شوێنکەوتن بۆ پێغەمبەرﷺ، وەکو دەفەرمووێ:

﴿ وَجَاعِلُ ٱلَّذِينَ ٱتَّبَعُوكَ فَوْقَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ إِلَىٰ يَوْمِ ٱلْقِيَـٰمَةِ ﴾آل عمران: ٥٥.

واته: خوای گەورە بە «عیسى» پێغەمبەری‌عليه‌السلام فەرموو: «تا ڕۆژی قیامەت ئەو کەسانەی کە شوێنکەوتەی تۆ بن بەسەر بیّ باوەڕان دا سەریان دەخەم ».

هەڵبەت ئەم ئایەتە باسی پێغەمبەر«عیسى» دەکات‌عليه‌السلام، بەڵام مەبەستی ئایەتەکە بۆ پێغەمبەری خۆمانﷺ‌و موسڵمانانە ، تاوەکو موسڵمانانی ئەو

---

(١٧) صحيح البخاري - كتاب الصلح باب إذا اصطلحوا على صلح جور فالصلح مردود - حديث : ٢٥٧١.

(١٨)صحيح مسلم - كتاب الأقضية باب نقض الأحكام الباطلة - حديث : ٣٣٢٩

ئوممەتەش تێبگەن کە سەرکەوتنی خوایی بۆ ئەمانیش تا ئەو ئاستەیە کە ئەمان شوێنکەوتەی پێغەمبەر بنﷺ و دینداریان کتومەت وەکو دینداریەکەی ئەو بێ، بۆیە ئەگەر وانە بوون ئەوا لەسەرکەوتنی خودایی بێ بەش دەبن..

کەوابوو سەرکەوتنی بێ باوەڕان بەسەر موسڵمانان دا لەبەر ئەوە نییە کە بگوترێ خودا بەڵێنەکەی خۆی بە جێ نەگەیاندووە، بەڵکو لەبەر ئەوەیە کە موسڵمانان دینداریان کتومەت وەکو پێغەمبەرﷺ نییە.

وەکو ئیمامی«السعدي» لە تەفسیرەکەیدا« تفسیر السعدي(١ / ١٣٢)» لە لێکدانەوەی ئەم ئایەتەدا دەفەرمووێ:

« وإنما يحصل في بعض الأزمان إدالة الكفار من النصارى وغيرهم على المسلمين، حكمة من الله وعقوبة على تركهم لاتباع الرسول صلى الله عليه وسلم».

واتە: « بێ باوەڕانی وەکو خاچ پەرستو ئەوانی تر هەندێ جار بەسەر موسڵمانان دا سەردەکەون، ئەمەش حیکمەتێکە خودا داینــاوەو کردویەتی بە سزاو عیقاب بۆ موسڵمانان بەهۆی واز هێنان لە شوێنکەوتنیان بۆ پێغەمبەرﷺ»[١٩]

وە ئیمامی «الشوكاني» لە تەفسیرەکەی دا« فتح القدير (١ / ٤٧٣)» تەفسیری ئەو ئایەتە بەو فەرموودەیەی پێغەمبەرﷺدەکات کە دەفەرمووێ:

«لاَ تَزَالُ طَائِفَةٌ مِنْ أُمَّتِي عَلَى الْحَقِّ مَنْصُورَةٌ حَتَّى يَأْتِيَ أَمْرُ اللهِ» واتە: « بە بەردەوام کۆمەڵێك لە موسڵمانانی ئوممەتەکەم لەسەر حەق دەمێننەوە، وە بە هۆی مانەوەیان لەسەر حەق بەردەوام خوداش سەرکەوتوویان دەکات بەسەر ئەو

(١٩) تفسير السعدي – (١ / ١٣٢).

كەسانەی كە دوژمنایەتیو دژایەتیان دەكەن، وە ئەو كۆمەڵە ئەمێننەوە لەسەر زەوی تا ئەو ڕۆژەی خودا قیامەتی ئیمانداران دێنێ»[٢٠].

«لَا تَزَالُ طَائِفَةٌ مِنْ أُمَّتِي عَلَى الْحَقِّ ظَاهِرِينَ لَا يَضُرُّهُمْ مَنْ يَخْذُلُهُمْ حَتَّى يَأْتِيَ أَمْرُ اللَّهِ ».

واتە: «بە بەردەوام كۆمەڵێك لە موسڵمانانی ئومەتەكەم لەسەر حەق دەمێننەوە، كە لە كردارو گفتاریان دا دینداری حەقیان پێوە دەردەكەوێت، وە ئەو كەسانەش كە دژایەتی دوژمنایەتیان لەگەڵ دەكەن ناتوانن لە دینداری حەق وەریانگێڕن بە شوبهەو گومان، وە ئەو كۆمەڵە ئەمێننەوە لەسەر زەوی تا ئەو ڕۆژەی خودا قیامەتی ئیمانداران دێنێ»[٢١].

وە ئەو كەسانەش كە تا ڕۆژی قیامەت لەسەر حەق دەمێننەوە ئەوانەن كە دینداریان كتومەت وەكو دینداری پێغەمبەرﷺو صەحابەیە، وەكو پێغەمبەرﷺ خۆی دەفەرمووێ:

«وإِنَّ أُمَّتِي سَتَفْتَرِقُ عَلَى ثِنْتَيْنِ وَسَبْعِينَ فِرْقَةً كُلُّهَا فِي النَّارِ إِلَّا وَاحِدَةً وَهِيَ مَا أَنَا عَلَيْهِ وَأَصْحَابِي».

---

(٢٠)سنن ابن ماجه - كِتَاب الْمُقَدِّمَةِ - بَاب اتِّبَاعِ سُنَّةِ رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- حديث:١٠. قال الشيخ الألباني:حديث صحيح، أنظر صحيح سنن ابن ماجة - (١ / ١٠/٧).

(٢١)صحيح مسلم - كتاب الإمارة باب قوله صلى الله عليه وسلم : " لا تزال طائفة - حديث : ٣٦٣٦ .

**واتە: « ئوممەتەكەی من دەبێ بە حەفتاو سێ فیرقەوە، هەموویان بۆ ئاگرن تەنها یەك كۆمەڵیان نەبێ ، كە ئەوانیش ئەو جەماعەتەن كە دینداریان كتومت وەكو ئەو دیندارێیە كە ئەمڕۆ منو صەحابە لەسەرین».**(٢٢)

**كەوابوو: سەركەوتنو گێڕانەوەی حوكمی خودا تەنها لەسەر دەستی كەسانێك خودا دەیبەخشێ، كە خاوەنی ئەو كردارە بەرزە بن كە دینداریان كتومت وەكو دینداری پێغەمبەرﷺو صەحابەیە..**

**وە هەروەها خوای پەروەردگار لە شوێنێكی تر دەفەرمووێ:**

﴿ إِنَّ ٱللَّهَ مَعَ ٱلَّذِينَ ٱتَّقَواْ وَّٱلَّذِينَ هُم مُّحۡسِنُونَ ١٢٨ ﴾ النحل: ١٢٨

**واتە: «خودا بەسەركەوتنی خۆی لەگەڵ ئەو كەسانەدایە كە خۆیان لە شیركو كوفرو تاوان دەپارێزن، وەبە چاكیش دینداری دەكەن كتومەت وەكو پێغەمبەرﷺ ».**

﴿ إِنَّ ٱللَّهَ مَعَ ٱلَّذِينَ ٱتَّقَواْ ﴾ **واتە: « ئەو كەسانەی كە خۆیان لە شیركو كوفرو تاوان دەپارێزن» كە مەبەست پێی «تەوحید»و بەرجەستەكردنی «تەوحید»ە.**

﴿ وَّٱلَّذِينَ هُم مُّحۡسِنُونَ ١٢٨ ﴾**واتە: «بریتیە لە شوێنكەوتنی پێغەمبەرﷺو هەڵگرتنی خەتو ڕێبازی كتومەت وەكو خۆی»**(٢٣).

**موسڵمانی بەڕێز:**

---

(٢٢)سنن الترمذي الجامع الصحيح - الذبائح أبواب الإيمان عن رسول الله صلى الله عليه وسلم - ما جاء في افتراق هذه الأمة حديث : ٢٦٣٢. قال الشيخ الألباني:حديث حسن، أنظر صحيح وضعيف سنن الترمذي - (٦ / ٢٦٤١/١٤١).

(٢٣) مدارج السالكين - (٢ / ٩٠).

لەوە تێدەگەین کە موسڵمانان کاتێك خودا حوکمی خۆی دەگێڕێتەوە بۆیان‌و سەرکەوتوویان دەکات کە موسڵمانان هەموویان پێکەوە دەست بە دینەوە بگرن وەکو چۆن پێغەمبەرﷺو صەحابە دەستیان بەو دینەوە گرتبوو..

بەڵام دەبێ چاوەڕوانی چ جۆرە سەرکەوتنێك بکرێت لەکەسانێك کە بەلای ڕاست‌و چەپدا شوێنی کوێرە ڕێچکەی تازە کەوتوون ؟؟!! دینیان پارچە پارچە کردووە بۆ مەصڵەحەت و بەرژەوەندی تاکە کەسی‌و حزبی خۆیان ؟؟!! بە پێی تەقلیدی کوێرانەو شوێنکەوتنی ناحاڵیانە لێکدانەوە بۆ «قورئان‌وسوننەت» **!!**

**موسڵمانی بەڕێز:**

ئایا دەستگرتن بە دینەوە کتومەت وەکو پێغەمبەرﷺو صەحابە بەو شێوەیە دەبێ کە دین بەو شێوەیەی ئەمڕۆ پارچە پارچە بکرێ ؟؟؟

ئایا ئەو هەموو پارچە پارچە بوون‌و تەفرەقەو دووبەرەکی‌و فرەحزبییەی کە بەناوی ئیسلامەوە دروست بووەو موسڵمانانی کردووە بە چەندەها پارچەوە دینداریەکە لە پێغەمبەرﷺو صەحابەوە وەرگیرابێ ؟؟

**موسڵمانی بەڕێز:**

وەکو چۆن شوێنکەوتنمان بۆ پێغەمبەرﷺ مەرج‌و بنەمای دووەمە بۆ سەرکەوتن، بەهەمان شێوە سەرپێچی کردنمان لە شوێنکەوتن بۆ فەرمان‌و کردارەکانی پێغەمبەرﷺ هۆکاری زەلیل‌و شکست خواردنە...

لە شەڕی ئوحودا پێغەمبەرﷺ کۆمەڵێك لە هاوەڵەکانی کە تیر هاوێژ بوون لە سەرگردێك دانیان کە پەنجا کەسێك دەبوون‌و پێیانی فەرموو:

« لَا تَبْرَحُوا إِنْ رَأَيْتُمُونَا ظَهَرْنَا عَلَيْهِمْ فَلَا تَبْرَحُوا وَإِنْ رَأَيْتُمُوهُمْ ظَهَرُوا عَلَيْنَا فَلَا تُعِينُونَا» .

واتـــە: «ئـــەم گـــردە چـــۆڵ مەکـــەنو لێـــرە دامەبـــەزن ئەگـــەر ئێمـــەتان بـــینی سـەرکەوتین، وە ئەگـەر ئـەوانیش سـەرکەوتن ئـەوە نەیـەن بـۆ هاوکاریمـانو ئێـرە چـۆڵ نەکەن»

بـەڵام ئـەو هاوەڵـە بەڕێزانـە کـە بینیـان بـێ بـاوەڕان شکـستیان هێنـاو هـەڵهاتن، هەنـدێك لـەم هاوەڵـە بەڕێزانـە لەسـەر ئـەو گـردە هاتنـە خـوارەوەو فەرمانەکـەی پێغەمبەریانﷺ شکاند، ئالەو کاتەدا «عَبْـدَ اللَّــهِ»کوڕی «جُبَيْــرٍ» کـە سـەرکردەی ئەو پەنجا کەسە بوو پێیانی فەرموو:

« أَلَمْ يَقُلْ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لَا تَبْرَحُــوا»، «أَنَــسِيتُمْ مَــا قَــالَ لَكُــمْ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ».

واتـە: «ئایـا پێغەمبـەرﷺ پێتـانی نەفـەرموو کـە نـابێ ئێـرە چـۆڵ بکـەن، ئایـا بیرتان چوو کە پێغەمبەرﷺ چی پێتان ووت»(٢٤)

سـەرەنجامی شـکاندنی ئـەو فەرمانـەی پێغەمبـەرﷺ بـوو بـە هۆکـاری شکـست هێنـانی موسـڵمانانو برینـدار بـوونی پێغەمبـەرﷺو.. شـەهید بـوونی حـەفتا صەحابەی بە ڕێز..

موسـڵمانان پێیـان سـەیر بـوو کـە بێبـاوەڕان شکـستیان هێنـاو ڕایـان کـردو لەشـەڕەکەدا دۆڕان، بـەڵام دوای ئـەوە چـۆن توانیـان سـەربکەونەوەو شکـست بـە موسـڵمانان بهێـنن ؟؟!! بـەڵام خـوای پـەروەردگار ئـەو ئایەتـەی نـاردە خـوارەوەو

(٢٤) صحيح البخاري كِتَاب الْجِهَادِ وَالسِّيَرِبَاب مَـا يُكْـرَهُ مِـنْ التَّنَـازُعِ وَالِاخْتِلَـافِ فِـي الْحَـرْبِ وَعُقُوبَةِ مَنْ عَصَى إِمَامَهُ حديث٢٨١٢.

تێـی گەیانـدن كـە هۆكـار شكـست هێنانتـان دەگەڕێتـەوە بـۆ شـكاندنی یـەك فەرمانی پێغەمبەرﷺ كە لەلایەن كۆمەڵێك لە موسڵمانانەوە ئەنجام درا:

﴿أَوَلَمَّآ أَصَـٰبَتۡكُم مُّصِيبَةٌ قَدۡ أَصَبۡتُم مِّثۡلَيۡهَا قُلۡتُمۡ أَنَّىٰ هَـٰذَاۖ قُلۡ هُوَ مِنۡ عِندِ أَنفُسِكُمۡۗ﴾ آل عمران: ١٦٥

واتـە: «كاتێـك كـە توشـی ئـەو بـەلا گەورەیـە هـاتن‌و لـەو شـەڕەدا شكـستان هێنـاو حـەفتا كەسـتان لـێ شـەهید كـرا، بـەڵام پێـشتر لـە شـەڕی بـەدر دا ژمارەتـان كـەمتر بـوو كەچـی لـەوێ سـەركەوتن بـەڵام لـە ئوحـودا شكـستان هێنـا، دەتـان ووت باشـە بۆچـی دۆڕایـن‌و هۆكـاری ئـەو شكـست هێنانـە چ بـوو؟؟ ئـەی پێغەمبـەری خـوداﷺ پێیـان بڵـێ هۆكارەكـەی لـە خۆتانەوەیـە كـە فـەرمانی پێغەمبـەرتان شكاندﷺ».

وەكو ئیمامی « ابن كثير » لە تەفسیرەكەی دا دەفەرمووێ:

﴿قُلۡ هُوَ مِنۡ عِندِ أَنفُسِكُمۡۗ﴾ « أي: بسبب عـصيانكم رَسُـول الله صـلى الله عليـه وسلم حين أمركم أن لا تبرحوا من مكانكم فعصيتم، يعني بذلك الرماة ».

واتـە: «شكـست هێنانتـان لـەو شـەڕەدا هۆكارەكـەی دەگەڕێتـەوە بـۆ سەرپێـچی كردنتـان لـە فـەرمانی پێغەمبـەر كاتێـك فـەرمانی كـرد بـە تیرهاوێـژەكان كـە گردەكە چۆڵ مەكەن‌و لە شوێنەكانی خۆتان دامەبەزن»(٢٥)

وە هەروەها خوای گەورە فەرمووی:

(٢٥) تفسير ابن كثير – (٢ / ١٥٩)

﴿ وَلَقَدْ صَدَقَكُمُ ٱللَّهُ وَعْدَهُۥٓ إِذْ تَحُسُّونَهُم بِإِذْنِهِۦ ۖ حَتَّىٰٓ إِذَا فَشِلْتُمْ وَتَنَٰزَعْتُمْ فِى ٱلْأَمْرِ وَعَصَيْتُم مِّنۢ بَعْدِ مَآ أَرَىٰكُم مَّا تُحِبُّونَ ۚ مِنكُم مَّن يُرِيدُ ٱلدُّنْيَا وَمِنكُم مَّن يُرِيدُ ٱلْءَاخِرَةَ ۚ ﴾ آل عمران: ١٥٢.

**واتە: « ئەو بەڵێنەی کە خودا پێتانی دا کە لەشەڕی ئوحودا سەرتانبخات بەسەر بێ باوەڕان دا بەڕاستی خودا بەڵێنەکەی خۆی هێنایەدی بۆتان کاتێك کە ئێوەش پابەندی فەرمانی خوا بوون بەو شێوەیەی کە خواو پێغەمبەرەکەی ﷺ دیاری کردبوو شەڕتان دەکرد ، بەڵام کاتێك کە جیاوازیتان تێکەوت لە ئاستی فەرمانەکەی پێغەمبەر ﷺ و سەرگردەکەتان بەجێهێشتو سەرپێچیتان لەو فەرمانەی پێغەمبەر ﷺ کرد بۆ ئەوەی هەندێ لە دەستکەوتو تاڵانی جەنگ کۆبکەنەوە شکستان هێناو سەرنەکەوتن، هەندێکتان ویستیماڵی دونیای دەست بکەوێ بۆیە فەرمانەکەی پێغەمبەریان ﷺ شکاندو سەرگردەکەیان بە جێهێشت، بەڵام هەندێکی ترتان ڕۆژی دوایی مەبەست بوو بۆیە فەرمانەکەی پێغەمبەریان ﷺ نەشکاند ».**

**ئەوەی لەم بەسەرهاتەوە وەردەگیرێ ئەوەیە:**

**<u>یەکەم</u>: سەرکەوتنی موسڵمانان بەسەر بێ باوەڕان دا بەو کێشانەو پێوانە قیاس ناکرێ کە بگوترێ موسڵمانان لە بێ باوەڕان باشترو چاکترن بۆیە دەبێ هەمیشە سەرکەوتوو بن!!**

**ئەوەی کە زۆرێك لە موسڵمانانی ئەمڕۆی گیرۆدەی حەماسەتی بەتاڵو هاژوو هوژی بێسەروبەرە کردووە، ئەوەیە کاتێك باسی هەڵەو کەمو کورتی موسڵمانان دەکرێ لە دەستگرتنیان بە دینەوە کە هۆکاری شکستهێنانو سەرنەکەوتیانە، ئەوە دەکەنە بیانوو کە هەرچۆنێك بێت خۆ لە بێ باوەڕان باشترین !! ئێمە**

ئیسلامین بەلاّم فلانو فیسار عەلمانینو شیوعیو مارکسیە !!! بەوە دلّی خۆیان خۆش دەکەنو خەلّکی فریو دەدەن کە ئەمان ناوی خۆیان ناوە ئیسلامی، بەلاّم لایەنی بەرامبەر ناوی خۆی ناوە عەلمانیو شیوعی، بەوەش هەلّەو ناتەواویەکانی خۆیان پەردەپۆش دەکەن کە هەرچۆنێك بێ ئێمە لەوان باشترین، بۆیە دەبێ دەستبارمان بن بۆ ئەوەی سەرکەوتنو حوکمی خودا بگێڕینەوە!!!

بەڕاستی کەسانێك کە بێ ئاگابن لە «قورئانوسوننەت»و ژیانی سەلەف، ئەگەر قسەی لەوە سەیرو سەمەرە تریش بکەن ناحەقیان نییە، بۆ کێ هەیە لە موسلّمانی جەنگی ئوحود باشتر بێ ؟؟ کێ هەیە کوفرو بێ باوەڕی لە بێ باوەڕانی ئەو کاتەی جەنگی ئوحود ئاشکراترو زەقتر بێ ؟؟ کەس هەیە لە پێغەمبەرﷺ باشتر بێ ؟؟ وە کەس هەیە لەوانە خراپتر بێ کە ددانی پێغەمبەریانﷺ شکاند لەو شەڕەدا ؟؟

بەلاّم ئایا پیرۆزی پێغەمبەرﷺو باشبوونی صەحابە بووە مایەی ئەوەی کەسەرکەوتن بە دەستبهێنن، لەکاتێك دا فەرمانێکی پێغەمبەرﷺیان شکاند؟؟

**موسلّمانی هوشمەن:**

بابیر بکەینەوەو بزانین سەرکەوتنی ئێمە بەوە دەستەبەر نابێ کە ئێمە لە ئەهلی کوفر باشترین، بەلّکو بەوە دەبێ کە ئایا ئێمە بە ڕاستی دینداریمان کتومەت وەکو دینداری پێغەمبەرﷺو صەحابەیە یاخودا نا؟؟

ڕەحمەتی خوا لە «عمر» کوڕی «عبدالعزیز» بێ، ئیمامی «أبو نعیم الأصبهاني» لە کتابی«حلیة الأولیاء(٥/٣٠٣)» نامەیەکی «عمر»کوڕی

«عبـــــدالعزيز» مـــان بــۆ نــەقڵ ئــەكات، كــە بــۆ يــەكێك لــە ســەركردەی ســوپای موسڵمانانی دەنێرێ‌و ئامۆژگاری دەكات‌و دەفەرمووێ:

« عَلَيكَ بتَقوىَ اَللهِ في كل حَال يَترل بكَ، فَــإن تَقَــوَى الله أَفــضَل العــدَة، وَأَبلَــغ المَكيدَةَ، وَأَقوَى القَوَةَ، وَلاَ تَكن في شَيء من عَــدَاوَة عَــدوكَ أَشَــد احتراسَــا لنَفَــسكَ وَمَن مَعَكَ من مَعَاصي الله، فان الــذنوبَ أَخــوَف عنــدي عَلَــى النــاس مــن مكيــدَة عدوهم، وَإنما نعادي عَدوَنَا وَنَستَنصر عَلَيهم بَمَعصيَتهم، وَلَولَا ذَلك لَــم تَكــن لَنَــا قــوَةَ بهم، لأَنَ عَدَدنا لَيسَ كَعَدَدهم، وَلَا قوتنَا كَقوَتهم، فَــإن لَــا نَنــصر عَلَــيهم بمَقتنــا لَــا نغلبهم بقوتنا.

ولا تقولوا إن عدونا شر منا ولن ينصروا علينـــا وإن أذنبنـــا فكـــم مـــن قـــوم قـــد سلط أو سخط عليهم بأشر منهم لـــذنوبهم وســـلوا الله العـــون علـــى أنفـــسكم كمـــا تسألونه العون على عدوكم نسأل الله ذلك لنا ولكم ».

واتــە: «لــە هــەركات‌و شــوێنێكدا بــووی تــەقوای خــودات هــەبێ‌و لــە خــودا بترســە، چــونكە تــەقوای خــودا باشــترین چــەك‌و بــەهێزترین ڕێگــاو نەخــشەو بــە قــوەتترین هێــزە بــۆ ئــەوەی خــودا ســەرت بخــات بەســەر دوژمنــان دا، وە ســەختترین شــت كــە پێویــستە خــۆت لــە بــەلاّو فیتنــەی بپــارێزی زیــاتر لــە فیتنــەی دوژمنانــت بریتیــە لــە تــاوان‌و سەرپێــچیەكانت، چــونكە بــوونی تــاوان‌و سەرپێــچی لــەناو موســڵمانان دا زۆر زەرەری زیــاترە بــۆ شكــست هێنــانی موســڵمانان لــە چــاو پــیلان‌و تەڵەكــەی دوژمنانیـــان، وە ئێمــە كــە دژایــەتی دوژمنانمــان دەكــەین‌و بەســەریان ســەردەكەوین بــە هــۆی تاوانەكانیانەوەیــە، جــا ئەگــەر ئــەوان تاوانــەكانیان ڕێخۆشــكەر نەبوایــە بــۆ ئــەوەی كــە خــودا ســەركەوتمان پــێ ببەخــشێ، ئــەوا بــە دڵنیاییــەوە توانامــان بەســەریان دا نەدەشــكاو، ژمارەشمــان وەكــو ژمــارەی ئــەوان زۆر نییــەو،

هێـزی مـاددی ئێمـەش لـە هـی ئـەوان بـەهێزتر نییـە، چـونکە سـەرکەوتنی ئێمـە نـە بەهۆی توانامانەوەیە، وە نە بەهۆی هێزمانەوەیە، بەڵکو بە هۆی تەقواوەیە.

وە وریـابن ئـەو کێـشانەو پێوانەیـە نەکـەن کـە بڵـێن دوژمنانمـان لـە ئێمـە خـراپترنو کـافرو بـێ بـاوەڕن، وە بیرتـان بـۆ ئـەوە نەچـێ بڵـێن ئەگـەر ئێمـە تاوانیـشمان تێـدا هـەبێ خـودا هـەر سـەرماندەخات چـونکە ئـەوان کـافرو بـێ بـاوەڕن، چـونکە دڵنیـابن چـەندەها دەسـتەو تـاقم بـەهۆی ئـەوەی کـە تاوانیـان تێـدا هـەبوو خـودا کەسـانێکی زۆر لـە خۆیـان تاوانبـارتری سەرسـختووە بەسـەریان دا، بۆیـە هـەروەکو چـۆن داوادەکـەن لـە خـودا کـە بەسـەر دوژمنـان دا سـەرتانبخات، ئاوەهـاش داوابکـەن لـە خـوا کـە بەسـەر نەفـسی خۆتـان دا سـەرتان بخـات، داواکـارم لـە خـودا ئەوە بە ئێمەو ئێوەش ببەخشێ..»(٢٦)

**موسڵمانی ژیر:**

تـەنها جارێـك بیر لـەو نامەیـە بکـەرەوەو تەماشـای هـەموو ئـەو دەسـتەو تاقمانـە بکـە کـە ئـەمڕۆ شـەڕی کورسـی دەکـەنو دەیانـەوێ بـەو کێـشانەو پێوانـە حـوکمی ئیسلام بگێڕنەوە کە ئەمان لە عەلمانیەکان باشترن !!

ئائـەو کێـشانەو پێوانەیـە قـوڕی کـردووە بەسـەر موسـڵمانان داو نـاوێری دەمهـەڵبێنیو بڵێـی ئـەوە شیرکەو ئـەوە بیدعەیـەو ئـەوە تاوانـەو ئـەوە سەرپێـچیە... یەکـسەر تۆمـەتبارت دەکـەنو چـەندەها بۆهتـانی باڵـدارو درۆی شـاخدارت بـۆ دروسـت دەکـەنو پێـت دەڵـێن ئەمـە پیـاوی عەلمانیـەتو دەسـەڵاتە، چـونکە لـە کێـشانەو پێوانـەی ئـەوان دا مـادام نـاوی خۆیـان نـاوە ئیـسلامی ئـیتر نـابێ دەمهـەڵبێنیو باسـی کـەمو کورتیـان بکـەیت، بـە بیـانووی ئـەوەی ئەمانـە لـە

(٢٦)حلية الأولياء - (٥ / ٣٠٣).

عملانیـەکان باشـترن !! ئـەم یاسـایەی کـە ئـەوان دایانڕشـتووە تـەنها بـۆ ئەوەیـە کـە عەیبو عاری خۆیانی پێدا بپۆشنو ئەوەی مەبەستیانە پێی بگەن !!

بەڕاسـتی جـەرگمان بـۆ موسـڵمانان کـوڵ دەدات بۆئـەوەی چـیتر نـەبن بـە دارو لـە پێنـاو بەتاڵـدا نەسـوتێنو نـەبن بـە داری دەسـتی کەسـانی دیـن فـرۆشو دونیـا خـۆش، بۆیــە هاواریــان لێدەکــەین بــۆ ئــەوەی بگەڕێنــەوە بــۆ ئــەو دینداریــەی کــە پێغەمبــەرﷺ و صـەحابە لەسـەری بـوونو «تەوحیـد»ی خـوداو شـوێنکەوتن بـۆ پێغەمبــەرﷺ بکەنــە چــەقو مەرکــەزی دەعــوەو بانگــەوازو چــالاکیان، هــاوار لــە موسـڵمانان دەکـەین بـۆ ئـەوەی دەسـتبەرداری شـیرکو کـوفرو بیدعـەو تـاوان بـن، وازبهێــنن لــە پەرتــەوازەیىو پارچەپارچــەیىو فــرە ئــەمیری ، بــە کــەفوکوڵی ســەر ئــاوو حەماســەتی بەتاڵوقــسەی بریــقو بــاق هەڵمەخەلــەتێن، بگەڕێنــەوە بــۆ دینەکـەتان بـزانن دینەکـەتان بـەو شـێوەیەیە کـە پێغەمبـەرﷺو صـەحابە لەسـەری بوونو گەیاندیان.

**دووەم:** بـوونی تـاوانو سەرپێـچیو گوێنـەدان بـە دینـداری وەکـو خـۆی هۆکـاری سەرەکییە بۆ شکستهێنانی موسڵمانانو سەرنەکەوتنیان بەرامبەر بێ باوەڕان.

واتــە کاتێــك موســڵمانان لــە بەرامبــەر بــێ بــاوەڕان دا شکــستدەهێننو سـەرکەوتوو نـابن، دەبـێ لـەوە دڵنیـابن کـە هۆکارەکـەی ئـەوە نییـە کـە بـێ بـاوەڕان خـاوەنی هێـزو توانـان، بـەڵکو هۆکارەکـەی دەگەڕێتـەوە بـۆ موسـڵمانان خۆیـان کـە بە تاوانو سەپێچییەوە تێوە گلاون.

کــەوابوو هەڵــسوکەوت کــردن بــە پێــچەوانەی ســوننەتی پێغەمبــەرﷺو سەرپێــچی کــردن لــە فەرمانــەکانی هۆکــاری زەلیــل بــوونی موســڵمانانو شکسهێنانو دۆڕانیانە.

﴿ فَلْيَحْذَرِ ٱلَّذِينَ يُخَالِفُونَ عَنْ أَمْرِهِۦٓ أَن تُصِيبَهُمْ فِتْنَةٌ أَوْ يُصِيبَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴿٦٣﴾ ﴾ النور: ٦٣

**واتە: « ئەو کەسانەی کە بە پێچەوانەی سوننەتی پێغەمبەرەوە هەڵس و کەوت دەکەن با وریابن کە سەرپێچی کردن لە فرمانی پێغەمبەر ﷺ هۆکاری توش بوونە بە بەڵاو نەگبەتی دونیایی و سزاو ئازاری سەختی قیامەتی».**

**وە هەروەها پێغەمبەر ﷺ خۆی دەفەرموێ:**

**«جُعِلَ الذِّلَّةُ وَالصَّغَارُ عَلَى مَنْ خَالَفَ أَمْرِي» واتە: «خوای گەورە زەلیلی سەرشۆڕی لەسەر ئەو کەسانە داناوە کە سەرپێچی فەرمانی من دەکەن»(٢٧)**

**بڕوانن تەنها شکاندنی یەك فەرمانی پێغەمبەر ﷺ لە جەنگی ئوحودا بوو بە هۆی شکانی موسڵمانان و بریندار کردنی پێغەمبەری خوا ﷺ، ئەی موسڵمانان ئەمڕۆ بەو هەموو بیدعەو پیشتگوێخستنی فەرمانانەی پێغەمبەر ﷺ سەرپێچیانە دەیانەوێ خودا سەریان بخات بەسەر دوژمنانی ئیسلام دا ؟!!!**

**هەروەکو لە بەسەر هاتەکەی جەنگی ئوحودا هۆکاری شکستهێنانی موسڵمانان ئەوەبوو کە سەرپێچیان لە فەرمانێکی پێغەمبەر کرد ﷺ...**

**جا ئەگەر شکاندنی یەك فەرمانی پێغەمبەر ﷺ شکست بە موسڵمانان بهێنێ، ئەی دەبێ چاوەڕێی چ جۆرە سەرکەوتنێك بکرێ لە دەستەو تاقمێك کە نەك هەر سەپێچی لەفەرمانی پێغەمبەر ﷺ دەکەن و بێ شەرعی ئەنجام دەدەن، بەڵکو تاوان و سەرپێچیەکەش حەڵاڵ دەکەن و چەندەها بیانووی بێ سەروبەرە دەهێننەوە بۆ ئەوەی بیشەرعیەنن و موسڵمانان وا تێبگەیەنن کە ئەوەی ئەوان**

---

(٢٧)صحيح البخاري: كِتَاب الْجِهَادِ وَالسِّيَرِ- مَا قِيلَ فِي الرِّمَاحِ.

دەیکەن پێغەمبەرﷺ کردووەیەتی ؟؟!! بەڕاستی لە خەوو خەیاڵێکی قوڵو درێژی وا دان کە نەك هەر تەجروبە لە ڕابووردووەوە فێرنەبوون، بەڵکو لە واقعیش تێنەگەیشتوون!! هەڵبەت دەستەو تاقمێك کە بیرکردنەوەی بەو جۆرە بیّو وا بزانێ لە ڕێگەی حەلاڵ کردنی حەرامەکان حوکمی خواو سەرکەوتن بۆ موسڵمانان دەگێڕێتەوە ، ئەوە حەقی خۆیەتی کە پێیان بووترێ دەستەو تاقمێکی کەڕوو کاسو بێ ئاگا لە«قورئانوسوننەت»، بەلاّم ئەگەر بەخەبەر بێنو چاوو دڵیان بکەنەوەولە «قورئانوسوننەت» تێبگەن ئەوە بەڕاستی دەبینن کە «دین» لە دۆڵێکەو ئەوانیش لە دۆڵێکی تر !!!

**سێیەم:**

ئەگەر بیر بکەینەوە لەو دوو بەسەرهاتەی کە لە ژیانی پێغەمبەرداﷺ ڕوویاندا، یەکەمیان لە جەنگی حونەینو ئەویتریان لە جەنگی ئوحود، ئەوا تێدەگەین ئەو دەستەو تاقمو حزبانەی کە ئەمڕو بەناوی دینەوە هەوڵی گێڕانەوەی حوکمی خوا دەدەن کە نەك هەر حوکمی خودایان پێ ناگەڕێتەوە، بەڵکو خۆیان بۆ خۆیان گەورەترین هۆکارن بۆ شکستهێنانی موسڵمانانو لەکار کەوتنی حوکمی خوا.

ئەو صەحابانەی کە لە جەنگی حونەین دا شکستیان هێنا خاوەنی عەقیدەو بیروباوەڕێکی پتەو ڕاستو دروست بوونو، دینداریشیان کتومەت وەکو پێغەمبەر بووﷺ، بەلاّم کاتێك کە بینیان ژمارەیان لە بێ باوەڕان زۆرترە، توشی کەمێك لە عوجبو لە خۆ بایی بوون هاتنو بە ژمارە زۆرییەوە شانازیان کرد، هەڵبەت عوجبو لە خۆبایی بوونو پشتبەستن بە ژمارە زۆری گاریگەری لەسەر دڵ هەیەو عەقیدەو «**تەوحید**»ی ڕاستەقینە دەڕووشێنێ، ئا ئەو خەڵەلە

بچوكە لە عەقیدەو «**تەوحید**»ا موسڵمانانی بێ بەشكرد لەسەركەوتن و شكستیان هێنا !! لەكاتێك دا ئەصڵی عەقیدەو «**تەوحید**»یان ئەو بیروباوەڕەش بوو كە پێغەمبەرﷺ هەیبوو !!!

ئەگەر ئەوە بۆ صەحابە دەستەبەر نەبێ كە پێشەواكەیان پێغەمبەرﷺ بوو!! ئەی سەركەوتن بۆ ئەو دەستەو تاقمانە چۆن دەستەبەردەبێ كە نەك هەر خەلەلێكی بچوك لە عەقیدەو تەوحیدی ئەندامەكانیان دا هەیە، بەڵكو پێشەواو ئەمیرەكانیان ئەصڵی عەقیدەو بیروباوەڕیان پڕە لە ئینحرافو لادان !!

ئەگەر پێشەوای دەستەو تاقمێك باوەڕی بە هاواركردن لە قەبری پیاوچاكان و شێخانی تەریقەت هەبێ و سوڕانەوە بە دەوری قەبرو سەربڕینی حەیوان بۆ پیاو چاكان و شوشە خواردن و زرگ و شمشێر لە خۆدان بە ئەصڵی دین بزانێ !! دەبێ جگە لە شكستهێنان بۆ موسڵمانان چاوەڕێی چ خێرێكی تری لێ بكرێ !!!

وە ئەگەر لە ناو ئەو دەستەو تاقمانەدا باسی ئەوە بكرێ و بگوترێ ئەو شتانە هەمووی خەلەلی عەقیدەیەو دەبێ بنەبڕبكرێ، دەڵێن جارێ كاتی ئەوە نییەو جەماوەر دەڕەوتێنێ !!! خۆت بیربكەرەوەو ... هەر خۆتیش هەڵیسەنگێنە !!!

**موسڵمانی هوشمەن:**

وە ئەو صەحابانەی كە لە جەنگی ئوحودا شكستیان هێنا كارو كرداریان لەسەر بنەمای «**تەوحید**»و شوێنكەوتنی پێغەمبەر بووﷺ كە هەردوو بنەمای سەركەوتنیان تێدا بوو، بۆیە سەرەتای جەنگەكە سەركەوتن بۆ موسڵمانان بوو، بەلاّم كاتێك یەك فەرمانی پێغەمبەریان ﷺ شكاند هاوكێشەی جەنگەكە بە گۆشەی سەدوهەشتا پێچەوانە بوویەوە !!!

**جا ئەگەر صەحابە لە شكاندی یەك فەرمانی پێغەمبەردا ﷺ دوچاری شكستهێنان بن و لە سەركەوتن بێ بەش بن !! ئەی دەبێ دەستەو تاقمێك كە ئەصلّی دروست بوونی لەسەر بیدعەو خورافیات دروست بووبێ دەبێ چاوەڕێی چ سەركەوتنێكی لێ بكرێ !!**

**دەستەو تاقمێك كە عەقیدەو بیروباوەڕی ئەمیرەكەی ئەوەبێ كە چلە بكێشێ و چل شەوو ڕۆژ لە كوندا خۆی حەشار بداو بە ناوی عیبادەتەوە كەس نەیبینێ و لەسەر ئەو بیدعەو خورافەتە گوّش بووبێ، دەبێ جگە لە شكست خواردنی موسڵمانان چی تری لێ چاوەڕێ بكرێ ؟؟!!**

**دەستەو تاقمێك كە باسی دین بكات و بڵێ ئیمە خاوەنی ئەو دینەین كە شێخانی تەریقەت هێناویانەو دینی ئێمە دینی تەكییەو خانەقاكانە !! دەبێ چاوەڕێی سەركەوتنی لێ بكرێ ؟؟!!**

**دەستەو تاقمێك كە باسی حوكمڕانی دەكات ئەوەندەی شانازی دەكات بە وشەی دیموكراسیو فرەحزبیو ئازادی بیروڕا ئەوەندە شانازی بە وشەی «تەوحید»و «ئیتیباع»ەوە ناكات !! ئاخۆ دەبێ ئەمانە چ دڵێكیان پێخۆش بكرێ ؟؟**

**صەحابە یەك فەرمانی پێغەمبەریان ﷺ شكاند، ئەی ئەو هەموو بێ شەرعییەی كە ئەمڕۆ دەبینرێ لە ڕیزی موسڵمانان دا دەبێ ئاكامی چی بێ ؟؟**

**موسڵمانی هوشمەن:**

**ئەوەی كە صەحابە كردیان گومانی تێدا نییە نە ئەوەندەی شیرك گەورە بووو نە ئەوەندەی بیدعەش، بەڵام شكستیان هێنا !!**

بەلاَم ئەو دەستەو تاقمانەی ئەمڕۆ کە لافو گەزافی گەڕانەوەی حوکمی خودا دەدەن، بنەمای کارو چالاکیان لەسەر بیدعە دامەزراوەو خۆیان چۆنیان پێ خۆش بێ ئەوەها پێناسەی دینو شەرع بۆ خەڵك دەکەن !!

تەواوی ئەو بیدعانەی کە ئەمڕۆ لە ناو موسڵمانان دا برەوی پێدەدرێو زیندوو دەکرێتەوە جگە لەوان کێ یە؟؟

هەر ئەوانن ئەو بیدعەیان لە ناو موسڵمانان دا دروستکردووە، کە شەرعیەتیان داوە بە موسڵمانان کە بێن بە چەندین گروپو حزبەوە !!

هەر ئەوانن کە پێشتر دانیشتنیان لە پەرلەمانو هاوپەیمانی لەگەڵ حزبی عەلمانیان بە کوفرو لە ئیسلام ترازان دەزانی !! بەلاَم ئێستا کردوویانە بە بەشێك لە دینو دیفاعی لێ دەکەن !! ئاخر ئەگەر ئەمە یاریکردنو کلاَوێن کردن نییە بە قەڵی موسڵمانان دەبێ چ تربێ ؟؟!! ئاخۆ دەبێ ئەمانیش وەکو شیعە قەناعەتیان وابێ کە پێشەواکانیان بۆیان هەیە ئەمڕۆ شتێك حەلاَڵ بکەنو سبەینێش حەرامی بکەن ؟؟ دووری مەگرە وابێ چونکە کاروچالاکیان لەوانەوە بۆ دیاری دەکرێ !!!

هەر ئەوانن ئەو بیدعەیان لە ناو موسڵمانان دا داهێناوە کە چەندین ئەمیرو پێشەوا هەبێو هەر یەکەشیان شیاوی ئەوەبێ کە بەیعەتی پێ بدرێ !!!

هەر ئەوانن بیدعەی مەولود دەگێڕنو زیندووی دەکەنەوە بۆ ئەوەی خەڵکی لە دەوروبەری خۆیان گرد بکەنەوە !!

**موسڵمانی هوشمەن:**

ئەو دەستەو تاقمانە بە ناوی دینەوە زۆرێك لە حەرامەکانیان حەلاَڵ کردووە بۆ مەصڵەحەتی حزبیو ڕازی کردنی دڵی خەڵکی !! دین بەو شێوەیەوە

لێكدەدەنەوە كە مەصلەحەتی خویانی تێدا بێو دڵی خەڵكی ڕازی بكات !! نەك هەوڵبدەن بۆ ئەوەی كە دین وەكو خۆی بە خەڵكی بگەیەنن!! واتە دین دەبەنە ئاستی مەصلەحەتی خۆیانو حەزی خەڵكی، نەك هەوڵبدەن خۆیانو خەڵكی ببەنە ئاستی دین..

مەبەستی ئەم كارو ڕەفتارەشیان ئەوەیە كە زۆرترین خەڵكی لە دەوری خۆیان گردەوە بكەن، بۆ ئەوەی بە زۆرینەی دەنگی خەڵكی بگەنە دەسەلاتو حوكمی ئیسلام بگێڕنەوە !! ئیتر ئەو خەڵكەی دەورو بەریان عەقیدەی چی یەو دینداری چۆنە لەلای ئەوان گرنگ نی یە !! گرنگ ئەوەیە زۆرینەی لە دەوربێ !! بۆیە لە خەمی ئەوەدانین كە لەسەر «**تەوحید**»و «**ئیتیباع**» خەڵكی پەروەردە بكەن !!

ئەوان پەلەقاژەی ئەو زۆرینەو بۆرینە دەكەن، بۆیە نە سەركەوتن بە دەست دێنن، نە لەلای دوژمن هەیبەتو حورمەتیشیان دەمێنێ.

وەكو پێغەمبەرﷺ دەفەرمووێ:

«يُوشِكُ الْأُمَمُ أَنْ تَدَاعَى عَلَيْكُمْ كَمَا تَدَاعَى الْأَكَلَةُ إِلَى قَصْعَتِهَا».

واتە: «نزیكە كە گەلانی ئەهلی كوفر كۆ ببنەوەو بدەن بەسەرتاندا، وەكو چۆن كۆمەڵە كەسانێك لەسەر خواردنێك كۆ دەبنەوە».

وتیان ئەی پێغەمبەری خواﷺ ئایا لە كەمی ژمارەمانەوەیە؟

فەرمووی:

« بَلْ أَنْتُمْ يَوْمَئِذٍ كَثِيرٌ وَلَكِنَّكُمْ غُثَاءٌ كَغُثَاءِ السَّيْلِ وَلَيَنْزَعَنَّ اللَّهُ مِنْ صُدُورِ عَدُوِّكُمْ الْمَهَابَةَ مِنْكُمْ وَلَيَقْذِفَنَّ اللَّهُ فِي قُلُوبِكُمْ الْوَهْنَ».

واتــە: «نــا بــە پێــچەوانەوە لــەو ڕۆژەدا ئێــوە زۆرن، بــەڵام وەزنتــان وەكــو كــەفو كــوڵی ســەر ئــاو وایــە، وە خــوای گــەورە هەیبــەتی ئێــوە لــە دڵــی دوژمنانتــان دا ناهێڵێو لاوازیش دەخاتە دڵی ئێوە»

وتیان ئەی پێغەمبەری خواﷺ مەبەست بە لاوازی چیە؟

«حُبُّ الدُّنْيَا وَكَرَاهِيَةُ الْمَوْتِ».

واتە: «خۆشەویستی دونیاو ڕقبوونەوە لە مردن»(٢٨)

ئـەو زۆرو بۆرییـەی کـە ئـەوان پەلـە قـاژەی بـۆ دەکـەن ئـەو کـەفو کوڵـەی سـەر ئاوە کە هیچی لە باردا نییە..

پێغەمبــەرﷺ ئامــاژەی بــۆكردووە كــە موســڵمانان لــەو ڕۆژەدا زۆرن، بــەڵام ئــەو زۆرینەیــە لەســـەر چـــی گـــردەوە بـــووە ؟؟ ئایـــا لەســـەر ئـــەو دینداریـــەی كـــە پێغەمبــەرﷺو صــەحابە لەســەری بــوون ؟؟ نــەخێر !! بــەڵكو زۆرینــەی موســڵمانان لەســەر مەصــڵەحەتی دوونیــایی لــە دەوری یــەك گــردەوە بــوون!!! كــەوابوو ئەوانــەی كــە لەسەر دینداری پاك یەكیان گرتووە لە ناو موسڵمانانیش دا كەمینەن !!

بــە ڕاســتی ئــەوەی كــە پێغەمبــەرﷺ فەرموویــەتی كتومــەت ئەوەیــە كــە ئــەمڕۆ لــە نــاو ئــەو دەســتەو تاقمانــەدا دەبینــرێ، وە نەخۆشــیەكەش كــە خۆشویــستنی دونیــاو ڕقبوونەوەیــە لــە مــردن هــەمان نەخۆشــییە كــە ئــەوان پێــوەی گــیرۆدەن .. ئەگــەر خۆشەویستی دونیا نەبێ ئەو هەموو حەرامو بێ شەرعییە حەڵاڵ ناكرێ..

---

(٢٨)سنن أبى داود –كِتَاب الْمَلَاحِمِ : بَاب فِي تَدَاعِي الْـأُمَمِ عَلَـى الْإِسْـلَامِ– حـديث :٣٧٤٥.قـال الشيخ الألباني:حديث صحيح، أنظر السلسلة الصحيحة – (٢ / ٦٤٧/٩٥٨).

**چوارەم:**

**ئەگەر جارێکی تر بگەڕێینەوە بۆ بەسەرهاتەکەی جەنگی ئوحودو جوان لەو ئایەتە بڕوانین کە خوای گەورە باسی هۆکاری شکستهێنانی موسڵمانان دەکات، بۆمان دەردەکەوێت کە ئەو چەند کەسەی کە ویستیان لە گردەکە دابەزن حاڵەتێکیان خولقاند کە بوونی دوو بەرەکیو ناکۆکیو تەفرەقەی لێ بێت، چونکە «عَبْدَ اللَّهِ»کوڕی «جُبَيْرٍ» کە سەرکردەی ئەو پەنجا کەسە بوو پێیانی فەرموو:**

« أَلَمْ يَقلْ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لَا تَبْرَحُوا»، «أَنَسِيتُمْ مَا قَالَ لَكُمْ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ».

**واتە: «ئایا پێغەمبەرﷺ پێتانی نەفەرموو کە نابێ ئێرە چۆڵ بکەن، ئایا بیرتان چوو کە پێغەمبەرﷺ چی پێتان ووت»**(٢٩)

**ئەو صەحابە بەڕێزە کە بینی هەندێ لە موسڵمانان بەرەو کارێك هەنگاو دەنێن کە پێچەوانەی فەرمانی پێغەمبەرەﷺ دەست بەجێ ئاگاداری کردنەوە، کە ئەوەی ئێوە دەیکەن پێچەوانەی فەرمانی پێغەمبەرەﷺ بەلاَم ئەوان گوێیان پێنەدا، بۆیە ئەو پەنجا کەسە بوون بە دوو کۆمەڵەوە، کۆمەڵێکیان بیرو بۆچوونی خۆیان کرد بە پێوەر بۆ هەڵسەنگاندنی بارو دۆخەکە کە بینیان بێ باوەڕان تەواو شکستیان هێنا وایان پێ باش بوو بچنە خوارەوەو دابەزنو هەندێ دەستکەوتی دونیایی کۆ بکەنەوە، بەلاَم کۆمەڵی دووەم فەرمانەکەی پێغەمبەریانﷺ کرد بە پێوەر بۆ هەڵسەنگاندنی باروو دۆخەکە، هەرچەندە**

---

(٢٩) صحيح البخاري كِتَاب الْجِهَادِ وَالسِّيَرِبَاب مَا يُكْرَهُ مِنْ التَّنَازُعِ وَالِاخْتِلَافِ فِي الْحَرْبِ وَعُقُوبَةِ مَنْ عَصَى إِمَامَهُ حديث٢٨١٢.

ئەگەر بە پێوەری عەقڵی لێکیان بدایەتەوە خۆمانەوەی ئەوان پێویست نەبوو لەسەر گردەکە، بەلاّم ئەوان نەیانویست فەرمانی پێغەمبەر بشکێنن، بۆیە پێوەری عەقڵیان بەکارنەهێنا لەبەرامبەر فەرمانی پێغەمبەرﷺ.

کەوابوو: دوو دەستە دروست بوون دەستەیەکیان لەسەر حەق مانەوە، دەستەکەی تر لەو حەقە ترازان‌و خیلاف‌و دوو بەرەکیان دروست کرد ڕەزاو ڕەحمەتی خودا لە هەموویان بێ..

وەکو خوا خۆی ئاماژە بەو ناکۆییە دەکات‌و دەفەرمووێ:

﴿ وَلَقَدْ صَدَقَكُمُ ٱللَّهُ وَعْدَهُۥٓ إِذْ تَحُسُّونَهُم بِإِذْنِهِۦ ۖ حَتَّىٰٓ إِذَا فَشِلْتُمْ وَتَنَٰزَعْتُمْ فِى ٱلْأَمْرِ وَعَصَيْتُم مِّنۢ بَعْدِ مَآ أَرَىٰكُم مَّا تُحِبُّونَ ۚ مِنكُم مَّن يُرِيدُ ٱلدُّنْيَا وَمِنكُم مَّن يُرِيدُ ٱلْءَاخِرَةَ ۚ ﴾ آل عمران: ١٥٢.

واتە: « ئەو بەڵێنەی کە خودا پێتانی دا کە لەشەڕی ئوحودا سەر تابخات بەسەر بێ باوەڕان دا بەڕاستی خودا بەڵێنەکەی خۆی هێنایەدی بۆتان کاتێك کە ئێوەش پابەندی فەرمانی خوا بوون بەو شێوەیەی کە خواو پێغەمبەرەکەیﷺ دیاری کردبوو شەڕتان دەکرد، بەلاّم کاتێك کە جیاوازی‌و ناکۆکیتان تێکەوت لە ئاستی فەرمانەکەی پێغەمبەرﷺو سەرگردەکەتان بەجێهێشت‌و سەرپێچیتان لەو فەرمانەی پێغەمبەرﷺ کرد بۆ ئەوەی هەندێ لە دەستکەوت‌و تالاّنی جەنگ کۆبکەنەوە شکستتان هێناو سەرنەکەوتن، هەندێکتان ویستی مالّی دونیای دەست بکەوێ بۆیە فەرمانەکەی پێغەمبەریانﷺ شکاندو سەرگردەکەیان بە جێهێشت، بەلاّم هەندێکی ترتان ڕۆژی دوایی مەبەست بوو بۆیە فەرمانەکەی پێغەمبەریانﷺ نەشکاند».

**موسڵمانی هوشمەن:**

**کـەوابوو نـاکۆکیو دووبـەرەکیو تەفرەقـەو پارچەپارچـەیەتیو فـرە حزبـی لـە نـاو موسـڵمانان دا، هۆکـاری سـەرەکی زەلیلـیو لاوازی موسـڵمانانەو نەهامـەتیو فەشـەل تووشـی موسـڵمانان دەکـات، نـەك موسـڵمانان سـەرکەوتوو بکـاتو زەلیلیان لەسەر لابەرێ ..**

**وەکو خودا دەفەرمووێ:**

﴿ وَأَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَلَا تَنَٰزَعُواْ فَتَفۡشَلُواْ وَتَذۡهَبَ رِيحُكُمۡۖ وَٱصۡبِرُوٓاْۚ إِنَّ ٱللَّهَ مَعَ ٱلصَّٰبِرِينَ ﴿٤٦﴾ ﴾ الأنفال: ٤٦

**واتـە: «گوێڕایـەڵی خـواو پێغەمبەرەکـەی بـنﷺ ئـەوەی خـوداو پێغەمبـەرﷺ فـەرمانتان پێـدەکات وەکـو خـۆی جێبـەجێی بکـەن، وە ئـەوەی کـە خـوداو پێغەمبـەرﷺ قەدەغـەی دەکـەن خۆتـانی لـێ بپـارێزن، وە وریـابن لەگـەڵ یـەکتر نـاکۆك مـەبنو تەفرەقـەو دوو بـەرەکی دروسـت مەکـەن، ئەگـەر نـا فەشـەل دێـننو دەدۆڕێـنو خێروبێـرو هێـزو دەسـەڵاتتان لـە دەسـت دەچـێ، وە لەسـەر پابەنـدبوون بـە فـەرمانی خـوداو پێغەمبەرەکـەی ئـارامگربنو دان بـە خۆتانـدا بنـێنو لێـی لامـەدەن، چـونکە سـەرکەوتنی خـودا لەگـەڵ ئـەو کەسـانەدایە کـە ئارامـدەگرن لەسـەر دینداری وەکو خۆی».**

**ئیمامی « ابن كثير » لە تەفسیرەکەی دا دەفەرمووێ:**

**« ولا يتنازعوا فيما بينهم أيضا فيختلفوا فيكون سببا لتخاذلهم وفشلهم».**

واتــە: «واتــە نــاكۆك مەبــەن لەگــەڵ یــەكترو دوو بــەرەكی دروســت مەكــەن، چــونكە ئــەو نــاكۆكیو دوو بەرەكییــە هۆكــارە بــۆ ئــەوەی بــدۆڕێنو فەشــەل بهێنن»[٣٠]

وە ئیمامی « الشوكاني » لە تەفسیرەكەی دا دەفەرمووێ:

«ونهاهم عن التنازع وهو الاختلاف في الرأي ، فإن ذلك يتسبب عنه الفشل».

واتـە: « ئـەم ئایەتـە نـەهی كـردووە لـە دووبـەرەكیو نـاكۆك بـوون لەگـەڵ یـەكتر، چونكە ئەو ناكۆكیو دوو بەرەكییە سەردەكێشێ بۆ فەشەل هێنان»[٣١]

**كەوابوو:**

هـەموو ئـەو پارچـە پارچـە بـوونو تەفرەقـەو دووبـەرەكیو فرەحزبییـەی كـە بـەناوی ئیـسلامەوە دروسـت بـووەو موسـڵمانانی كـردووە بـە چـەندەها پارچـەوە، هۆكـارە بـۆ زەلیـل بـوونی موسـڵمانانو فەشـەلهێنانیان، نـەك بـە پێـچەوانەوە وەكـو حزبیـەكان دەڵـێن بـوونی چـەند حـزبو لایـەنی ئیـسلامی بـۆ ئەوەیـە كـە زەلیلـی لەسـەر موسڵمانان لابەرن..

بەڕاسـتی سـەیرە تەفرەقـەو دوو بـەرەكی كـە دەردو نەخۆشـی یـە، دەیانـەوێ لـە جێگای عیلاج بەكاری بهێنن !!

پێغەمبــەر ﷺ لــە فەرموودەیــەكی تــر دا ئامــاژەی بــۆ ئــەوە كــردوو كــە نەخۆشــییەك لــە نــاو موســڵمانان دا پەیــدا دەبــێ كــە نەخۆشــی خــیلافو دوو بەرەكییە !!

---

(٣٠) تفسير ابن كثير – (٤ / ٧٢).

(٣١) فتح القدير للشوكاني – (٣ / ١٩١).

وە چارەسەرەکەشی باس کردووە کە وازهێنانە لە خیلافو دووبەرەکی، ئەویش بەوە دەبێ بگەڕێینەوە بۆ دینداری وەکو دینداری پێغەمبەرﷺو صەحابە، وە بە دوورکەوتنەوە لە هەموو بیدعەو دینداریەك کە ئەوان نەیانکردبێ...

«مَنْ يَعِشْ مِنْكُمْ فَسَيَرَى اخْتِلَافًا كَثِيرًا فَعَلَيْكُمْ بِمَا عَرَفْتُمْ مِنْ سُنَّتِي وَسُنَّةِ الْخُلَفَاءِ الرَّاشِدِينَ الْمَهْدِيِّينَ عَضُّوا عَلَيْهَا بِالنَّوَاجِذِ،وإياكم ومُحدثاتِ الأمورِ ، فإنَّ كلَّ مُحدثَةٍ بدْعةٌ، وكل بدْعَةٍ ضَلاَلَة »[٣٢].

بەلاّم دەبێ چاوەڕوانی چ جۆرە سەرکەوتنێك بکرێت لەکەسانێك کە لە جێگای دەرمانو عیلاج دەردو نەخۆشی بەکار بهێنن بۆ لا بردنی نەخۆشیەکە ؟!!

هەڵبەت کەسانێکیش لە جێگای عیلاج دەرد بەکاردێنن کە جاهیلو نەزان بنو، نە زانن نەخۆشی چییەو چارەسەریش کامەیە !!

بۆیە ئەو کەسانەش کە بوون بە پێشەنگو دەم سپیو سەرکردەی خەڵکی پارچە پارچە بوونو تەفرەقەو دووبەرەکیو فرەحزبی دەکەن بە عیلاج بۆ چارەسەرکردنو نەهێشتنی زەلیلی بەڕاستی کەسانێکی نەزانو جاهیلن بە قورئانو سوننەت..

هەوەکو پێغەمبەرﷺ دەفەرمووێ:

(٣٢)سنن ابن ماجه - كِتَاب الْمُقَدِّمَةِ- بَاب اتِّبَاعِ سُنَّةِ الْخُلَفَاءِ الرَّاشِدِينَ الْمَهْدِيِّينَ- حديث:٤٣. قال الشيخ الألباني:حديث صحيح، أنظر صحيح سنن ابن ماجة - (١ / ٤١/١٣).

« إِنَّ اللَّهَ لَا يَقْبِضُ الْعِلْمَ انْتِزَاعًا يَنْتَزِعُهُ مِنْ الْعِبَادِ وَلَكِنْ يَقْبِضُ الْعِلْمَ بِقَبْضِ الْعُلَمَاءِ حَتَّى إِذَا لَمْ يُبْقِ عَالِمًا اتَّخَذَ النَّاسُ رُءُوسًا جُهَّالًا فَسُئِلُوا فَأَفْتَوْا بِغَيْرِ عِلْمٍ فَضَلُّوا وَأَضَلُّوا».

**واتە: «خودای پەروەردگار ئەم عیلمو زانستە شەرعیە کە قورئانو سوننەتە لە ناو خەڵکی دا نایباتەوە بەهۆی بەرزکردنەوەی خودی عیلمەکە، بەڵکو نەمانی ئەو عیلمە بەوە دەبێ کە خودا زاناو عالم بە قورئانو سوننەت لە ناو خەڵکی دا ناهێڵێو دەیانمرێنێ، تاوای لێ دێت زانا نامێنێ، بۆیە خەڵکیش کۆمەڵە سەرکردەو پێشەوایەکی جاهیل دەکەن بە دەمسپیو خۆیانو شوێنیان دەکەونو، هەربۆیە پرسیاری شەرعیو کێشەی خۆیان دەبەنەوە بەر دەست ئەم جۆرەکەسانە ئەوانیش بەبێ زانستی قورئانو سوننەت فەتوا دەدەنو خۆیان گومڕانو ئەوانەش کە شوێنیان دەکەون گومڕایان دەکەن».[٣٣]**

**لەوە دەردەکەوێ ئەو تەفرەقەو پارچە پارچە بوونەی کە ئەمڕۆ دروست بووە بەناوی ئیسلامەوە سەرچاوەکەی گوێنەدانە بە «قورئانوسوننەت»لەلایەن ئەو کەسانەی کە بونەتە سەرکردەو ماموستاو پێشەوای خەڵکی.**

**جا ئەگەر کەسانێکی ئابەو جۆرە سەرکردایەتی موسڵمانان بکەنو بین بە ماموستاو پێشەواو ئەمیری خەڵکی دەبێ چاوەڕێی چ خێرێکیان لێبکرێ بۆ موسڵمانان، جگە لە تەفرەقەو پارچە پارچە بوونو سەرگەدانیو چەواشەکاری نەبێ !!**

(٣٣)صحيح البخاري – كتاب العلم باب : كيف يقبض العلم – حديث : ١٠٠.

## موسڵمانی هوشمەن:

**تاقە ڕێگەی سەرکەوتن و نەمانی زەلیلی لەسەر موسڵمانان بریتیە لە**
**گەڕانەوەی موسڵمانان بۆ ئەو دینداریەی کە پێغەمبەرﷺو صەحابە لەسەری بوون.**

ئـەو فەرموودەیـەی کـە پێـشتر باسمـان کـرد پێغەمبـەرﷺ ئامـاژەی بـۆ ئـەوە کرد کە لەو ڕۆژەدا موسڵمانان لە ژمارەدا گەلێك زۆرن ..

وە ئـەو ژمـارە زۆرەش هـەموویان موسـڵمانن و خۆیـان بـە شـوێنکەوتەی دینـیش دەزانن !! چونکە پێغەمبەر ﷺ دەفـەرمووێ: « بَـلْ أَنْـتُمْ يَوْمَئِـذٍ كَـثِيرٌ» واتـە: «ئێـوەی موسـڵمان لـەو ڕۆژەدا زۆرن». ئـەوەش بەڵگەیـە لەسـەر ئـەوەی کـە ئـەو ژمـارە زۆرە کـە پێغەمبـەرﷺ ئامـاژەی بـۆکرد هـەموویان خۆیـان بـە شوێنکەوتەی دین دەزانن !!!

بـەڵام شـوێنکەوتنیان بـۆ دیـن چ جـۆرە شـوێنکەوتنێکە ؟؟ وە پـەیڕەوی کردنیان لە دین چ جۆرە پەیڕەوکردنێکە !!

باشـە ئەگـەر موسـڵمانان ئەوەنـدە زۆرن و هەموویـشی شـوێنکەوتەی ئـەو ئیسلامەن ئیتر بۆ زەلیلن ؟؟

ئـەوە پێغەمبـەر ﷺ خـۆی نەخۆشـیەکە شـیکار دەکـات کـە نەخۆشـیەکە ئـەوە نییـە کـە ئـەوان موسـڵمان نـین یـان کـەمن، بـەڵکو دەردو نەخۆشـیەکە ئەوەیـە کـە

ئـــەوان هـــەركات مەصـــڵەحەتی دونیاییـــان لەگـــەڵ دینـــدارییان تـــێكگیرا، ئـــەوا مەصڵەحەتی دونیاییان پێش دین دەخەن !!

دەفەرمووێ :

«حُـــبُّ الـــدُّنْيَا وَكَرَاهِيَـــةُ الْمَـــوْتِ» واتـە: «خۆشەویستی دونیـاو ڕقبوونـەوە لـە مردن»(٣٤)

وە هـــەروەها پێغەمبـــەرﷺ لـــە فەرموودەیـــەكی تـــردا زیـــاتر ئامـــاژە بـــەوە دەكاتو دەفەرمووێ:

«إِذَا تَبَايَعْتُمْ بِالْعِينَةِ وَأَخَذْتُمْ أَذْنَابَ الْبَقَرِ وَرَضِيتُمْ بِـــالزَّرْعِ وَتَـــرَكْتُمْ الْجِهَـــادَ سَـــلَّطَ اللَّهُ عَلَيْكُمْ ذُلًّا لَا يَنْزِعُهُ حَتَّى تَرْجِعُوا إِلَى دِينِكُمْ».

واتــە: «ئەگــەر كــڕینو فرۆشــتنتان تێكــەڵ بــوو بــە ڕیبــاو، ســەرقاڵ بــوون بــە ئاژەڵـداریو، ڕازی بـوون بـە زەرعـاتو كێڵگـەو، وازتـان هێنـا لـە جیهـاد كـردن لـە پێنـاوی خـودا، ئـەوە خـودا زەلیلیـەكتان بەسـەردا زاڵ دەكـات لـە ئاكـامی ئـەو گوناهانـە، وە ئـەو زەلیلیـەتان لەسـەر لانابـات تـەنها بـە یـەك ڕێگـا نـەبێت، كـە بریتیە لەگەڕانەوەتان بۆ دینەكەتان»(٣٥)

فـــەرموودەی یەكـــەم پێغەمبـــەرﷺ باســـی ئـــەوەی كـــرد هـــۆكـاری زەلیلیەكـە بریتیـە لـە سـەرقاڵ بـوون بـە خۆشیەكانی دونیـاوە«حُـبُّ الـدُّنْيَا» ، وە فـەرموودەی دووەم هەنـدێك لـەو خاڵانـەی باسـكرد كـە نیشانەی سـەرقاڵ بـوونی موسـڵمانانە

---

(٣٤)سنن أبى داود -كِتَاب الْمَلَاحِمِ : بَاب فِي تَدَاعِي الْأُمَمِ عَلَى الْإِسْلَام- حديث :٣٧٤٥.قال الشيخ الألباني:حديث صحيح، أنظر السلسلة الصحيحة - (٢ / ٩٥٨/٦٤٧).

(٣٥) سنن أبى داود - كِتَاب الْبُيُوعِ- بَاب فِي النَّهْيِ عَنْ الْعِينَةِ- حديث:٣٠٠٣. قال الشيخ الألباني:حديث صحيح، أنظر صحيح وضعيف سنن أبي داود - (٧ / ٣٤٦٢/٤٦٢).

بە خۆشییەکانی دونیا: «إِذَا تَبَايَعْتُمْ بِالْعِينَةِ وَأَخَذْتُمْ أَذْنَابَ الْبَقَرِ وَرَضِيتُمْ بِالزَّرْعِ».

وە ترسان لە مردنیش ئەوەیە کە موسڵمانان دەترسن بکوژرێنو خۆشییەکانی دونیان لەدەست بچێ بۆیە هەوڵنادەن بۆ دین « وَكَرَاهِيَةُ الْمَوْتِ»..« وَتَرَكْتُمْ الْجِهَادَ».

**بۆیە:**

نەتیجەی ئەوەی کە موسڵمانان لەو ڕۆژەدا خوشیو مەصلەحەتی دونیایان پێش مەصلەحەتی دین خستووە، وە وەکو خۆی دەستیان بە دینەوە نەگرتووە، ئەوە خودا لە باتی سەرکەوتن زەلیلیان دەکات.

**موسڵمانی هوشمەن:**

گومانی تێدانییە ئەو زەلیلیەی کە ڕووی لە موسڵمانان کردووەو بوتە نەخۆشیەكو هەموو لایەکی گرتوتەوە، عیلاجو چارەسەی خۆی هەیە بۆ ئەوەی موسڵمانان لێی دەربازبنو سەرکەوتنو عزەتمەندیان بۆ بگەڕێتەوە..

**بەلاّم ئەو عیلاجو چارەسەرە دەبێ چی بێ ؟؟؟**

لێکدانەوەو قسەو باسی زۆر کراوە بۆ دۆزینەوەی چارەسەرو عیلاج !! زۆر کەس نوکی پێنوسی کول بووەو ئەوەندەی نوسیەوە لەسەر باسکردنی عیلاجی ئەو دەردە !! زۆر کەسیش ئەوەندەی ووتوە زمانی وشك بوو !!

بەلاّم لەو زۆر ووتنو زۆر نوسینە دەبێ چەندێکی حەقی پێکابێتو کتومەت عیلاجەکەی وەکو خۆی دیاری کردبێ !!

یان دەبێ چەندێك لە جێگای عیلاجو چارەسەر دەردیان بەکارهێنابێ !! یان دەبێ چەندێك کوێرانەو شەلم کوێرم ناپارێزم دەستی کردبێ بە تیماری

دەردی ئەو ئوممەتەو سەرەنجام ئەوەندەی تر ئوممەتی بەرەو زەلیلیو نەهامەتی بردبێ، بە جۆرێکی وەها کە بوردێك نەزانێ لە گۆمی هەڵدا بەسەد زانا دەرنەچێ !!

هەندێك كەس دەڵێن دەبێ بە ڕێگەی سیاسیانەو حزبیانە چارەسەر بكرێ !!! بۆیە چەندەها حزبو گروپو لایەنی دژ بەكیان دروستكردووەو هەر یەكەیان دەڵێت چارەسەر وا لە لای حزبو كۆمەڵو دەستەكەی من !!! ﴿كُلُّ حِزۡبِۭ بِمَا لَدَيۡهِمۡ فَرِحُونَ ۝٥٣﴾ المؤمنون: ٥٣.

بەلام هەندێكی تر دەڵێن دەبێ بە ڕێگەی خوێن ڕشتنو كوشتار چارەسەر بكرێ !!! بۆیە خۆتەقاندنەوەو كوشتنی بە كۆمەڵو كاولكاریو وێرانكاریو تەقاندنەوەی شوێنو جێگا حوكمیەكان بە كاری جیهادیو كرداری شەهید بوون دەزانن !!!

وە هەندێكی تر دەڵێن چارەسەر ئەوەیە كە ئەمڕۆ هەولبدەین زۆرترین جەماوەر لە دەوری خۆمانو حزبەكەمان گردەوە بكەین، ئیتر ئەو خەڵكە عەقیدەی چییەو دیندای چۆنە كێشە نییە!!! بۆ ئەوەی كە ڕۆژی دەنگدان هاتە پێشەوە بە زۆرینەی دەنگ دەسەلاتو عزەتمەندی بگێڕنەوە بۆ موسلمانانو لە زەلیلی ڕزگاریان بكەین !!!

كێشەش ئەوەیە موسلمانان چەند حزبو لایەنێكیان بۆ خۆیان دروستكردووەو سەرەتای دروست بوونی هەریەكەشیان لە مونافەسەو كێبڕكێی ئەوی تریان دا دروست بووە!! هەریەكەش ئەمیرو پێشەوایەكی خۆی هەیە !! بەلام هەریەكەیان دەستەو تاقمەكەی خۆی بە چارەسەركار دەزانیو ئەوانی تر

بــە دەردو نەخۆشــی دەزانــێ !!! ڕەحمــەت لــە پێــشیانان کــە وتوویانــە هەرکــەس لــە هەگبەی خۆی دا گوێزان دەژمێرێ !!

ئــەو شــتانەی کــە ئەوانــە بــە چارەســەریان بــینی بــە عەمــەلی تــاقی کرانــەوەو بینــران ئەوانــە کــە نــەك هــەر عــیلاج نــین‌و چارەســەریان پێنــاکرێ، بــەڵکو دەردی نەخۆشیەکەن !!!

دیــارە وەکــو پێــشتریش ئاماژەمــان پێکــرد کەســانێك کــە نــەزانن نەخۆشــی چــیەو کامەیــە، نــازانن چارەســەریش چــۆنەو کامەیــە... بۆیــە لــە جێگــای عــیلاج دەرد بەکاردێنن !!!

وە ئــەو کەســانەش کــە پارچــە پارچــە بــوون‌و تەفرەقــەو دووبــەرەکی‌و فرەحزبــی دەکــەن بــە عــیلاج بــۆ چارەســەرکردن‌و نەهێــشتنی زەلیلــی بەڕاســتی کەســانێکی نەزان‌و جاهیلن بە قورئان‌و سوننەت..

هەوەکو پێغەمبەرﷺ دەفەرمووێ:

«اتَّخَذَ النَّاسُ رُءُوسًا جُهَّالًا فَسُئِلُوا فَأَفْتَوْا بِغَيْرِ عِلْمٍ فَضَلُّوا وَأَضَلُّوا»(٣٦).

**بەڵام ئەگەر بگەڕێینــەوە بــۆلای پێغەمبــەرﷺ دەبیــنین ئــەو چارەســەرێکی تــری بــۆ ئــەو نەخۆشــییە دانــاوە، کــە چارەســەرێکی دینــی پەروەردەییــە بــۆ تەواوی موسڵمانان**...

**با گوێبگرین بــۆ پێغەمبەرەکــەمانﷺ تــاوەکو بــزانین ئــەو دەردو نەخۆشــی یە کامەیە؟؟ وە عیلاج‌و چارەسەریش کامەیە ؟؟**

پێغەمبــەرﷺ باســی ئــەو دەردو نەخۆشــییەی کــرد کــە لــە نــاو موســڵمانان دا تەشــەنە دەکــات‌و بــڵاو دەبێتــەوە کــە پارچــە پارچــە گــەرێتی‌و تەفرەقــەو فرەحزبییــە کــە هۆکاری سەرەکی‌و دەردی کوشندەی زەلیلی یە...

---

(٣٦)صحيح البخاري - كتاب العلم باب : كيف يقبض العلم - حديث : ١٠٠.

دەفەرمووێ:

« مَنْ يَعِشْ مِنْكُمْ فَسَيَرَى اخْتِلَافًا كَثِيرًا ...».

واتــە: « هەركــەس لــە ئێــوە لــە دوای منـــەوە تەمـــەن بكـــاتو بـــژی، ئـــەوا جیاوازیەكی زۆرو پارچە پارچە گەرێتی زۆر دەبینێ ..»[(٣٧)].

وە لــە شــوێنێكی تــردا باســی ئــەوەش دەكــات كــە ئــەو تەفرەقــەو پارچەپارچــە گەرێتییــە نــەك هــەر زەلیلــیو سەرشــۆڕییە بــۆ دونیــا، بــەڵكو شــەرمەزاریو ڕوو ڕەشیشە بۆ قیامەت:

« إِنَّ هَذِهِ الْمِلَّةَ سَتَفْتَرِقُ عَلَى ثَلَاثٍ وَسَبْعِينَ ثِنْتَانِ وَسَــبْعُونَ فِــي النَّــارِ وَوَاحِــدَةٌ فِي الْجَنَّةِ »

واتــە: « بــە دڵنیاییــەوە ئومەتەكــەم دەبــن حــەفتاو ســێ تــاقم و كۆمــەڵو فیرقــەو حزبــەوە، حــەفتاو دوو فیرقــەو حزبیــان ســەرەنجامی قیامــەتیان بــۆ ئــاگری دۆزەخــە، تەنها یەك دانەیان نەبێ كە بۆ بەهەشتە..»[(٣٨)].

ئــا ئــەو ژمــارە زۆرو بــۆرەی كــە پێغەمبــەرﷺ دەفــەرمووێ وەكــو كــەفو كــوڵو پــوشو پەلاشــی ســەر ئــاو وان، ئائــەو حــەفتاو دوو فیرقــەو كۆمــەڵو حزبەیــە، كــە مەصــڵەحەتی دونیــاییو پەرژەوەنــدی حزبیــان وای لــێ كــردوون كــە هــەوڵی ئــەوە بــدەن زۆرتــرین جــەماوەرو لایــەنگر لــە دەوری خۆیــان گــردەوە بكــەن، وەكــو چــۆن ئــاو پــوشو پــەلاش لــە دەوری خــۆی خــڕ دەكــات... هەڵبــەت پــووشو پەڵاشــی ســەر ئــاو

(٣٧)سنن ابن ماجه – كِتَاب الْمُقَدِّمَةِ– بَاب اتِّبَاعِ سُنَّةِ الْخُلَفَاءِ الرَّاشِدِينَ الْمَهْدِيِّينَ– حديث:٤٣. قال الشيخ الألباني:حديث صحيح، أنظر صحيح سنن ابن ماجة – (١ / ١٣/٤١).

(٣٨)سنن الترمذي الجامع الصحيح – الذبائح أبواب الإيمان عــن رســول الله صــلى الله عليــه وســلم – ما جاء في افتراق هذه الأمة حديث : ٢٦٣٢. قال الــشيخ الألبــاني:حــديث حــسن، أنظــر صحيح وضعيف سنن الترمذي – (٦ / ١٤١/٢٦٤١).

کەوتوویش هیچ وەزنێکی نییە بۆیە سەر ئاوەکە کەوتوو، هەر بۆیە ئەو ژمارە زۆرەش لەلای دوژمن هیچ وەزنو قورسایيەکی نییە...

« بَلْ أَنْتُمْ يَوْمَئِذ كَثِيرٌ وَلَكنَّكُمْ غُثَاءٌ كَغُثَاءِ السَّيْلِ وَلَيَنْزَعَنَّ اللَّهُ مِنْ صُدُور عَدُوِّكُمْ الْمَهَابَةَ مِنْكُمْ وَلَيَقْذِفَنَّ اللَّهُ فِي قُلُوبِكُمْ الْوَهْنَ... حُبُّ الدُّنْيَا وَكَرَاهِيَةُ الْمَوْتِ ».

واتە: «نا بە پێچەوانەوە لەو ڕۆژەدا ئێوە زۆرن، بەڵام وەزنتان وەکو پوشو پەڵاشو کەفو کوڵی سەر ئاو وایە، وە خوای گەورە هەیبەتی ئێوە لە دڵی دوژمنانتان دا ناهێڵێو لاوازیش دەخاتە دڵی ئێوە... خۆشەویستی دونیاو ترسان لە مردن » (٣٩)

جا پاش ئەوەی کە نەخۆشیەکەی دیاری کرد کە تەفرەقەو پەرتەوازەیيو فرەحزبیو پارچە پارچە گەڕێتی یە.. دوای ئەوە عیلاجیو چارەسەری ئەو نەخۆشیو دەردەشی بۆمان دیاری کردووە...

کە فەرمووی:

«سَلَّطَ اللَّهُ عَلَيْكُمْ ذُلًّا لَا يَنْزِعُهُ حَتَّى تَرْجِعُوا إِلَى دِينِكُمْ».

واتە: «ئەوە خودا زەلیلیەکتان بەسەردا زاڵ دەکات لە ئاکامی ئەو گوناهانە، وە ئەو زەلیلیەتان لەسەر لانابات تەنها بە یەك ڕێگا نەبێت، کە بریتیە **لەگەڕانەوەتان بۆ دینەکەتان**» (٤٠)

---

(٣٩)سنن أبى داود -كِتَاب الْمَلَاحِمِ : بَاب فِي تَدَاعِي الْأُمَمِ عَلَى الْإِسْلَام- حديث :٣٧٤٥.قال الشيخ الألباني:حديث صحيح، أنظر السلسلة الصحيحة - (٢ / ٩٥٨/٦٤٧).

(٤٠)سنن أبي داود - كِتَاب الْبُيُوعِ- بَاب فِي النَّهْيِ عَنْ الْعِينَةِ- حديث:٣٠٠٣. قال الشيخ الألباني:حديث صحيح، أنظر صحيح وضعيف سنن أبي داود - (٧ / ٣٤٦٢/٤٦٢).

کەوابوو:

**تاقە علاجو چارەسەر بۆ نەمانی زەلیلیو دەستکەوتنی سەربەزی بریتیە لەگەڕانەوە بۆ دینەکەمان** ...

**بەڵام کام دینداریە ؟؟**

وەکو پێشتریش ئاماژەمان پێکرد ئەو ژمارە زۆرەی کە پێغەمبەرﷺ باسی کردن هەموویان موسڵمانن‌و خۆیان بە شوینکەوتەی ئیسلام‌و ئەو دینە دەزانن!!

وە هەموو ئەو کەسانەش کە دەردیان لە بری چارەسەر بەکارهێنا بۆ تیمارکردنی ئەو نەخۆشییە، خۆیان بە هەڵگرو پێشەنگی دین دەزانن !!

**موسڵمانی هوشمەن:**

زۆر کەس لافو گەزافی ئەوە لێدەدات کە شوێنکەوتەی دینەو خۆی بەهەڵگری پەیامی ئیسلام دەزانیو، بانگەشەی گەڕانەوە دەکات بۆ دین !!

بەڵام خۆ بەلافو گەزاف لێدان نییەو بە ئاوات‌و خۆزگە خواستن نییەو، پێوەری ڕاستەقینە ئەوە نییە کە ئێمە لافو گەزافی ئەوە لێبدەین کە شوێنکەوتەی دینین ، بەڵکو سەنگی مەحکەم ئەوەیە ئەو دینداریەی کە پێغەمبەرﷺ مەبەستیەتی کە ئەگەر ئێمە بگەڕێینەوە بۆ سەری زەلیلیمان لەسەر لادەچێ ئایا ئێمە واین؟؟!!

**موسڵمانی ژیر:**

دروشم‌و نیشانەی زۆر ئاشکراو بەرچاو کە سەلێنەر بێ بۆئەوەی کە ئێمە لەسەر ئەو دینداریەین کە ئەگەر بگرێینەوە بۆی ، ئەوا خودا زەلیلیمان لەسەر لادەبات‌و سەرمان دەخات ئەوەیە: کە هەنگاو بە هەنگاوو بست بە بست دینداریمان کتومەت وەکو دینداری پێغەمبەرﷺ و صەحابە بێت، ئەویش بەوە دەبێ کە پابەندبین بە«قورئان‌و سوننەت»وە بەو شێوازو چۆنیەتیەی کە

**پێغەمبەرﷺو هاوەڵانی لەسەری بوون، لەگەڵ ئەوەش دا دووربین لە هەموو بیدعەو زیادەڕەویەك كە لە دین داو بەناوی دینەوە دەكرێ...**

**بۆیە پێغەمبەرﷺ كە فەرمووی«حَتَّى تَرْجِعُوا إِلَى دِينِكُمْ». هەر خۆی تەفسیری ئەو بەشەی فەرمایشتەكەی خۆیان بۆ دەكات، تاوەكو تێبگەینو بزانین چۆن پابەندبوونێك بە دینەوە لە زەلیلیو پەرتەوازەیی ڕزگارمان دەكات ..**

**دەفەرمووێ:**

« فَعَلَيْكُمْ بِمَا عَرَفْتُمْ مِنْ سُنَّتِي وَسُنَّةِ الْخُلَفَاءِ الرَّاشِدِينَ الْمَهْدِيِّينَ عَضُّوا عَلَيْهَا بِالنَّوَاجِذِ ...».

**واتە: « بۆیە ئاگادارتان دەكەمەوە دەست بگرن بەڕێگای منەوە كە «قورئانوسوننەت»ە، وە بۆ تێگەیشتنو پەیڕەوكردنی «قورئانوسوننەت» دەست بگرن بەڕێبازی خەلیفەكانی ڕاشدینەوە «صحابە»، دەستی پێوە بگرنو بە كاكیلەكانتان بیگەزنو بەری نەدەن...»[٤١].**

**وە كە پرسیاریان لە پێغەمبەرﷺ كرد دەربارەی ئەو تاكە جەماعەتەی كە خودا لە دونیادا سەركەوتوویان دەكاتو لە قیامەتیش دا لە ئاگری دۆزەخ ڕگاریان دەكات ؟**

**فەرمووی :** «هم من كان على مثل ما أنا عليه اليوم وأصحابي».

**واتە: « ئەو جەماعەتن كە لەسەر «قورئانوسوننەت»ن كتومەت وەكو ئەوەی ئەمڕۆ منو صەحابە لەسەرین»[٤٢].**

---

(٤١)سنن ابن ماجه – كِتَاب الْمُقَدِّمَةِ– بَاب اتِّبَاعِ سُنَّةِ الْخُلَفَاءِ الرَّاشِدِينَ الْمَهْدِيِّينَ– حديث:٤٣. قال الشيخ الألباني:حديث صحيح، أنظر صحيح سنن ابن ماجة – (١ / ٤١/١٣).

(٤٢)سنن الترمذي الجامع الصحيح – الذبائح أبواب الإيمان عن رسول الله صلى الله عليه وسلم – ما جاء

لێرەدا پێغەمبەرﷺ ئاماژەی بۆ دوو شتی زۆر گرنگ کرد:

**یەکەم:** سەرچاوەی متمانەپێکراو بۆ وەرگرتنی دینداری کتومەت وەکو پێغەمبەرﷺ و صەحابە.

**دووەم:** مەرجەعی متمانەپێکراو بۆ تەفسیرو لێکدانەوەی دینداری کتومەت وەکو پێغەمبەرﷺ و صەحابە.

جا کە فەرمووی:

«فَعَلَيْكُمْ بِسُنَّتِي...». واتە: « ئاگادارتان دەکەمەوە دەست بگرن بەڕێگاو سوننەتی منەوە » ڕێگاو ڕێبازی پێغەمبەریشﷺ بریتییە لە «قورئانوسوننەت». ئەمەش ئاماژەیە بۆ سەرچاوە متمانەپێکراوەکە بۆ وەرگرتنی دینداری.

کەوابوو تاقە سەرچاوەی متمانەپێکراو بۆ وەرگرتنی دینداری کتومەت وەکو پێغەمبەرﷺ و صەحابە برتییە لە «قورئانوسوننەت»:

هەروەکو لە شوێنێکی تردا دەفەرمووێ:

« تَرَكْتُ فِيكُم شَيئَينِ لَن تَضلوُا بَعدَهُمَا ماإن تَمَسَكتم بِهِمَا ، كتابُ اللهِ وَسُنَّتِي ، وَلَن يَفترِقَا حَتى يَردا عَليَّ الحوض».

واتە: «دوشتم بۆبەجێ هێشتوون ، هەرگیز پاش ئەوە گومڕا نابن و سەرتان لێ ناشێوێ ، ئەگەر دەستی پێوە بگرن، ئەو دووانەش بریتییە لە کتێبەکەی

---

في افتراق هذه الأمة حديث : ٢٦٣٢. قال الشيخ الألباني:حديث حسن، أنظر صحيح وضعيف سنن الترمذي - (٦ / ١٤١/٢٦٤١).

خـواو سـوننەت و ڕێبازەكـەی مـن ، وەلەیـەك جیانابنـەوە تادەگەڕێنـەوەلام لەسـەر حەوزەكە لەقیامەتدا»[٤٣].

وە كە فەرمووی:

« وَسُـنَّةِ الْخُلَفَـاءِ الرَّاشِـدِينَ الْمَهْـدِيِّينَ...». واتـە: « دەسـت بگـرن بـەڕێبازی خەلیفەكانی ڕاشدینەوە «صحابە»...».

ئەمـەش ئاماژەیـە بـۆ ئـەو سەرچـاوەو مەرجەعـە متمانـەپێكراوەی كـە دەبێـت تەفسیرو لێكدانەوەی«قورئان‌وسوننەت»ی پی بكرێ..

كەوابوو:

تاقـە پەناگـەو مەرجـەعی متمانـەپێكراوە بـۆ تێگەیـشتن و لێكدانـەوەی دەقـەكانی «قورئان‌وسـوننەت» بریتییـە لـە تێگەیـشتن‌و لیكدانـەوەی صـەحابەو پێشینی ئوممەت (ڕەزاو ڕەحمەتی خوایان لێ بێ).

**لەوە تێگەیشتین كە:**

ئـەو دینداریـەی كـە ئەگـەر ئێمـە بگەڕێینـەوە بـۆی خـودا زەلیلمـان لەسـەر لادەبـات‌و سـەركەوتنمان بـۆ دەگێڕێتـەوە ئـەو دیندارێیـە كـە كتومـەت وەكـو دینـداری پێغەمبـەرﷺو صـەحابەبێ، كـە سەرچـاوەی وەرگـرتنی«قورئان‌وسـوننەت»ەو، مەرجـەعی لێكدانەوەیـشی تەفـسیری صەحابەیە.

هەربۆیە فەرموویەتی:

---

(٤٣)المستدرك على الصحيحين للحاكم مع تعليقات الذهبي في التلخيص- كتاب العلم-حديث:٣٩. قال الشيخ الألباني:حديث صحيح، أنظر الجامع الصغير وزيادته - (١ / ٥٢٥/٥٢٤٨).

«هَـــذَا سَـــبِيلُ اللَّـــهِ مُـــسْتَقِيمًا...فَـــاتَّبِعُوهُ » واتـە: «ئـا ئـەو پابەنـد بوونـە بـە «قورئان‌وسـونـنەت» بـەو شـێوەیە ڕێگـا ڕاسـتەکەی خـوای پـەروەردگارە، بۆیـە ئێوەش شوێنی بکەون»[٤٤]

**موسڵمانی ژیر:**

دوای ئـەوەی کـە پێغەمبـەر ﷺ نەخۆشـیەکەی دیـاری کـردوو چارەسەرەکەشـی دەستنیـشان کـرد، ڕێگەیـەکی تریـشی بۆمـان بـاس کـرد کـە بریتیـە لـە خۆپـارێزی‌و ویقایە، کە پێویستە ئێمەش خۆمانی لێ بپارێزین‌و توخنی نەکەوین ...

کە فەرمووی:

« وإياكم ومُحدثاتِ الأمورِ ، فإنَّ كلَّ مُحدثَةٍ بدْعةٌ، وكل بدْعَةٍ ضَلاَلَة».

واتـە: « **وە ووریاتـان دەکەمـەوە**: خۆتـان بـە دووربگـرن لـەتازە گەریـەکان‌و شـتە داهێنراوەکـان لـە دینـدا کـە لـە «قورئان‌وسـوننەت»دا نییـە، چـونکە بەڕاسـتی هـەموو داهێنراوێـك بیدعەیـەو، هـەموو بیدعەیـەکیش گومڕاییـەو ئـەنجامی دۆزەخە»[٤٥].

وە ئـەو بیدعانـەی کـە لـە دینـدا دادەهێنـرێ خراپترینیـان ئەوەیـە کـە موسـڵمانان پارچـە پارچـەو بکـرێن، وە فـەرمووی سـەرەنجامی هـەموو بیدعەیـەکیش ئـاگری دۆزەخـە، هەربۆیـە فەرموویـشیەتی سـەرەنجامی هـەموو فرقـەو حزبـەکان کـە لەدینـدا دادەهێنرێ ئاگری دۆزەخە:

---

(٤٤) سنن ابن ماجه – كِتَاب الْمُقَدِّمَةِ – بَاب اتِّبَاعِ سُنَّةِ رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ –حديث:١١. قال الشيخ الألباني:حديث صحيح، أنظر سنن ابن ماجه – (١ / ١٣/ ١١).

(٤٥)سنن ابن ماجه – كِتَاب الْمُقَدِّمَةِ– بَاب اتِّبَاعِ سُنَّةِ الْخُلَفَاءِ الرَّاشِدِينَ الْمَهْدِيِّينَ– حديث:٤٣. قال الشيخ الألباني:حديث صحيح، أنظر صحيح سنن ابن ماجة – (١ / ١٣/ ٤١).

« إِنَّ هَذِهِ الْمِلَّةَ سَتَفْتَرِقُ عَلَى ثَلَاثٍ وَسَبْعِينَ ثِنْتَانِ وَسَبْعُونَ فِي النَّارِ وَوَاحِدَةٌ فِي الْجَنَّةِ »

**واتە: « بە دڵنیاییەوە ئوممەتەکەم دەبن بە حەفتاو سێ تاقم و کۆمەڵو فیرقەو حزبەوە، حەفتاو دوو فیرقەو حزبیان سەرەنجامی قیامەتیان بۆ ئاگری دۆزەخە، تەنها یەك دانەیان نەبێ کە بۆ بەهەشتە..»(٤٦).**

**بۆیە ئاوەها ئاماژەی بۆ کردووەو دەفەمووێ:**

**وریابن ئەو حەفتاو دوو فرقەیەی کە لە دوای من دروست دەبن ، بەرنامەو مەنهەجی خۆیان هەیە کە لە ڕێگا ڕاستەکە لادەدانو دەترازێن، وە هەریەکە لەو حەفتاو دوو فیرقەیە کەسانێکیان هەیە کە خەڵکی بانگ دەکەن بۆ ئەو مەنهەجەی کە خۆیان لەسەرین، سیفەتیان وەکو سیفەتی شەیتانە کە حەقو ناحەق لە خەڵکی تێکەڵ دەکەنو سەر لە خەڵکی دەشێوێنن:**

**« هَذِهِ السُّبُلُ وَلَيْسَ مِنْهَا سَبِيلٌ إِلَّا عَلَيْهِ شَيْطَانٌ يَدْعُو إِلَيْهِ ».**

**واتە: « ئەوەش ڕێگاو ڕێچکە تازە دروست بووەکانن لەلای ڕاستو چەپی ڕێگا ڕاستەکەوە دروستدەبن، وە هیچ ڕێگاو ڕێچکەیەك نییە ئیلا شەیتانێکی لەسەرەو خەڵکی بانگ دەکات بۆ ئەو ڕێگایەی کە خۆی لەسەریەتی»(٤٧)**

**« دُعَاةٌ إِلَى أَبْوَابِ جَهَنَّمَ مَنْ أَجَابَهُمْ إِلَيْهَا قَذَفُوهُ» .**

---

(٤٦)سنن الترمذي الجامع الصحيح - الذبائح أبواب الإيمان عن رسول الله صلى الله عليه وسلم - ما جاء في افتراق هذه الأمة حديث : ٢٦٣٢. قال الشيخ الألباني:حديث حسن، أنظر صحيح وضعيف سنن الترمذي - (٦ / ٢٦٤١/١٤١).

(٤٧)سنن ابن ماجه - كِتَاب الْمُقَدِّمَةِ - بَاب اتِّبَاعِ سُنَّةِ رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ -حديث:١١. قال الشيخ الألباني:حديث صحيح، أنظر سنن ابن ماجه - (١ / ١١/١٣).

**واتــە: «ئــەو شــەیتانانە كۆمەڵــە كەســانێكن كــە بــانگی خــەڵكی دەكــەن بــۆ ئــەو ڕێگــاو ڕێــچكانەی كــە دەرگــای كــراوەن بــەرەو دۆزەخ، بۆیــە هەركــەس بــە شــوێن قــسەی ئــەوان دا بــڕاوتو شــوێن پێــی ئــەوان هــەڵگرێ، ئــەوا بــەرەو دۆزەخ پەلكێــشی دەكەن»[٤٨].**

**وە پێغەمبـەر ﷺ ئامۆژگـاری بـۆ ئێمـە ئەوەیـە كـە هـەركات ئـەو فرقـەو حزبانـە دروسـت بـوون ئێمـە تـوخنی هیـچیان نەكـەوین، چـونكە دروسـت بونیـان نەخۆشـیو دەردو بـەڵاو نەگبـەتین بـۆ ئومـەتی ئیـسلام، باشـترین چارەسـەریش بـۆ دووربـوون لـە نەخوشـی خۆپاراسـتنە، تـاوەكو ئـەو ئـاگرەی ئـەوان لـە قیامـەت بـۆ خۆیـان خۆشـیان كردووە ئێمەش لووش نەدات:**

«فَاعْتَزِلْ تِلْكَ الْفِرَقَ كُلَّهَا وَلَوْ أَنْ تَعَضَّ بِأَصْلِ شَجَرَةٍ حَتَّى يُدْرِكَكَ الْمَوْتُ وَأَنْتَ عَلَى ذَلِكَ».

**واتــە: « عــیلاجو چارەســەر ئەوەیــە دوور بكەویتــەوە لــە هــەموو ئــەو فیرقــەو حزبانــەی كــە دروســت دەبــن، جــا تــا ئــەو ڕۆژەی كــە دەمریــت ئەگــەر قــەپت لــە ڕەگــی دارێك گرتبێ زۆر باشترە بۆت لەوەی تێكەڵی ئەو فرقەو حزبانە بكەیت»[٤٩]**

«وَلا تَتَّبِعُوا السُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمْ عَنْ سَبِيلِهِ» **واتـە: « بۆیـە بـە شـوێن ڕێگـاو ڕێـچكە تـازە دروسـت بووەكانـدا مـەڕۆن، ئەگـەر نـا پەرتـەوازەتان دەكـەنو لـە ڕێگـا ڕاستە دورتان دەخەنەوە»[٥٠]**

---

(٤٨)صحيح البخاري –كِتَاب الْفِتَنِ – بَاب كَيْفَ الْأَمْرُ إِذَا لَمْ تَكُنْ جَمَاعَةٌ –حديث: ٦٥٥٧ .

(٤٩) صحيح البخاري –كِتَاب الْفِتَنِ – بَاب كَيْفَ الْأَمْرُ إِذَا لَمْ تَكُنْ جَمَاعَةٌ –حديث: ٦٥٥٧ .

(٥٠) سنن ابن ماجه – كِتَاب الْمُقَدِّمَةِ – بَاب اتِّبَاعِ سُنَّةِ رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ –حديث:١١. قال الشيخ الألباني:حديث صحيح، أنظر سنن ابن ماجه – (١ / ١٣/١١).

**موسڵمانی ژیر:**

پێغەمبەرﷺ هەم دەردو نەخۆشیەکەی دیاری کرد، هەم چارەسەرو عیلاجیشی بۆ دەسنیشان کرد، وە هەم خۆپاریزی ویقایەشی ئاماژە پێکرد..

چونکە بنەبڕکردنی نەخۆشی بە دوو ڕێگە دەبێ، یەکەمیان بەکارهێنانی عیلاجو چارەسەر، دووەمیان خۆپاراستن لەو شتانەی کە هۆکارن بە تووش بوون بە نەخۆشیەکەو دەبنە هۆی زیادکردنی...

**کەوابوو**:

**ئەگەر ئێمە دەمانەوێ زەلیلی لەسەر موسڵمانان لابەرین و سەرکەوتن و عزەتمەندی بگێڕینەوە، ئەوا پێویستە ئەو ڕێگایە بگرین کە پێغەمبەرﷺ دیاری کردووە بۆمان:**

**یەکەم**: بەکارهێنانی عیلاجو چارەسەر کە دوور کەوتنەوە لێی سەرچاوەی زەلیلیەو بەکارهێنان و پابەند بوون پێوەی بنەمای سەرکەوتن و عزەتمەندییە:

کە بریتیە لە پابەندبوون بە دینەوە کتومەت وەکو ئەو دینداریەی کە پێغەمبەرﷺو صەحابە لەسەری بوو.. «هم من كان على مثل ما أنا عليه اليوم وأصحابي».

**دووەم**: خۆپاراستن و دوورکەوتنەوە لەو دەردانەی کە بنەمای دروست بوونی زەلیلیەکەن:

کە بریتیە لە دوورکەوتنەوەو خۆپاراستن لە هەموو ئەو شتانەی کە لە دیندا دادەهێنرێ و بە ناوی دینەوە دەکرێ بەلاّم پێغەمبەرﷺو صەحابە نەیان کردبێ و نەیان فەرمووبێ.. « وإياكم ومُحدثاتِ الأمورِ ، فإنَّ كلَّ مُحدثَةٍ بدْعةٌ، وكل بدْعَةٍ ضَلالَة».

لەوە تێدەگەین کە موسڵمانان کاتێك خودا حوكمی خوی دەگێڕێتەوە بۆیانو سەرکەوتوویان دەکاتو لە زەلیلی ڕزگاریان دەکات کە موسڵمانان هەموویان پێکەوە دەست بە دینەوە بگرن وەکو چۆن پێغەمبەرﷺو صەحابە دەستیان بەو دینەوە گرتبوو...

**موسڵمانی بەڕێز:**

تەنها کەسانێکیش کە هەڵگری چارەسەرو عیلاجی گونجاوو لەباربن بۆ نەهێشتنی دەردو نەخۆشی ئەو ئوممەتەو، خوداش لەسەر دەستیان سەرکەوتن ببەخشێو ببن بە هۆکاری نەمانی زەلیلیو، خودا حوكمی خۆی بگێڕێتەوە لەسەر دەستیان تەنها ئەو کەسانەن کە دینداریان کتومەت لەسەر مەنهەجی پێغەمبەرە ﷺ:

وەکو پێغەمبەرﷺ خۆی ئەو مژدە گەورەی داوە بەو کەسانەی کە هەڵگری ئەو مەنهەجەن کتومەت وەکو ئەوەی کە پێغەمبەرﷺو صەحابە لەسەری بوون:

دەفەرمووێ:

«تَكُونُ النُّبُوَّةُ فِيكُمْ مَا شَاءَ اللَّهُ أَنْ تَكونَ ثُمَّ يَرْفَعُهَا إِذَا شَاءَ أَنْ يَرْفَعَهَا، ثُمَّ تَكُونُ خِلَافَةٌ عَلَى مِنْهَاجِ النُّبُوَّةِ فَتَكُونُ مَا شَاءَ اللَّهُ أَنْ تَكُونَ ثُمَّ يَرْفَعُهَا إِذَا شَاءَ اللَّهُ أَنْ يَرْفَعَهَا، ثُمَّ تَكُونُ مُلْكًا عَاضًّا فَيَكُونُ مَا شَاءَ اللَّهُ أَنْ يَكُونَ ثُمَّ يَرْفَعُهَا إِذَا شَاءَ أَنْ يَرْفَعَهَا، ثُمَّ تَكُونُ مُلْكًا جَبْرِيَّةً فَتَكُونُ مَا شَاءَ اللَّهُ أَنْ تَكُونَ ثُمَّ يَرْفَعُهَا إِذَا شَاءَ أَنْ يَرْفَعَهَا، ثُمَّ تَكُونُ خِلَافَةً عَلَى مِنْهَاجِ النُّبُوَّةِ ثُمَّ سَكَتَ».

واتە: «ئەوەندەی کە خوا بیەوێ پێغەمبەرایەتی لە ناوتاندا دەمێنێتەوە، وە هەرکات کە خۆی ویستی لەسەر بێ پێغەمبەرایەتی هەڵدەگرێتەوە..

**پاشان سەردەمی خەلافەت دێت لەسەر ئەو مەنهەجەی کە پێغەمبەر ﷺ لەسەری بوو** ، وە چەندێك خودا بیەوێ دەمێنێتەوە، وە هەرکات ویستی هەڵیدەگرێتەوەو ئەو حاڵە دەگۆڕێ بە بارێکی تر..

پاشان سەردەمی پاشایەتی دێت کە پشتاو پشت پاشایەتی لەیەك وەردەگرن، ئەوەندەی کە خودا بیەوێ دەمێنێتەوە، وە هەرکات ویستی هەڵیدەگرێتەوەو ئەو حاڵە دەگۆڕێ بە بارێکی تر..

پاشان سەردەمی ئەو پاشایەتیە دێت کە بە زۆرو بە هێز خۆیان دەسەپێنن بەسەر دەسەلاٚت دا، ئەوەندەی کە خودا بیەوێ دەمێنێتەوە، وە هەرکات ویستی هەڵیدەگرێتەوەو نامێنیو ئەو حاڵە دەگۆڕێ بە بارێکی تر..

**دوای ئەوە خودا خەلافەت دەگێڕێتەوە لەسەر ئەو مەنهەجەی کە پێغەمبەر ﷺ لەسەری بوو**.. دوای ئەوە بێدەنگ بوو»[٥١]

**موسڵمانی بەڕێز:**

ئەگەر بە ووردی سەرنجی سەرەتاو کۆتایی ئەو فەرموودە بدەین، ئەوە فێردەبین کە ئەو خەلافەتو دەسەلاٚتەی کە بۆ موسڵمانان دەگەڕێتەوەو دەستیان دەکەوێتەوە کتومەت وەکو ئەو خەلافەتو دەسەلاٚتەیە کە صەحابەو خەلیفەکانی ڕاشدین لەسەری بوون کە هەردوو خەلافەتەکە لەسەر ئەو مەنهەجەیە کە پێغەمبەر ﷺ لەسەری بوو...

(٥١)مسند أحمد – أَوَّلُ مُسْنَدِ الْكُوفِيِّينَ –حَدِيثُ النُّعْمَانِ بْنِ بَشِيرٍ عَنْ النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ–حديث: ١٧٦٨٠. قال الشيخ الألباني:حديث حسن، أنظر مشكاة المصابيح – (٣ / ٥٣٧٨/١٦٧).

هەڵبەت تاکە کەسانێکیش دەتوانن کە ئەو خەلافەتو دەسەلاتە دووبارە بۆ موسڵمانان بگێڕنەوە کە دینداریو مەنهەجیان کتومەت وەکو دینداریو مەنهەجی ئەو کەسانی بێ کە خاوەنی خەلافەتی یەکەم بوون، کە ئەوانیش صەحابەبوونو لەسەر قورئانو سوننەت بوون کە مەنهەجو دینی پێغەمبەرەﷺ...

«حَتَّى تَرْجعُوا إِلَى دِينكُمْ».

«هم من كان على مثل ما أنا عليه اليوم وأصحابي».

« فَعَلَيْكُمْ بِمَا عَرَفْتُمْ مِنْ سُنَّتِي وَسُنَّة الْخُلَفَاءِ الرَّاشِدِينَ الْمَهْدِيِّينَ عَضُّوا عَلَيْهَا بِالنَّوَاجذ ...».

« ثُمَّ تَكُونُ خلَافَةً عَلَى منْهَاجِ النُّبُوَّة ثُمَّ سَكَتَ».

«هَذَا سَبِيلُ اللَّهِ مُسْتَقِيمًا...فَاتَّبِعُوهُ ».

بەلاّم ئەو کەسانەی کە کتومەت لەسەر ئەو مەنهەجە نین، ئەوە جگە لە دۆڕانو شکستو زەلیلی هیچیان بە قسمەت نابێ !!

بۆیە ئیتر دەبێ چاوەڕوانی چ جۆرە سەرکەوتنێك بکرێ لە دەستەو تاقمو حزبێك کە ئەوەندە گوێ بۆ «قورئانوسوننەت»دەگرن کە لەگەڵ دەقی مەزهەبەکەیانو بەرژەوەندی حزبەکەیان دا بگونجێ، ئەگەرنا سەدەها تەئویلو لێکدانەوەی نابەجێی بۆ دەکەن تاوەکو لەگەڵ خۆیان چۆنیان پێ خۆش بێ ئەوەها بیگونجێنن !!!

وە دەبێ چاوەڕوانی چ جۆرە سەرکەوتنێك بکرێت لەکەسانێك کە بەلای ڕاستو چەپدا شوێنی کوێرە ڕێچکەی تازە کەوتوون ؟؟!! دینیان پارچە پارچە کردووە بۆ مەصڵەحەت و بەرژەوەندی تاکە کەسیو حزبی خۆیان ؟؟!! بە پێی

تەقلیـــدی کوێرانـــەو شـــوێنکەوتنی ناحاڵیانـــە لێکدانـــەوە بـــۆ «قورئانوســـوننەت» دەکەن!!

**موسڵمانی بەڕێز:**

ئایـــا دەســـتگرتن بـــە دینـــەوە کتومـــەت وەکـــو پێغەمبـــەرﷺو صـــەحابە بـــەو شێوەیە دەبێ کە دین بەو شێوەیەی ئەمڕۆ پارچە پارچە بکرێ ؟؟؟

ئایـا ئـەو هـەموو پارچـە پارچـە بـوونو تەفرەقـەو دووبـەرەکیو فرەحزبیـەی کـە بـەناوی ئیـسلامەوە دروسـت بـووەو موسـڵمانانی کـردووە بـە چـەندەها پارچـەوە دینداریەکە کە کتومەت لە پێغەمبەرﷺو صەحابەوە وەرگیرابێ ؟؟

ئایـا یـاری کـردن بـە ئایەتـەکانی قورئـانو فەرمایـشتەکانی پێغەمبـەرﷺ بۆئـەوەی بـە ئـارەزووی خۆیـانو چـۆنیان پێخـۆش بـێ ئـەوەها حـەڵاڵ و حەرامـەکان دەسـت کـاری بکـەن و چیان لەبەرژەوەنـدی بـێ حـەڵاڵی بکـەنو چیان لەبەرژەوەنـدی نـەبێ حـەرامی بکـەن!!! دینداریەکـە کـە کتومـەت لـە پێغەمبـەرﷺو صـەحابەوە وەرگیرابێ ؟؟

وە ئـەو کەسـانەی کـە جەهالـەتو کـەم عیلمـی نابینـای کـردوونو هـەواوئارەزوو کەڕوکاســی کــردوون و دەیانــەوێ بــە پێــی تێگەیــشتنی خواروخێــچی خۆیــان لێکدانـەوەی نابـەجێ بـۆ «قورئانوسـوننەت» بکـەن، دینداریەکـە کـە کتومـەت لـە پێغەمبەرﷺو صەحابەوە وەریانگیرتبێ ؟؟

ئایـا تێگەیـشتنی هەرزەکارانـەو ناحاڵیانـە، لێکدانـەوەی سیاسـیو حزبیانـە، گەیانــدنی حەماســیو خەواریجیانــە ، پــەیڕەوکردنو تەقلیــدی کوێرانــە... بــۆ «قورئانوسـوننەت» ... دینداریەکـە کـە کتومـەت لـە پێغەمبـەرﷺو صـەحابەوە وەرگیرابێ ؟؟

**موسڵمانی بەڕێز:**

بخوێنـــەرەوە... بیربکـــەرەوە ... ئـــەوە قورئانەکـــەی خـــوا ... ئـــەوەش ســـوننەتی پێغەمبەرەکـــەیﷺ... ئـــەوەش تەفـــسیرو لێکدانـــەوەی صـــەحابەو پێـــشینی ئوممـــەت هـــەمووی نوســـراوەتەوەو لـــە دوو تـــوێی کتێبـــەکان دا... بـــزانن لـــە کـــوێی دا باســـی ئـــەوە کـــراوەو ڕێگـــە بـــەوە دراوە ... کـــە لەیـــەك ســـەردەمو یـــەك وڵات دا چـــەند ئـــەمیرێك هەبێ !!! هەر یەکەیان بەیعەت وەربگرێو خۆی بە ئەمیری ئیمانداران بزانێ !!!

شـــەرمەکەن ... بپرســـن... لـــە مامۆســـتاو ســـەرکردەکانتان ... بـــۆ ئـــەمڕۆ شـــتێك حەڵاڵـــە بـــۆ یـــەکێك لـــە حـــزبو لایەنـــەکان و بـــۆ ئـــەوانی تـــر حەرامـــە !! بـــەڵام ماوەیـــەکی تـــر هاوکێـــشەی حـــەڵاڵو حـــەرام بـــە گۆشـــەی ســـەدو هەشـــتا پێـــچەوانە دەبێتەوە !!!!

باشـــە بـــۆ چـــەند ســـاڵێك بـــەر لـــە ئێـــستا فـــەتووای ئـــەوە دەدرا ئـــەوەی بەشـــداری لـــە پەرلـــەمان بکـــاتو لەگـــەڵ حزبـــی عـــلمانی دانیـــشێ، ئـــەوا کـــافر دەبـــێو فـــڕی بـــە ئیـــسلامەوە نـــامێنێ !!! بـــەڵام ئـــەمڕۆ فـــەتوای ئـــەوە دەدرێ کـــە بەشـــداری کـــردن لـــە هەڵبـــژاردنو پەرلـــەمان ئـــەو شـــورایەیە کـــە خـــوا ڕێگـــەی پێـــداوە !!! باشـــە ئەگـــەر وایـــە پێـــشتر ئـــەو ئایەتـــە لـــە قورئـــان دا نـــەبوو ؟؟!! ئـــەی ئەگـــەر هـــەبوو بـــۆ پێـــشتر کـــوفر بـــوو ئێستا شورایە؟!!

باشـــە بۆچـــی چـــەند ســـاڵێك بـــەر لـــە ئێـــستا زۆربـــەی شـــارەکانی کوردســـتان بـــە «دار الحـــــرب» و وڵاتـــی کـــافرو بـــێ بـــاوەڕان دەزانـــراو حـــوکمی« دار الکفـــــر» دەدرا بەســـەریداو، هەرکـــەس کۆچـــی نەکردایـــە بۆلایـــانو باوەشـــی لـــە حـــزبو شـــاری ژێـــر دەســـەڵاتی ئـــەوان نەدایـــە، ئـــەوا بـــە کافریـــان دەزانـــیو حـــوکمی مونافیقیـــان دەدا بەســـەری دا، هـــەموو ئـــەو ئایـــەتو فەرموودانـــەی کـــە دەربـــارەی ئـــەو کەســـانەی

هاتبوونە خوارەوە کە لەگەڵ پێغەمبەرﷺ کۆچیان نەکردبوو لە مەککەوە بۆ مەدینە، کتومەت حوکمەکەییان دەدا بەسەر ئەو کەسانەدا کە کۆچی نەکردبوو لەگەڵ ئەوان دا؟!!! دەیان ووت شاری ژێر دەسەلاتی ئێمە «دار الإسلام»ەو هەرکەس کۆچو باری نەپێچێتەوە بۆ ئەم شارە ئەوا کافر دەبێو لە ئیسلام دەترازێ ؟!!!

بەلاّم ئێستا حوکمی «دار الكفر»و «دار الإسلام» بەگۆشەی سەدو هەشتا پێچەوانە بوّتەوە، ئەو شارانەی کە دوێنێ بە «دار الكفر» دادەنران ئێستا بووە بە «دار الإسلام»!! هەر وەکو ئەوان نەبن کە باسی ئەوەیان کردبێ کە کوردستان ولاّتی کافرو بێ باوەڕانە!!!!

باشە بە چ ئایەتێکی قورئانو فەرمودەیەکی پێغەمبەرﷺ کوردستان لەماوەی چەند ڕۆژو سەعاتێك دا لە «دار الكفر» گۆڕا بۆ «دار الإسلام»؟!!! دەبێ بزانین کە دیاری کردنی «دار الكفر»و «دار الإسلام» لەلای ئەوان حەزو داخوازیو بەرژەوەندی حزبیو سیاسەتە بێ شەرعیەکەی ئەوان دیاری دەکات، نەك بەڵگەکانی «قورئانو سوننەت»، خۆ ئەو کەسانەی کە دوێنی حوکمی کوردستانیان دەکردو حاکمو دەسەلاّتداربوون هەر ئەوانن‌و نەگۆڕاون!!! وە ئەو دەستوورو یاسایەش کە دوێنی حوکمی پێدەکرا هەر هەمان دەستوورو حوکمە!! وە خەڵکەکەشی هەر هەمان خەڵکن !!! کەوابوو ئەگەر بەرژەوەندیو مەصڵەحەتی حزبی گونجا ئەوە ولاّت ولاّتی موسڵمانانە، ئەگەر نا نەك هەر دەسەلاّتدار کافر دەکەن، بەڵکو خەڵکانی موسڵمانی ژێر ئەو دەسڵاتەش بە ئاگری دەسەلاّتداردا لووش دەدەن‌و تەواوی دانیشتوان‌و خەڵکی هەژارو بێ دەسەلاّت کافر دەکەن!!! پێشینان ئەگەر ئەمانەیان ببینایە لەبری بانێك‌و دوو

هـەوا، حاشـایان لـەو وتـە دەکـردو دەیـان ووت بانیـكو سـەد هـەوا.. خوێنـەری بـەڕێز خۆت هەڵیسەنگێنەو بڕیاربدە لەسەر ئەو بانو سەد هەوایە..

خوێنـەری بـەڕێز بـیر لـەوە بکـەرەوە چـەند سـاڵێك بـەر لـە ئێـستا بانگەشـەی جیهـاد دەکـرا دژی حزبـەکانی کوردسـتانو فـەتوای ئـەوە دەدرا کـە تـەواوی ئـەو حزبانـەو ئـەوەی لەگـەڵیان بـێ کـافرو بـێ بـاوەڕەو کوشـتنیان حەلاڵـەو دەبـێ جیهادیـان لەگـەڵ بکـەین، وە هەرکەسـیش بەشـداری ئـەو بـەناو جیهـادەی ئـەوانی نەکردایـە ئـەوا حـوکمی ئـەو مونافیقانـەی بەسـەردا دەدرا کـە لەسـەردەمی پێغەمبـەرﷺ بەشـداری جیهادیـان نـەدەکرد.. وە دەیـان ووت دەبـێ بـە هـۆی ئـەم جیهادەوە کۆتایی بە کوفرو کافران بهێنرێو لە کوردستاندا بوونیان نەمێنێ!!!

بـەڵام ئێـستا هـیچ بـاسو خواسـێکی ئـەو جیهـادە نـەماوەو کۆتـایی پێهـاتووە، بـە بڕیـارێکی مەکتـەب سیاسـی مەکتـەب عەسـکەری هەڵوەشـێنرایەوەو موجاهیدان بوونو وجوودیان نەماو ناویان چووە مۆزەخانەی تأریخەوە..

بـەڵام ئێـستا نـەك هـەر جیهادیـان ناکـەنو کـافرو بـێ بـاوەڕنین، بـەڵکو بـراو دۆسـتی یـەکترنو هەرسـاڵەو لەگـەڵ یـەکێك لـەو حزبەنـەدا هاوپـەیمانی دەبەسـتنو دەستی دۆستایەتیو پێکەوە ژیان لە ملی یەکتر دەکەن..

نـەك هـەر ئەوەنـدە بـەڵکو سـەرکردەی ئـەو حزبانـەی کـە تـا دوێـنێ بـە کـافرو تـاغوتو بێ باوەڕیـان دادەنـا، ئێـستا بـە ئاشـکرا لەکـەناڵی ئاسمانیـەکانی خۆیانـەوە دوعای تەمەن درێژیو لەش ساغیان بۆ دەکەن!!!

ئایـا حزبـەکانی کوردسـتانو سـەرکردەکانیان کـە پێـشتر کـافرو تـاغوت بـوون ئێستا موسڵمانان بوونو شایەتمانیان هێناوە ؟؟؟!!!

یــاخود موســڵمانان بــوونی خــەڵك و كــافر كردنیــان ڕاوەســتاوە لەســەر بەرژەوەندی حزبیو مەصلەحەتی دونیاییان؟؟

خــۆ ئەگــەر بەرژەوەنـدی حزبیــان لەگەڵیانــدا بگــونجێ ئــەو بــرای یــەكترنو باســی پێكــەوە ژیــانو یــەككتر قــەبوڵكردن دەكــەن، بــەلاّم ئەگــەر مەصــڵەحەتی حزبیــان نەگونجێ، ئەوا باسی كوفرو ئیمان دەكەن !!!!!!!!!!

بــۆ تــا ئێــستا پرسـیارتان نــەكردووە؟؟؟... تــا دوێــنێ لەگــەڵ حزبێكــی عــلمانی دا هاوپــەیمانیان كردبــوو دەیــان ووت ئــەوە نــەك هــەر حەلاّڵــە، بــەڵكو واجبێكــی دینیــە!!! بــەلاّم ئــەمڕۆ دەڵــێن ئــەوە كـوفرو ئیـسلامەو شـایەتی دانـەو بـزانن شـایەتی ئێوە دەچێتە گیرفانی چ لایەنێكەوە !!!

ڕووگیر مـەبن بپرسـن .. بزانن قسەی لـەوە نابـەجێترو بـێ مانـاترو بـێ سـەرو بـەرە تـر هەیـە: كـە بگـوترێ ئەگـەر دەنـگ بـە لایەنەكـەی ئێمـە نـەدەن حـەقی خۆمانـە لـە قیامـەت لـەلای خـودا شـكات بكـەینو بڵـێن دەنگیـان بـە ئێمـە نـەدا !!! باشـە ئەگـەر دەنگدرا بـە تـۆ خـۆ ئـەوانی تـریش هـەر ئیـسلامین ئەگـەر بـۆ تـۆ ڕەوابـێ لـە قیامـەت شـكات بكـەی، بـۆ ئـەوانی تـریش هـەر ڕوایـە !!! جـا وەلاّمـی شـكاتی كامتـان بدەینەوەو لەسەر مافی كامتان خودا موحاسەبەمان بكات ؟؟؟!!!

لــەوەش ســەیرو ســەمەرەترو بــێ شــەرمانەتر ئەوەیــە: كــە لــەكاتی هەڵبژاردنــدا حزبەكـەی خۆیـان دەچـواند بــە كەشـتیەكەی پێغەمبــەر «نــوح» ﷺ و دەیــان ووت هەركـەس لەگـەڵ حزبەكـەی ئێمـە بـێ، ئـەوا ڕزگـاری دەبـێ، ئەمـە خـۆی بـۆ خـۆی ئـەو پــەڕی جەهالــەتو بــێ ئاگــای ئــەوان دەردەخــات، چــونكە مانــای وایــە ئەگــەر كەســێك دەنگــی بــەوان نەدایــە، ئــەوا غــەرق دەبــێو لــە نــاو دەچــێ، هەرچــەندە ئەگــەر دەنگــی بــە حزبێكــی ئیــسلامی تــریش بدایــە!!! ئــەها دوو كەوتنــەوە لــە «قورئــانو ســوننەت»

ئینسان چۆن گێژو وێژ دەكاتو لە ئینسانی دەیشواتەوەو سەرسمی چۆتی پێ دەدات، ئەها عەبدایەتی كردن بۆ حزبو هەوەس بازیو دونیاویستی ئینسان چۆن كەڕوكاسو نابینا دەكات!!!!

ئەوەی كە دوێنێ بە كافر دەزانراو ئاماژە بۆ ئەوە دەكرا كە ئەگەر دەنگی پێ بدرێ كافربوونو لەئیسلام دەرچوونە !! خۆ ئەمڕۆ خۆیان بە شانازییەوە هەڵیان بژادوو كردیان بەگەورەی خۆیان!!! بە «قورئانوسوننەت» هەڵیسەنگێنن ...

ئاخر ئەم بانو دوو هەواییەی كە بە ناوی دینەوە دەكرێ لە كوێی «قورئانوسوننەت»دا جێگەی دەبێتەوە !!!!

**موسڵمانی بەڕێز:**

پێغەمبەرﷺ ئەوەی فێرمان كرد كە ئەگەر دەست بەرداری بیدعەو شتەداهێنراوەكان نەبین كە بەناوی دینەوە دەكرێ، چاومان بەسەر كەوتن ناكەوێ..

باشە ئەگەر كەڕو كاس بوونو مەصڵەحەتو بەرژەوەندی پەرستی نەبێ... بە چ عەقڵێكەوە دەیانەوێ بە بیدعەو شتی داهێنراو زەلیلی لابەرنو سەركەوتن بگێڕنەوە !!!

ئەو هەموو بیدعەو داهێنراوەی كە ئەو دەستەو تاقمانە برەوی پێدەدەنو كردوویانە بە بنمای كاروچالاكیان هەر لە بیدعەی مەولودەوە بیگرە تا گەورەترینی ئەو بیدعانەی كە ئەوانی لوشداوە، بیانوویان بۆ ڕەوابوونی ئەوەیە دەڵێن ئەوە بۆ مەصڵەحەتی دەعوە بەكاریدێنین !!! باشە ئەمە دینێكە كە لە «قورئانوسوننەت»وە وەرگیرابێ؟؟؟ یان دینێكە لە چاولێكردنی كوێرانەو شوێنكەوتنی ناحاڵیانەوە وەرگیراوە ؟؟؟ هەڵبەت كەسێك دینداری وەكو

پێغەمبەرﷺو صەحابە نەبێ !!! ئەوەی پێغەمبەرﷺ بە دەردو نەخۆشی ناساندبێ، ئەو بۆ چارەسەرو عیلاج بەکاری دێنێ !!!

**موسڵمانی بەڕێز:**

پێغەمبەرﷺ گەڕانەوەی بۆ دین بەوە لێکدایەوە کە وەکو خۆیو صەحابە لەسەری بوون «هم من كان على مثل ما أنا عليه اليوم وأصحابي»...

بەڵام ئایا گەڕانەوە بۆ ئەو دینداریەی کە پێغەمبەرﷺو صەحابە لەسەری بوون، ئەوەیە کە ئەمڕۆ لە کەناڵە ئیسلامیەکان دا دەبینرێ !!!!

ئایا مۆسیقا ژەنینو زوڕنا لێدانو گۆرانی ووتنو تێکەڵ کردنی کچو کوڕ بە ناوی دینەوە !!! دینداریەکە کتومەت لە پێغەمبەرﷺو صەحابەوە وەرگیرابێ ؟!!!!

دابەزاندنی مسەلسەلاتو فلمی شیعە کە پڕە لە شیركو کوفرو هاوارکردن بە حسینو، وە پڕە لە دڵداری کردنو پەیوەندی خۆشەویستی کچو کوڕ لە ژێر پەردەی حیجاب دا، دینداریەکە کتومەت لە پێغەمبەرﷺو صەحابەوە وەرگیرابێ !!!! یان دینداریەکە لە دینی شیعەکانەوە وەرگیراوە !!!

وە ئەو هەموو ناشەرعیو تاوانەی کە بە ناوی دینەوە دەکرێ !! ئەو هەموو ئافرەتو کچە گەنجانەی لە ژێر پەردەی حیجاب دا کە لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردندا کۆڵان بە کۆڵانو شەقام بە شەقام بە سەیارەو ئۆتومبێل گێژ دەدرانو ئالای ڕەنگاو ڕەنگیان پێ هەڵدەدرا !! دینداریەکە کە کتومەت لە پێغەمبەرﷺو صەحابەوە وەرگیرابێ !!!! یان لە ئەوروپاو غەربەوە وەرگیراوە؟؟!!!

وە بـــڵاو كردنـــەوەی وێنـــەی ئافرەتـــانو بـــە كارهێنانیـــان بـــۆ پڕوپاگەنـــدەی هەڵبـــژاردن !! هەڵواســـینی وێنـــەی ئافرەتـــانی حیجـــاب پـــۆش بـــە هـــەموو كونوقوژبنێكی شارو ولاٌتدا لە كوێی «قورئانوسوننەت» جێگەی دەبێتەوە !!!

**موسڵمانی بەڕێز:**

ئەگـــەر ئـــەو كـــردارو ڕەفتارانـــە لەگـــەڵ «قورئانوســـوننەت»و دینـــداری پێغەمبـــەرﷺو صـــەحابەدا بـــەراوردی بكـــەیت، جـــا ئایـــا عـــیلاجو چارەســـەرن یـــان دەرد و نەخۆشین ؟؟؟!!!!

هەڵبـــەت كەســـێك ئەگـــەر بـــە «قورئانوســـوننەت» ئاشـــنا بـــێو، هـــەواو ئـــارەزوو نابینـــاو كـــوێری نـــەكردبێو، مەصـــڵەحەتو بەرژەوەنـــدی دونیـــا زمـــان بەســـتراو لاڵـــی نـــەكردبێ و، جەهالـــەتو كـــەم عیلمـــی كـــەڕو كاســـی نـــەكردبێ: ئـــەوا بـــە ئیمـــانو ویژدانەوە دەڵێ:

سوێند بـە خـوا ئیـسلام لـە دۆڵێكـەو ئـەوانیش لـە دۆڵێكـی تـر !!! ئـەوان لـە بـری دەرمان دەیانەوێ بە دەرد تیمارمان بكەن !!!

# كۆتا قسەم

تاكە ڕێگای سەركەوتن‌و بە دەستهێنانی عزەتمەندی‌و نەمانی زەلیلی بریتیە لەوەی كە دینداری‌و دەعوەو بانگەوازمان لەسەر ئەم دووخاڵەو بۆ ئەم دووخاڵە بێ:

**یەكەم**: بانگ كردنی خەڵكی بۆ «**تەوحید**»و یەكخواپەرستی‌و ، دوور خستنەوەیان لە هەموو جۆرەكانی شیرك‌و هاوبەش بۆ خوادانان بە گەورەو بچوكییەوە..

**دووەم**: بانگ كردنی خەڵكی بۆ «**ئیتیباع**» كە هەنگاو بە هەنگاو بست بە بست دینداریمان كتومەت وەكو دینداری پێغەمبەرﷺ و صەحابە بێت، ئەویش بەوە دەبێ كە پابەندبین بە«قورئان‌و سوننەت»ەوە بەو شێوازو چۆنیەتیەی كە پێغەمبەرﷺو هاوەڵانی لەسەری بوون، لەگەڵ ئەوەش دا دووربین لە هەموو بیدعەو زیادەڕەویەك كە لە دین داو بەناوی دینەوە دەكرێ...

جا ئەگەر ئەو دوو خاڵەمان كرد بە چەقی دەعوەو سوڕگەی بانگەوازمان، ئەو كاتە بیروباوەڕ و دینداری‌و ڕەوشتی موسڵمانان پاكدەبێتەوە لە دیاردەكانی شیرك و كوفر و بیدعەو تاوان، وە ئاینەكەشمان پاك دەبێتەوە لە بیدعە و بۆچونە داهێنراوەكان .

وە هەركات ئەو دوو خاڵە بوو بە مەبەستی سەرەكیمان لە بانگەوازدا، ئیتر بیرو هۆشی ڕەسەنی ئیسلامی لەژێر ڕۆشنایی«قورئان‌و سوننەت»دا و لەسەر ڕێ وشوێنی پێشینانی چاكی ئەم ئومەتە زیندوو دەبێتەوە، بەوەش برایەتیەكی پتەوی ڕاستەقینە لەسەر بناغە فراوانە جێگیرەكەی ئیسلام دادەمەزرێ و دەمارگیری مەزهەبی و حیزبی نامێنێ كەزاڵ بووە بەسەربیرو

هۆشـی زۆرێـك لـه موسـڵمانان و بۆتـه مایـەی پارچـه پارچـه بوونیـانو تەسـك كردنەوەی برایەتی و هاوكاریان لەچوار چێوەیەكی تەسكی مەزهەبیو حیزبیدا.

هەر بۆیە لەوەشەوە ژیانێكی ئیسلامیانە لەسەر ڕێبازی ڕەسەنی پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵە بەڕێزەكانی دەستەبەر دەبێو كۆمەڵگەیەكی خواویست ئەهلی تەقوا لەسەر زەوی بنیات دەنرێ و حوكمی خوا لە ناو موسڵمانان دا زیندوو دەبێتەوە لەسەر مەنهەجی پێغەمبەرﷺ..

ئیتر خوداش سەركەوتنمان بۆ دەگێڕێتەوەو لە زەلیلی ڕزگارمان دەكات ....

داواكارم لە خوای بەبەزەیی و بە ڕەحم كە لەم كارەمدا بە ئیخلاص و ئەو مەبەست بوون بەهرەمەندمی كردبێ.... بە ئیتباع و شوێنكەوتنی پێغەمبەرەكەی ﷺ ڕێزدارمی كردبێ ..... وە لە پیسایی ڕیاو غەیری ئەو مەبەست بوون خاوێنمی كردبێ..... لە كوێرە ڕێچكەی بیدعەو شوێنكەوتنی غەیری پێغەمبەرەكەیﷺ ڕزگارمی كردبێ ...

دكتۆر

كاوە ئەكرەم سەنگاوی

سلێمانی/ نەخۆشخانەی گشتی سلێمانی/ خانەی پزیشكان «دار الأطباء»

شەوی دوو شەممە

٢٠١٠/٤/٢٠

## بەرهەمی چاپکراوەکان:

**فقهی شەرعی ئافرەتان**
**تایبەت بە ئەحکامی خوێنەکان**

**نوسینی**
**د.کاوە ئەکرەم سەنگاوی**

**حەرامکراوەکان**
**خەڵکی فەرامۆشی کردوون**
**پێویستە لێیان بە وریابین**

**وەرگێڕانی**
**د.کاوە ئەکرەم سەنگاوی**

## چاوەڕانی ئەم بەرهەمانە بن إنشاء اللّه :

**چرای ڕێگای دینو ژیان**
**بۆ ژنو مێردی موسڵمان**

**نوسینی**
**د.کاوە ئەکرەم سەنگاوی**

**شوێنەواری ڕەشی تاوان**
**لەسەر جەستەو دڵی ئینسان**

**نوسینی**
**د.کاوە ئەکرەم سەنگاوی**